# بۆپێشەوە
FORWARD
بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە


دۆسیەی ژمارە: لەشکرکێشی دەوڵەتەکانی تورکیاو ئێران، هۆکارو ئاکامەکانی...

چەند دیمانەیەک لەگەڵ عیرفان کەریم، بێریڤان محەمەد، دڵوار ڕێبوار لە لاپەرەکانی 12-13-14دەخوێننەوە...


سالی چوارەم، ژمارە (79) 15/7/2020 | بلاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە | مانگی دووجار، لە (1)و(15)ی هەموو مانگێکدا دەرئەچێت


# پێویستە خواستی ڕامالینی دەسەلات بەزوویی بگۆڕدرێت بە بزوتنەوەی هەلپێچانی تەواوی دەسەلاتی بۆرژوا- ناسیونالیستی کورد!

## بەرزو بەرێز بێت بیستەمین سالیادی پۆلێک ئینسانی کۆمۆنیست... کە بەدەستی بەلتەجیەکانی یەکێتی نیشتیمانی و بە سەرپەرشتی باوکی هەژاران!!“ نەوشیروان مستەفا“، ژیانیان لێ سەندرایەوە...



١٤/٧/٢٠٠٠پۆلێک ئینسانی کۆمۆنیست و ئینسان دۆست، لەلایەن هێزە چەکدارە راسپێردراوەکانی یەکێتی نیشتمانیەوە، بەرۆژی روناک و لەناوشاری سلێمانیدا، بە پێی بەرنامەیەکی پێشتر نەخشە بۆ کێشراو، گوللە باران کران. ئەم پۆلە ئینسانە کۆمۆنیستە رێگەیان پێنەدرا، دوا نیگای ماڵئاواییان ئاراستەی ئازیزانیان، بکەن. چونکە بەعس ئاسا لەتاریکی شەودا، ژێر خاک خران و پرسە بۆ دانانیان، یاساغ کرا.
بەرزو بەرێز بێت یادی خەباتکارانەتان.

## دیمانەیەکی تایبەت لەگەڵ فوئاد سادق سەبارەت بە هێرشی یەکێتی نیشتیمانی و هۆکارو کاریگەییەکانی لەسەر بزوتنەوەی کرێکاری و کۆمۆنیستی لە لاپەرە 10_11... دەخوێننەوە...

## بەڵگەنامەی نۆکەر پیشەیی و هێرشی یەکێتی بۆسەر کۆمۆنیستەکان..ل10

## وتەی ژمارە

پیویستە خواستی رامالینی دەسەلات ببێتە بزوتنەوەیەکی ریکخراو و جەماوەری لە ئاستی کۆمەلایەتیدا!

خواستی ڕامالینی دەسەلات بۆتە مەسەلەی ڕۆژ. ئەگەر لەسالانی رابردوودا بزوتنەوەی نارەزایەتی جەماوەری لە دەوری خواستی وەستانەوە بەرووی دزی و گەندەلی، چاکسازی، لەدەوری خزمەتگوزارییەکان، عەدالەتی کۆمەلایەتی، ئازادی و موچە... تەوەرەی بەستبوو، ئەوا ئێستا لەپاڵ خواستی موچەو خزمەتگوزارییەکاندا، خواستی ڕامالینی دەسەلاتی سێ کوچکەی پارتی و یەکێتی و گۆڕان و سەرجەم دەسەلاتی بۆرژوازی کورد بۆتە مەسەلەیەکی سەرەکی. ئەگەر تا سالێک لەمەوبەر چاوەڕوانیەک لەلایەن بەشێک لە جەماوەری کوردستان مابێت بۆ چاکسازی، ئەوا ئەوەش کۆتایی پێهاتوە. لە ئێستادا باسی چاکسازی تەنها لەلایەن دەسەلاتی سیاسی و هێزە بەشدار و تالانچیەکانی بزوتنەوەی کوردایەتی و خێلی قەلەم فرۆش و بازرگانانی سیاسییەوە رمێنی ماوە، بەلام ئەمەش ناوەڕۆکی جارانی لەدەستداوە. ئەگەر پێشوو تر باسی چاکسازی لەلایەن دەسەلاتی سیاسیەوە، هەولێک بوو بۆ ئارایشدانەوەی دەسەلاتی بزوتنەوەی کوردایەتی، هەولێک بوو بۆ لەخشتەبردنی جەماوەرو بۆ خامۆشکردنەوەی دەنگی نارەزایەتی و لە چاوەڕوان راگرتنیاندا، ئەوا ئێستا باسی چاکسازی هەولێکی بەرگریکارانەیە بۆ پاراستنی دەسەلات، هەولێکە بۆ ڕاگرتن و دوورخستنەوەی ڕاپەرین و شوڕش.
لە هەلومەرجی ئێستادا، هات و هاواری چاکسازی نەدەتوانێ کەس فریوبدات و نەدەتوانێت

بۆ لاپەرە ٢



## دەبێ دەستبەجێ قارەمان شوکری ئازاد بکرێت؟...ل2



## دەروێش و موریدەکانی...ل3

## سەبارەت بەدیکتاتۆری پرۆلیتاریا...ل3

## کرانەوەی ڕازەکانی ژیانێکی باشتر...ئامادەبن بۆ ڕاپەرین...ل4

## پەتای کۆرۆنا و جەنگی جیهانی سێهەم ل5

## قەیرانی سیاسی کوردستان و ئایندەی ناوچەکە..ل6



پرسی ژن ؟ ل 6

گۆشەی ئەدەب و هونەر ل7,8

## مێژوو لە دوو دەریچەوە شەبەحەکە دەگەرێتەوە، لەبارەی هێرشی یەکێتی بۆسەر کۆمۆنیزم...ل10

بۆپێشەوە
FORWARD
بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە



## وتەی ژمارە

دەسەڵاتیش له تورەیی جەماوەری و ڕاپەڕین، رزگار بکات.

ئەگەر پێشووتر هێزیکی ساختەی وەکو بزوتنەوەی گۆڕان یان ئیسلامیە قورمیشکراوەکان، خۆیان بە پرسی چاکسازییەوە هەڵواسیبوو، ئێستا ئەو هێزانە ناوەڕۆکی دژە چاکسازی و ڕووی بەرگری لەدەسەڵاتی بۆرژوازی کوردیان، بەکردەوە دەرکەوتووە. ئەو پرۆژە چاکسازیانەی خرانە ڕوو، نیشانیاندا پرۆژەیەک نین بۆ کەمترین ئاڵوگۆر لە ژیانی چینی کرێکار و کارمەند و نەدارانی کوردستاندا. نیشانیاندا کە ئەم پرۆژانە پرۆژەی گێرانەوەی داهاتی نەوت و فرۆشی نەوت، خاڵە سنورییەکان، داهاتی ناوخۆ و تەنانەت پرۆژەی کەم کردنەوەی جیاوازی خەیاڵی نێوان ئۆردی وەزیرو راوێژکارەکانیان، ئەندام پەرلەمان و بەڕیوەبەرەگشتیەکان، لیستی ساختەی هەزاران خانەنشینی پلەی باڵا... لەگەڵ کریکاران و کارمەند وموچەخۆرانیش نییە. هەروەها خزمەتگوزارییەکان، لە ئاو و کارەباوە بۆ سلکی تەندروستی و خویندن و ریگاو بان... لەرەوتێکی خێراتری روو لە داڕماندان. باسێک لە گێرانەوەی سەدان هەزار دۆنم لەزەوی نییە، کە لایەن حزبەکانی دەسەڵات و بەرپرسەکانیانەوە دەستیان بەسەردا گیراوەو تەنانەت مردوەکانیشیان، سەدان هەزار دۆنم زەویان داگیر کردووە. وە ئەو راستیە دەرکەوت و سەلمایەوە کە دەستبردنی دەسەڵات و حزبەکانیان بۆ چاکسازی بەرجەستەو جدی، دەسەڵاتیان و پایەکانی دەسەڵاتیان دەرمێنێت... بۆیە چاوەروانی جەماوەری لەدەسەڵات بۆ ئەوەی چاکسازی بکات، بە کۆتا گەیشتووە و دەسەڵاتیش سەلماندی چاکسازی ناکات.

بێ ئومێد مانەوەی جەماوەری ملیۆنی و بێبەشی کوردستان، لە بانگەشەی چاکسازی دەسەڵات و نەتوانینی دەسەڵات بۆ هەنگاونان بۆ کەمترین چاکسازی، تەکانی بەرجەستەی بە چوونەپێشەوەی بزوتنەوەی ناڕەزایەتی جەماوەری و بردنە سەری تورەیەکانیان داوە. هاوکات لە مەیداندا نەمانی ئۆپۆزیسیۆنی بۆرژوازی کە بتوانێت جڵەوەی بزوتنەوە نارەزایەتی بکات و خەون و ئاواتی جەماوەری ناڕازی بکاتە پرد و بەردەبازی گەیشتن بەدەسەڵات، تەکانێکی تری بەبزوتنەوەی نارەزایەتی جەماوەریداوە، کە پێ لەسەر تواناییەکانی خۆی و ئیرادەی خۆی رابگرێت و بەدوای ئاسۆ و ئامانجی سەربەخۆی خۆیەوە بێت. ئەمەش خۆی بۆتە ترسێکی واقعی دەسەلات.

ئەگەر بزوتنەوەی گۆڕان شەپۆلی نارەزایەتی جەماوەری لەساڵی ٢٠٠٩ دا، بە کۆمەڵیک بانگەشەوە پاکیجیەوە، دەستەمۆ کرد و توانی سواری شەپۆلی نارەزایەتی جەماوەری ئەوکاتە بێت، لەئێستادا هێزێکی تر لە خانەوادەی بۆرژوازی کورددا، ئامادەیی رزگارکردنی دەسەلاتی لە راپەڕین و شۆرش، نییە.

بەجیا لەوە کە هەم دەسەڵات بەبن بەستی تەواو لە درۆی چاکسازی گەیشت و جەماوەری کریکار و زەحمەتکێشیش چاوەروانیەکیان لەدەسەلات نەماوە دەست بۆ چاکسازی. نەبوونی باڵ و هێزیکی بۆرژوازی بەهیزیش لە ئارادانییە ببێتە فریادرەسی دەسەڵات و دەسەڵات لەدەست تورەیی جەماوەری و چوونە پیشی خەباتەکەی بۆ راماڵین، رزگار بکات. ئەمەش ئاڵوگۆڕیکی گەورەی لەهاوسەنگی هێز لەنێوان دەسەڵات و بزوتنەوەی نارەزایەتی جەماوەری بە سودی کرێکاران و زەحمەتکێشان و تەواو جەماوەری تینوی ئازادی و خۆشبەختی و پیکهێناوە.

ئاڵوگۆر پێکهاتن له هاوسەنگی هێزی جەماوەری ناڕازی کوردستان، لەگەڵ دەسەڵاتی سیاسی و ئۆپۆزیسیۆنە دەستەمۆکراوەکەی، چوونەسەری ئاستی نارەزایەتی جەماوەری، گۆرانی خواستی جەماوەری لە چاکسازی و خزمەتگوزارییەکانەوە بۆ خواستی راماڵینی دەسەڵات، رێگای لەبەردەم بزوتنەوەی کریکاریی و جەماوەری و هیزی رزگاری بەخشی ئەوان، کردۆتەوە بەهێز و توانایەیەکی بەهێزەوە بێنە مەیدانی ئەو بەرامبەرکێییەی ریشەیەکی چینایەتی بەهیزی هەیە، ئەم واقعیەت و ئاڵوگۆرە بەرجەستەیەی لە واقعیەتی سیاسی کۆمەڵایەتی و چوونە پیشی بزوتنەوەی نارەزایەتی جەماوەیدا پێکهاتووە، پایەکی بەهیزو سەرەکی بۆ ئامادەیی کۆمۆنیزم ئەلتەرناتیفی کۆمۆنیستی خولّقاندووە. وە بواری کردۆتەوە کە کۆمۆنیستەکان ئەرکی راماڵینی ئەم دەسەڵاتەو دامەزراندنی دەسەڵاتێکی نوێ، ئەزموونێکی نوێ، قەوارەیەکی نوێ بگرنە ئەستۆ و ئامادەی ئەو نەبەردە بن.

ئەگەرچی ئەم ئاڵوگۆڕ و بەرەپێشەوەچوونەی بزوتنەوەی نارەزایەتی جەماوەری بۆ ڕاماڵینی دەسەڵات، بەرهەمی کاری رێکخراو و ئامانجدارانەی چەپ و کۆمۆنیستەکان نییە، بەڵام ئەگەر هیزی چەپ و کۆمۆنیزم، ئامادەییەکانی بباتە سەرەوە و وەکو یاریچیەکی کارا بێتە ناو گۆڕەپانەکە و تەرح و پرۆژەی خۆی بۆ ئێستای کۆمەڵگە و ریگاکانی گۆڕینی خواستی راماڵین بۆ بزوتنەوەیەکی جەماوەری ڕاماڵین و خستنەڕووی ئەم هەنگاوانەی لەو راستایەدا دەبێ بەدەستەوە بگیرێت، بخاتە ڕوو، دەتوانێت کۆمۆنیزم بکاتە هیزیکی گەورەو کاریگەر تا رادەی بوون بەهیزی یەکەمی کۆمەڵگەی کوردستان.

دەتوانین بلێین هەرگیز هەلومەرجی سیاسی کوردستان وەک ئێستا بۆ کۆمۆنیزم و هێزی کۆمۆنیزم ئامادەنەبووە. دەسەڵاتی سیاسی ناسیونالیزم و ئۆپۆزیسیۆنە بودەڵەکەی بەتەواوی ریسوا بووە، ئێستا ئیتر کاتی هێرشی لێبراوانەی هێزی چینی کریکار و کۆمۆنیزمە... مەرجێکی سەرەکی ئەم هێرش بردن و ڕاماڵینی دەسەڵاتە کە چەپ و کۆمۆنیزم داینەمۆی بێت، بەندە بە ئامادەیی رابەری کۆمۆنیستی، بەندە بە دەستبردنی کۆمۆنیزم بۆ وەڵامدانەوە بە پرسیارە گرنگ و چارەنووسازەکانی کۆمەڵگە... بەندە بۆ دەستبردنی بۆ ریکخراوکردنی چینی کریکار لە ئاستی جەماوەری و حزبیدا.

بەهەر ئەندازە هەنگاو بۆ رێکخراوکردنی کریکاران و بزوتنەوە کۆمەڵایەتیەکانی تر لە کارگەو ناوەندەکانی بەرهەمهینان و شوێنی ژیاندا هەڵبگیرێت، هاوسەنگی هێزی ئێستا زۆرتر بەسودی بزوتنەوە نارەزایەتی کریکاری و جەماوەری دەگۆرێت و بەهەمان ئەندازە خواستی راماڵینی دەسەڵات، بە کردەوە دەگۆرێت بۆ بزوتنەوەی راماڵێنی دەسەڵات. هاوکات بوونی ئەلگۆ و فۆرمەکانی رێکخراوبوون و جیگیرکردنیان لە ئیستاوە زەمانەتی جێگرتنەوەی دەسەڵاتی بۆرژوازی مەیسەر دەکات و رێگا نادات لەدوای راماڵینی دەسەڵاتەوە بۆشایی ئیداری و حکومرانی دروست ببێت.

# دەبێ دەستبەجێ قارەمان شوکری ڕیکانی ئازاد بکرێت؟

دوو هەفتەیە قارەمان شوکری ڕۆژنامەنووس بەهۆی بڵاوکردنەوەی ڤیدیۆی خۆپیێشاندانی نارەزایەتی جەماوەری شێلادزی لەدژی ملهوری و دەستدرێژی سەربازی و بۆردومانی فرۆکەکانی تورکیا، لەلایەن دەزگا ئەمنی و نۆکەرانی پارتییەوە دەستگیر کراوە، و چارەنووسی نادیارە.



پارتی دەیەوێت لە ڕێگای دەستگیرکردنی هەڵسواروان و کەسانی دیاری خۆپیشاندانەکان، لەلایەکەوە وەفاداری و نۆکەرپیشەیی خۆی پیشانی دەوڵەتی تورکیای ملهورو داگیرکەر بدات و لەلایەکی تریشەوە سەرجەم هەلسوڕاوان و رابەرانی خۆپیشاندان و نارەزایەتیە جەماوەرییەکان چاوترسێن بکات.

ئەم رەفتارەی پارتی بەجیا لەوەی پشتیوانی ئاشکرایە لە لەشکرکێشی تورکیا، نیشاندانی بێباکی پارتیشە لەو هەموو زیانە گیانی و مادییانەی بەر جەماوەری ناوچەکە دەکەوێت و ئیرادەی سیاسی خەڵکی کوردستان دەشکێنێ.

پارتی بەرپرسە لە سەلامەتی و چارەنووسی قارەمان شوکری و پێویستە لە ڕێگای بزوتنەوەی نارەزایەتی جەماوەری و لەرێگای گوشارهێنانی بەرەی ئازدیخوازی کوردستانەوە ناچار بکرێت، کە قارەمان شوکری ئازاد بکات و ریگەی لێبگیرێت دەست بۆ هەلسوراوان و رۆژنامەنووسان و رابەرانی بزوتنەوە نارەزایەتییەکان ببات و لە چوارچیوەی نۆکەر پیشەیەکەیدا، پشتیوانی لە ملهوری و لەشکرکیشی تورکیا، بکات.

## لە بۆپێشەوەوە

* بابەتەکانی بۆپێشەوە، جگە لە"کۆشەو تەوەرەی تایبەت" بەگشتی تەعبیر لەخەتی سیاسی و فکری و دونیابینی کۆمۆنیزمی مارکس و کۆمۆنیزمی کرێکاریی دەکات.

* بۆ پێشەوە، هیچ بابەتێک بڵاوناکاتەوە، کە پێشتر لەشوێن و کەناڵی بینراو وبیستراو و نووسراودا... بڵاوبوبێتەوە.

* بابەتی بڵاوبووەوە لە بۆپێشەوەدا، ئەوکاتە لەلایەن خاوەنەکەیەوە مافی بڵاوکردنەوەی هەیە، کە لە بۆپێشەوە بڵاوبوبێتەوە. راسپاردەی بۆپێشەوەیە، کە خاوەنی بابەتەکە ئاماژە بەناو و ئەو ژمارەی بۆپێشەوە بدات، کە بابەتەکەی تیادا بڵاوبۆتەوە.

* درەنگ ناردنی بابەتەکان، لەکاتی ڕاگەیەندراوی خۆیدا، شانسی بڵاوبونەوە لەدەست دەدات.

* ئەولەویەت بۆ بابەتی کورتە.

* هیچ بابەتێک بە زمانەکانی عەرەبی، فارسی، ئینگلزی... وەرناگرێت و خاوەنی بابەتەکان بەرپرسن لە وەرگێرانیان بۆ زمانی کوردی...

* بۆپێشەوە بەرپرس نییە لە هەڵەی ئیملایی و رێنووسی ئەو بابەتانەی بۆی دێت... هەڵبرێ ئەرکی خاوەن بابەتەکانە...

**ئەگەر هێزی چەپ و کۆمۆنیزم، ئامادەییەکانی بباتە سەرەوە و وەکو یاریچیەکی کارا بێتە ناو گۆڕەپانەکە و تەرح و پرۆژەی خۆی بۆ ئێستای کۆمەڵگە و ڕێگاکانی گۆڕینی خواستی ڕاماڵین بۆ بزوتنەوەیەکی جەماوەری ڕاماڵین و خستنەڕووی ئەم هەنگاوانەی لەو ڕاستایەدا دەبێ بەدەستەوە بگیرێت، بخاتە ڕوو، دەتوانێت کۆمۆنیزم بکاتە هێزێکی گەورەو کاریگەر تا ڕادەی بوون بەهێزی یەکەمی کۆمەڵگەی کوردستان...**

بۆپێشەوە
FORWARD بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە

# سەبارەت بە دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا

نووسینی: لینین
وەرگێران لە ئینگلیزیەوە: سالار حەمە سەعید

ئەم وتارەی لینین لە دوهەمین ساڵیادی سەرکەوتنی شۆڕشی بەلشەفیکدا نووسراوە کە بڕیار بوو بە شێوەی نامیلکەیەک بنووسرێت، بەڵام نەیتوانی تەواوی بکات و بەپێنج بەش نووسی. ئەمەی خوارەوە بەشی پێنجەمی ئەم وتارەیە کە باس لەو قۆناغە ڕاگوزەرە دەکات لەنێوان سەرمایەداری و سۆشیالیزم دا.

سۆشیالیزم یانی نەمانی چینایەتی. دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا ئەوەی لە توانایدا بووە کردوویەتی بۆ نەهێشتنی چینایەتی، بەڵام چینەکان بەیەک زەربەو بەیەکجار لەناو ناچن. تەواوی چینەکان هێشتا ماون و دەمێنن لەسەردەمی دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریادا. دیکتاتۆریەت زەرورەتی نامێنێت کاتێک چینەکان لەبەرچاوگووم دەبن، بەبێ دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا لەبەرچاو ون نابن.

چینەکان ماونەتەوە، بەڵام لەسەردەمی دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریادا هەموو چینەکان دووچاری گۆڕانکاری بوون، هەروەها پەیوەندی نێوان چینەکان گۆڕانکاریان بەسەرداهاتووە. خەباتی چینایەتی لەسایەی دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریادا لەبەین ناچێت، تەنها شکڵ و شێوەی جیاواز لەخۆدەگرێت .

لەژێر سایەی دەسەڵاتی سەرمایەداریدا چینی پرۆلیتاریا چینێکی زۆرلێکراوبوو، چینێک کە لەهۆکانی بەرهەمهێنان مەحروم کرابوو، تەنها چینێک بوو کە ڕاستەوخۆ و بەتەواوی دژی بۆرژوازی وەستابووەوە، هەر بەوپێیە تەنها چینێکە کە تائەوپەڕی کۆتایی بتوانێت شۆڕشگێڕ بێت.

پاش سەرنگوومکردنی بۆرژوازی و دەسەڵاتی سیاسی، پرۆلیتاریا بۆتە چینی دەسەڵاتدار، دەوڵەتی گرتۆتە دەست، هۆیەکانی بەرهەمهێنانێک کە کۆمەڵایەتی بووە کۆنترۆڵ دەکات و ڕێنمایی و ڕێبەری پێکهات و چینە لەرزۆک و مام ناوەندەکان دەکات. هەروەها بەرگری سەرسەختانەی ڕوو لەزیادبووی چەوسێنەران تێکدەشکێنێت. هەموو ئەمانە ئەرکە تایبەتەکانی خەباتی چینایەتییە، ئەرکێک کەپرۆلیتاریا خۆی لەوەوپێش ئەنجامی نەداوەو نەیتوانیوە دیاری بکات.

چینە ستەمکارەکان، خاوەن زەوی و زار و سەرمایەدارەکان، لەناونەچوون، بەڵام بەیەکجاری لەبەرچاو وننابن لەژێر سایەی دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریادا. ستەمکارەکان تێکشکێنراون، بەڵام لەناونەبراون، هێشتا بنکە و بنەمای نێودەوڵەتیان ماوە بەشێوەی سەرمایەی نێودەوڵەتی کە خۆیان بەشێکن لێی. هێشتا بەشێک لە هۆکانی بەرهەمهێنانیان بەدەستەوەیە و هێشتا سەرمایەیان هەیە و هێشتا پەیوەندی کۆمەڵایەتی بەرفراوانیان هەیە. لەبەرئەوەی شکستیان خواردوە، وزە و ئینێرژی بەرگریکردنیان سەدان و هەزار بەرامبەر زیادی کردووە. "هونەر"ی دەوڵەتداری و ئیدارەکردنی سەربازی و ئابووری باڵادەستی دەدات بەم چینە ستەمکارە شکستخواردوە، باڵادەستییەکی ئێجگار زۆر و بەراورد نەکراو، گرنگی و ئەهەمیەتیان لە گرنگی ڕێژە و ژمارەی زۆری دانیشتوان زیاتر و گەورەترە. ئەو خەباتە چینایەتییەی کە چەوسێنەران و ستەمکارانی شکستخواردو بەرپایانکردوە دژ بە پێشڕەوانی ستەم لێکراو و سەرکەوتوو واتە پرۆلیتاریا، دژوارتر و دەردناکترە کە هاوتای نییە. وە لە ئەگەری شۆڕشدا شتێکی تر نابێت جگە لەمە، مەگەر ئەو تێگەیشتنە بگۆڕدرێ بە وەهم و خەیاڵاتی چاکسازی ( هەروەک لەگەڵ تەواوی قارەمانانی ئینتەرناسیۆناڵی دووەم ڕوویدا ).

سەرەنجام، جوتیاران وەک وردە بۆرژوازی بەگشتی، ڕێوشوێنی مام ناوەند و جێگە و ڕێگەی نیوەڕێیان هەیە لەسایەی دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریادا: لەلایەکەوە ئەوان خەڵکانێکی زەحمەتکێشی تابلێی زۆرن (لە ڕووسیایەکی دواکەوتوو و زۆر گەورەدا) کە بەرژەوەندی هاوبەشی گشت زەحمەتکێشان یەکیاندەخات بۆ ڕزگارکردنی خۆیان لەدەست خاوەن زەوی و زار و سەرمایەدارەکان، لەلایەکی ترەوە، ئەوان خاوەن کار و کۆمپانیای بچووک و موڵکدار و بازرگانی پەرتەوازەن. لەوەها بارو ڕەوشێکی ئابووریدا ناچار دەبێتە هۆی ڕاڕایی و دوودڵییان لە نێوان پرۆلیتاریا و بۆرژوازیدا. بە ڕەچاوکردنی ئەو شێوازە سەختە لەخەباتی نێوان ئەم دوو چینە و بەپێی ئەو تێکشکانە ئێجگار بێ وێنەیەی پەیوەندیە کۆمەڵایەتییەکان هەروەها بەهۆی دڵبەندبوونی ئێجگار زۆری جوتیاران و وردە بۆرژوای بەگشتی بە هەرچیەک کە کۆن و نەگۆڕ و ڕۆتین بێ. زۆر ئاساییە کە لە دوودڵی و ڕاڕایی لەمبەرەوە بۆ ئەو بەر بیانبینین و لەرزۆک و ناپایەدار و نادیار دەرکەون.

سەبارەت بەم چینە، یاخود ئەم پێکهاتە کۆمەڵایەتیانە، پرۆلیتاریا دەبێت هەوڵبدات کە کاریگەری و نفووزی خۆی بەسەریاندا ڕابگرێ، بۆ ڕێبەری و ڕێنمایکردنی، بۆ ڕێبەریکردنی ئەو ڕاڕایی و دوودڵی و ناجێگیریە، ئەمە ئەرکی پرۆلیتاریایە. ئەگەر بێتو تەواوی ئەم هێز و چینە بنەڕەتیانە و پەیوەندیە نێوخۆییەکانیان بەراورد بکەین، هەروەک لەلایەن دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریاوە دەستکاری کراوە، تێدەگەین کە چەندە بیرۆکە و ئیدەی وردە بۆرژوازی پووچە کە وەسف ناکرێ و تەواوی نوێنەرانی ئینتەرناسیۆناڵی دووەم هاوڕان لەگەڵیدا، کە بەگشتی گواستنەوە بۆ سۆشیالیزم دەکرێ و ئیمکانی هەیە "لە ڕێگەی دیموکراسی"یەوە کە بێ مانا و ناماقووڵە و لە ڕووی تیۆریەوە گەوجییە. چاوگی سەرەکی ئەم هەڵەیە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو لایەنگریەی کە بە میرات ماوەتەوە بۆ بۆرژوازی کە' دیموکراسی' شتێکی موتڵەق و لەسەرووی چینەکانەوەیە. لەڕاستیدا، دیموکراسی بە قۆناغێکی نوێدا تێدەپەڕێ لەژێرسایەی دیکتاتۆریەتی



پرۆلیتاریادا، وە خەباتی چینایەتی بۆ ئاستێکی باڵاتر بەرزدەبێتەوە کە زاڵ دەبێت بەسەر هەموو شکڵ و شێوازەکاندا.

باسکردنی ئازادی و یەکسانی و دیموکراسی بەشێوەیەکی گشتی لەڕاستیدا تەنها دووبارەکردنەوەی کوێرانەی ئەو چەمکانەیە کە بەهۆی پەیوندییەکانی بەرهەمهێنانی کاڵاوە شکڵ و شێوەیان گرتووە. هەوڵدان بۆ چارەسەرکردنی کێشە کۆنکرێتیەکانی دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا لەڕێگەی ئەم شتە گشتییانەوە وەک قبوڵکردنی کۆی تیۆری و پرەنسیپەکانی بۆرژوازیە.

لە ڕوانگەی پرۆلیتاریاوە مەسەلەکە تەنها بەم شێوەیە دەکرێ بخرێتە ڕوو: رزگاربوون لە زوڵم و ستەم لەلایەن کام چینەوە؟ یەکسانی کام چین لەگەڵ کام چیندا؟ دیموکراسی لەسەر بنەمای خاوەندارێتی تایبەتی یا لەسەر بنەمای خەبات بۆ نەهێشتنی خاوەندارێتی تایبەتی؟ وە هەتا دوایی.

زۆر لەمەوبەر ئەنگڵز لە "ئەنتی دۆهرینگ" ەکەیدا ڕوونیکردۆتەوە کە چەمکی "یەکسانی" لە پەیوەندیەکانی بەرهەمهێنانی کاڵاوە شکڵ و شێوەی گرتووە. یەکسانی دەبێتە لایەنگری و جیاکاری ئەگەر بەمانای لەنێوبردن و نەهێشتنی چینەکان دەرک نەکرێ.

ئەم ڕاستیە بنەماییە سەبارەت بە جیاوازی نێوان چەمکی بۆرژوا-دیموکراسی و چەمکی سۆشیالیستی بۆ یەکسانی بەردەوام فەرامۆش دەکرێ. بەڵام ئەگەر لەیادنەکرێ شتێکی ڕوونە کە بە سەرنگوومکردنی بۆرژوازی، پرۆلیتاریا چارەنووسسازترین هەنگاو دەنێت بەرەو نەهێشتنی چینایەتی، وە بۆ تەواوکردنی پرۆسەکە پێویستە پرۆلیتاریا بەردەوام بێت لە خەباتی چینایەتی و سوود وەرگرتن لە دەزگای دەوڵەت و گرتنەبەری ڕێگەوشوێنی جیاوازی بەرەنگاربوونەوە و کاریگەری دانان و ژێرەوژووکردنی بۆرژوازی و وردە بۆرژوای دوودڵ و ڕاڕا.

**** "ئابووری و سیاسەت لە سەردەمی دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریادا" نووسینی ڤلادیمیر ئیلیچ لینین ٣٠ ئۆکتۆبەری ١٩١٩ لە هەڵبژاردەکانی لینین چاپی ئینگلیزی.**

# موریدر و دەروێشەکانی

بەدوای مردنی شیخ محەمەد کەس نەزانی لە ئەمریکا، دەروێشەکانی، ئەو ئینسانانەی هۆشیان لێ سەندراوەتەوە، بەوپەڕی بێ هۆشییەوە، مۆڵ بوون، ڕاسان، سنوریان بڕی و بۆ پیشوازی لە شێخی تەسەلیان بە باخەڵی بەتاڵەوە سەدان کیلۆمەتریان تەی کردو بە قەمەو شمشێر و چەقۆوە خۆیان کرد بە کوردستانی عێراقدا، تیکەڵی ڤایۆرسی کۆۆڕۆنا بوون و وەکو جووتە




بەڵایەک بەربوونە شارو کەشی کۆمەڵایەتی هاوڵاتیانیان شێواند.

دەسەڵاتی سیاسی کە پایەکی دەستگرتنە بە کۆنەپەرستی و خورافەی ئیسلامییەوە، ڕێگای بۆ واڵاکردن و ئەوەی بۆی کیشە نەبوو ئەو نمایشەی چەقۆ و قەمە و شمشیرە بوو بەدەست هەزاران دەروێشەوە، لە ناو فەزای کۆمەڵایەتیدا. ئەم جەنابانەی دەسەڵات و سۆشیال دیموکراسی!! لەگەڵ هەر خۆپیشاندانێکی جەماوەیدا بازگەکان دەگرن بەرووی هەڵسوروان و چالاکوانانی و رابەرانی خۆپیشاندان و نارەزایەتیەکانداو دەستگیریان دەکەن کە داوای نان و ئازادی و عەدالەت و خزمەتگوزاریی و موچەکانیان دەکەن، کەچی ڕێگا لە ڕەوەیەک ئینسانی هۆش لیسەندرواو بەنجکراو، ناگرن کە شمشیر و قەمە بەدەستن و ئەم حاڵەتە تەواو ناکۆکە بە دنیای سەردەم شارستانی، میشکی قوفلدروایان بە کۆنەپەرستی و خورافە نابزوێنێ.

سەیرە باسی مەترسی کۆڕۆنا و ڕیکارە تەندروستیەکان دەکەن و هەر بەو پاساوەش ڕێگری لە کۆبونەوەو نارازایەتی جەماوەری دەگرن، کەچی بۆ نمایشی دەسەڵات و بۆ هەزاران دەرویش باسێک لە ڕێکاریی تەندروستی و مەترسی بڵاوبوونەوەی زیاتری کۆرۆنا ڤایرۆس نییە.

هەندێک نووسەر و بەناو لایەنگری لە ئازادی دینداری، لایەنگر لە ئازادی مەراسیم و نمایشی و بۆنەی دینی، ئەم حاڵەتە بە حالەتێکی سروشتی و پەیوەندی ئەو دارویشانە بە ڕیبازێکی دینی دەزانن و وابەستەیان بە خواداوە مەزەندە دەکەن، بێ ئەوەی لەوە تێبگەن، نمایشی چەقۆ و شمشیر لە کەشی کۆمەڵایەتیدا دەبێتە مایەی ترس و هەراسانی بۆ کۆمەڵگە... ئازادی دینداری و مەراسیمی دینی و مەزهەبی بەو مانایە ئازادە کە سایە نەخاتە سەر کۆمەڵگە، هەراسانی دروست نەکات، ترس بڵاونەکاتەوە.. لەسەدەمی ئەزمەی تەندروستی و کۆڕۆنا ڤایرۆسدا ئەزمەکە قوڵ نەکاتەوە مەترسی توشبوونی هاوڵاتیان بە فایرۆسەکە زیاد نەکات... هەرکەس و گروپێک ئازادە پیادەی ڕێوشوێنە دینی و مەزهەبیەکانی بکات، بەڵام بەو مەرجەی کەشی کۆمەڵایەتی نەشیوێنی و توندوتیژی و ترس بڵاونەکاتەوە.

بۆپێشەوە
FORWARD بلاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە

# کرانەوەی ڕازەکانی ژیانێکی باشتر... ئامادەبن بۆ ڕاپەڕین



عبدالرحمن رەسوڵ

## بەشی پێنجەم

کۆمەڵگەی کوردستان لەناوگێژاو وقەیرانێکی پڕ کارەساتاویدا دەگوزەرێت، لەهەر کات و سات خەڵک بەگشتی لەدڵەڕاوکێی هەبوون وهاتنەکایەوەی کارەسات و ڕووداوی ناخۆشدا دەگوزەرێت. ئەمە لەئێستا و لە ڕابردووش هەروابووە لەوانەیە بۆ داهاتووش هەروابێت ئەگەر خەڵک تێکۆشان بۆڕاگرتن و نەمانی ئەم کارەسات و کێشەو قەیرانانە نەکات. لەئێستا زیاتر قەیرانە ئابوورییەکان لەکۆمەڵگەدا زەق بۆتەوەو بۆتە مەترسییەکی گەورە لەسەر ژیانی خەڵک، بەڵام کێشەی بنەڕەتییەکە کێشەو قەیرانەکان لەکێشەی ئابووری دا خۆی دەبینێتەوە لەشێوازدا، بەڵام لە ناوەڕۆکدا هۆکاری ئەم کێشەو قەیرانانە نەبوونی ئیدارەدانێکی پێشکەوتو و عەدالەتخوازو ئازادیخوازە، چونکە سەرجەم کێشەو گرفتەکانی خەڵکی کوردستان و کۆمەڵگەکانی تریش لەکارگەی سیستەم و دەسەڵاتەوە بەرهەم دەهێندرێن دواتر دەخرێنە ناوکۆمەڵگەوە لەوێشەوە بۆسەر سفرەی خانەوادەکانی کرێکاران و زەحمەتکێشان. هەروەک کارل مارکس باس دەکات کە زێدەبایی چۆن دروست دەبێت: کرێکاران لەئەنجامی کارکردنیان حەقدەستی تەواوی خۆیان وەرناگرن (دەچێتەگیرفانی خاوەن کارو سەرمایەدارانەوە و بەزۆربێ یان بەدزی) بەشێکی کەپێی دەوترێ (زێدەبایی کار /فائض قيمة العمل) دەچێت بۆ خاوەنکارەکان و دەبێتە هۆی کەڵەکەبوونی سەرمایە لای سەرمایەداران. بەم کۆکردنەوەی دزییە کە بەرهەمی کاری کرێکارانە پارەی خاوەنکار و سەرمایەداران زیاد دەکات ڕۆژانە. ئەمە کرۆکی سەرمایەداری و ئابووری سەرمایەدارییە، کە لەسەربناغەی دزی و ڕاو ڕووت و چەتەیی و تاڵانی گەشە دەکات، دۆزینەوەی ئەم تیورییە کە بنەمای سەرمایەداری و ئابوورییەکەی لەسەر دروست بووە و دامەزراوە. لەژێر ڕۆشنایی ئەم تیۆرییەی کارڵ مارکسەدا وردبینی و لێکۆڵینەوە بۆچۆنێتی دەوڵەمەندبوون سەرمایەداربوونی سەرجەم بەرپرسە حکومی و پەرلەمانی و حیزبییەکان بکەین لەباشووری کوردستان بەدرێژایی تەمەنی ئەم جۆرە دەسەڵات وسیستەمە کوردایەتییە کەپارێزەرانی بەناوی کوردایەتی ودەسەڵاتی خۆماڵییەوە خەڵکی کۆمەڵگەیان بەزۆر ملکەچی چەوسانەوەو بێمافییەکان کردووە، ئەوجا بۆمان دەردەکەوێت کەئەمانە چ جۆرە دزو مافیاو چەتەیەکن بە درێژایی دەسەڵاتیان. خودی سیستەمەکەیان بۆگەنی کردووە پێویستە بگۆڕدرێت لەبناغەوەو دەربهێندرێت لەلایەن خەڵکی تێکۆشەری ناڕازی کۆمەڵگەوە ئەمەش بە ڕاپەڕین و شۆڕش دەکرێت لەبەشەکانی داهاتوودا وردتر باسی دەکەم.

بەرپرسەکانی حیزبەکانی دەسەڵات دزییان نەکردبایە هەرگیز بەوجۆرە نەدەبوونە سەرمایەدار و خاوەن کۆمپانیای بازرگانی، کۆمەڵگەی کوردستان لە ڕوویی کەرەستەی خاوی بازرگانی و بەرهەم هێنانەوە زۆر دەوڵەمەندە، لەڕوویی هەبوونی نەوت غازەوە زۆر دەوڵەمەندە، لەڕوویی هەبوونی زەوی کشتوکاڵی و شوێنی گەشت و گوزارەوە زۆر زۆر دەوڵەمەندە، بەڵام لەڕوویی ئیدارەدانی کۆمەڵگەوە لەڕوویی کارگێڕی و ئیدارەدانی پێشکەوتوویی ئینسانییەوەو لە جۆری بەڕێوەبردنەوە ناتەواو ونادروستە، کەپشتیان بە فەلسەفە و فکری سەرمایەداری قازانج خوازی و دزیکردن بەستووە. بناغەی سیستەمەکەیان لەسەرئەساسی فێڵ و دزی وجیاکاری وچەوسانەوەو سەرکوتکردن و هەژاری و بێکارکردنی خەڵک وەستاوە، واتە بە هەموو جۆرێک دوورە لەهەموو بنەماو فکرێکی ئیدارەدانی مرۆڤایەتی و شارستانی و پێشکەوتووی سەردەم. هەتاوەکو لەدەسەڵاتدابن ئەم چەتەو دزانە هەر دزی دەکەن، هەروەک دەڵێن خووێک یان هەڵسوکەوتێک بەشیری فێربوون تەرکی ناکەن بەپیریی! پێویستە ئەوەش بڵێم ئەم جۆرە سیستەمە چەوسێنەرە هەرگێز بەچاکسازی وڕیفۆرم ناگۆڕێت، چونکە خودی ئەنجامدانی چاکسازی و ریفۆرم لەدەسەڵات خۆیان لەناودەبات ئەمەش لەبەرئەوەیە هەموویان دزن کەوایە هەتا بمێنن خەڵک سەرکوت دەکەن و دزی دەکەن و خەڵک بێکارو هەژار دەکەن. ئەمانە زۆر بەشیدەترو دڕندانەتر لەسیستەمی سەرمایەداری جیهانی پێشکەوتوو خەڵکی کۆمەڵگەی کوردستان ئازار دەدەن و دەی چەوسێنەوە و بێمافی دەکەن و هەژار و بێکاری دەکەن لەبەرئەوەی بەرپرسەکانی دەسەڵاتی باشووری کوردستان لەناو فەرهەنگ و قوتابخانەی پەروەردەی خێڵ وعەشیرەت پەروەردەی ئیداری و سیاسی کراون، کەباگراوندێکی قۆناغی فیودالی ودەرەبەگایەتی هەیە، نموونەیەکی دیاری کراو ئەوەیە پاشگری خێڵ و بنەماڵەکەیان بەناو و کردەوەیانەوە هەیە، جۆری ململانێ کانیشیان ناوەڕۆکی فیودالی لەخۆ دەگرێت بۆیە دەرئەنجام کردەوەی زۆر دڕندانە و دژە ئینسانیانە لەدژی خەڵکی ناڕازی بەچەوسانەوە و هەژاری و بێکاری وگەندەڵی و دزی ئەنجام دەدەن. هەربۆیە کارڵ مارکس ڕاست دەکات چونکە سەرمایەداران بەبێ دزی و فێڵکردن ناتوانن بەوجۆرە دەوڵەمەندبن و ببنە سەرمایەدار. قازانج و بازرگانی جۆرەکانی سوود و نرخ و ئاڵوگۆر هەمووی لاوەکین ناگەنە ئەوەی کە جێی زێدەبایی کار بگرنەوە بەمەش کارل مارکس وەک گەورەترین بیرمەند پاش لێکۆڵینەوە و بەدواداچوون لەکۆمەڵگای جیهانی لە روویی ئیدارەدان و جۆری بەڕێوەبردنەوە بەو ئەنجامە گەیشت کە سەرمایەدار و خاوەنکار بەهۆی سیستەمی چەوسێنەرەوە دەرگاکانی دزی وگەندەڵییان بۆ دەخرێتە سەرپشت کە دەتوانن بەئارەزوویی خۆیان دزی وسەرکوت بکەن و مرۆڤەکان دووچاری چەوسانەوە و ستەمکاری دەبن لەبەرئەوەی پارێزەرانی دەسەڵاتی ملهوڕی چەوسێنەر ئەمەش بەیاسا و دەستووری حکومەتەکەیان لەپەڕلەمانەکەیان دەنگی پێ دەدەن و دەیانکەنە یاسایی کارپێکراو بەزۆر و بەجۆری سەرکوت جێبەجێی دەکەن، ئەمەش بۆئەوەیە کەبەفەرمی ڕێگاو کار ئاسانی بەچەوسانەوەی کرێکاران و خەڵکی زەحمەتکێش و دەست فرۆشان بدەن. ئەگەر لێکۆڵینەوە لەشیوەو جۆری ژیانی مرۆڤەکانی سەدەکانی ڕابردوو بکەین خودی هەبوونی بازرگانیکردن بەکۆیلەکان بەپێی یاساکان ڕێکخرابوو لەلایەن دەوڵەت و دەسەڵاتە ملهوڕە چەوسێنەرەکانەوە.. بەدرێژایی دەسەڵاتی کوردایەتی لەباشووری کوردستان ئەم سەرمایەدارو بازرگان و خاوەن کۆمپانیاکان ئایا بەسرووشتی وبەبێ دزی وفێڵ دەوڵەمەندبوون ؟ بێگومان نەخێر، ئایا سەرمایەداربوونی سەرۆکی حکومەت و سەرۆکی هەرێم و وەزیرو ئەندام پەرلەمانەکان و سەرۆکی حیزب و ئەندامی مەکتەبی سیاسی و سەرکردایەتی و خزم وکەسوکاریان بەبێ فێڵ ودزییە، لەکاتێکدا خەڵکی کرێکارو زەحمەتکێش لەبێکاری و هەژاری وبرسێتی دا ژیان دەگوزەرێنێت لەجۆری مەمرەومەژی یان لەنێوان مردن و ژیانی سەختدا دەگوزەرێنێت، ئەمە گەورەترین جیاوازی چینایەتی نییە کە بەرێگای ئیدارەدانی چەتەیی و دزی ومافیایی و گەندەڵی دروست بووەو ناخی هەر مرۆڤێکی کوردستانی وێران دەکات. دەبێت لەشوێنێک پێیان بگوترێت ئیتر بەسە ئەوجا نۆرەی دەسەڵات و ئیدارەدانی خەڵکە. کارڵ مارکس بۆڕزگاری لەچەوسانەوەش کرێکاران وهەژاران وزەحمەتکێشان، تیوری شۆڕشگێرانەی دانا کەباسی لەگرینگی و پێویستی یەکبوون و هاوخەباتی چینی کرێکارو چەوساوەکانی کۆمەڵگەکان دەکات کەدەڵێت (کرێکارانی جیهان یەکگرن!) چەوساوەکان و کرێکاران پێویستیان بە تیوری شۆڕشگێڕانە و زانستی هەیە بۆ دیاریکردنی دوارۆژی خۆیان و ڕزگاری یەکجارەکی. پێویستە لەڕێگای شۆڕش و ڕاپەڕینەوە لەڕەگەوە ئەم نیزام وسیستەمە چەوسێنەرو بۆگەنە بگۆڕن لەکوردستان. لەقۆناغی ئێستاش ئەم ڕستەیە کە مارکس داوا وپێشنیار بۆ کرێکاران دەکات کە هێزی تێکۆشانیان لەدژی یاسا وسیستەمی چەوسێنەری سەرمایەداری یەکگرتوو بکەن، خۆیان ڕێکخراو بکەن وەک نەخشە ڕێگایەکی ئینسانی دەخاتە ڕوو کە لەئێستادا سیستەمی سەرمایەداری ڕۆژانە گیانی کرێکاران و هەژاران و چەوساوەکان لەناودەبات باشترین نەخشەڕێگا ئەوەیە کە کرێکاران و زەحمەتکێشان و چەوساوەکان شۆڕش بکەن لەدژی سیستەمی چەوسێنەری سەرمایەداری ، چونکەمرۆڤایەتی لەئێستادا لەسەرتاسەری جیهان لەقەیران و کێشەی گەورەدایە، هەروەکو فۆکۆیاما دەڵێت ناتوانێت سەرمایەداری لەئێستادا چارەسەری قەیرانەکانی بکات. هەربۆیە مارکس دەڵێت سەرمایەداری خۆی گۆڕی خۆی هەڵدەکەنێت. چونکە قەیران و کێشەکان بۆخۆی دروستی دەکات بەدزی وچەوسانەوەی چینی کرێکار دواتر چینی چەوساوە ڕادەپەڕێت و شۆڕش دەکات و لەگەڵ خۆیدا تەواوی کۆمەڵگە ڕزگار دەکات* دەسەڵاتی چەوسێنەری کوردایەتی و بنەماڵەیی بەهەمان جۆر دڕندەو فاشییە لەبەرئەوەی لەکارگەی سیستەم وفکری فاشیزمەوە بەرهەم هاتووە هەرخۆشی گۆڕی خۆی هەڵدەکەنێت. نا وشیاری وملهوڕی بەرپرسان و پارێزەرانی سیستەمی چەوسێنەری کوردایەتی بنەماڵەیی هەر لەسەرەتای دامەزرادنیان لەحیزب و لەحکومەتەکەیان دەستی پێکردووە و بەردەوامیش دەبێت. نموونەیەک باس بکەین لەسەر کێشەو قەیرانەکانیان لەگەڵ دەوڵەتی مەرکەزی عێراق. لە ساڵی ٢٠١٣ ، قەیرانی ئابووریی کوردستان قووڵتر بۆتەوە، قەیرانێکی بێ چارەسەر. لەکاتێکا بودجەی عێراق بە گشتی و بودجەی کوردستان بەتایبەتی، تادێ لاسەنگ تر دەبن، ئەوا ناکۆکیەکانیان تادێت قووڵتر دەبێتەوە. ناکۆکی سەرەکی، لە قەرزەکانی کوردستانەوە دەست پێدەکات. بەپێی سەرچاوەکانی ڕاگەیاندن کەبڵاوکراوەتەوە دەستکەوتەکانی ئابووری کوردستان نزیکەی ١٣ ملیار دۆلارە. قەرزەکانی ئێستای گەیشتۆتە ١٧ ملیار دۆلار. ئەمە ئابووریی کوردستان بەرەو ئیفلیج بوون دەبات. ئەمە لە کاتێکا کە لە ساڵی ٢٠١٨ دا، قەرزی عێراقیش، گەیشتۆتە نیوەی داهاتی وڵات؛ واتە سەرلەنوێ بەرەو ئەوە دەڕوات بچێتەوە سەروو ٥٠% داهاتی عێراق.، ئەم کێشەو قەیرانە ئابوورییە کاریگەری زۆر خراپی دەبێت لەسەر ژیانی واقیعی خەڵک بەگشتی هەروەها سەرلەنوێ کێشەوگرفتەکان شۆڕ دەبێتەوە بۆ سەر شەقامەکان. کوردستان لە مایەپووچ بوونی ئابووریدایە و عێراقیش لەناوقەیرانێکی گەورەی ئابووری وسیاسی دا دەگوزەرێت. لە عێراق وکوردستان تارمایی شۆڕشی چەوساوەکان دێت دەچیت هاکە لەپڕا خەڵکی ناڕازی بەڕوو دەسەڵات وسیستەمی چەوسێنەرو دزوگەندەڵدا بتەقێتەوە و بکرێتە ڕاپەڕین. چاوەڕوانی لەدەسەڵاتێکی چەوسێنەری کوردایەتی کە دوای چەندەها ساڵ ئەمە ئەنجامی بێت. خۆکوژییە هاتنە مەیدانی خەڵکی ناڕازی بەبێ ئاسۆی شۆڕشگێڕانە و ڕێکخراوبوون کارەساتباری زۆر گەورەیە، چارەسەر کۆبوونەوە لەدەوری یەکتری و گوێ گرتن لەیەکتری بۆ هێنانەکایەوەی کاری هەرەوەزکاری و شۆڕشگێڕانەی چینایەتی بۆ ڕزگاربوون. ئەرکێکی هەموو مرۆڤێکی ناڕازییە دەست بەرین بۆ هەنگاوە پێویست و دروستە کە ئەویش خۆڕێکخراوکردنە بەئاراستەی گۆڕانی سیستەمی چەوسێنەرو دزو گەندەڵ و تێکۆشان بۆ هێنانەدی بەدیلێکی ئینسانی و پێویست ئەویش ئیدارەدان ودەسەڵاتی شوراییە. لەبەشەکانی داهاتوو باسی چۆن دەکرێت ڕاپەڕین سەرکەوتووبێت دەکەم .

بۆپێشەوە
FORWARD
بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە



# پەتای کۆڕۆنا و جەنگی جیهانی سێیەم!...

نووسینی: کەریم کەریم

لەوکاتەوەی کە مرۆڤ بوونی هەیە لەم گۆی زەوییەدا ئەوا هەمیشە رووبەڕوی جۆرەها کێشە و گرفت و ململانێی ناوخۆیی و ئیقلیمی و جیهانی بووەتەوە لەنێوان ئەقلیەتێکی زۆر کەم کەهەموو کاتێک دەسەڵاتی سیاسی بەدەستەوە گرتووە کەچینی بۆرژوازی نوێنەرایەتی دەکات و ئەویتریان کەزۆربەی زۆری کۆمەڵگە پێک دەهێنێت کەخاوەنی هیچ دەسەڵاتێک و سەرمایەک نین کە تەنها هێزی کاری خۆیان نەبێت کەبیفرۆشن لەچینی کرێکاران و زەحمەتکێشان و گشت توێژەکانی تری کۆمەڵگە پێک دەهێنن. ئاشکرا و ڕوونە کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی رووبەڕووی دوو جەنگی جیهانی خوێناوی بووەتەوە کەئەویش جەنگی جیهانی یەکەم و دووەم. تەنها لەم دوو جەنگە جیهانییەدا بەملیۆن ئینسان بوونە سووتەمەنی و قوربانی. سەرەڕای بریندار بوون و کەم ئەندام بوونی بەهەزارەها ئینسانی تر کەبوونە خۆرکی ئەم دوو جەنگە جیهانییە خوێناوییە. هەر لەم دوو جەنگە جیهانییەدا چەندین ئامێری سەربازی دژ بەیەکتری بەکارهێنرا لەچەشنی فڕۆکەی سەربازی و تانک و مووشەک و کەشتی دەریایی و جۆرەها چەکی قورس و سووک و ...هتد. جگە لەوەش بەفیڕۆدانی سەرەوت و سامانێکی لەڕادەبەدەر بەبێ ئەوەی هیچ سوود و قازانجێکی بۆ گشت کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی هەبێت تەنهاماڵوێرانی و کاوڵکاری و سەرگەردانی نەبێت. هەر لەگەڵ تەواوبوونی ئەم دوو جەنگە جیهانییەدا کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی لەهیچ کات و زەرفییەتێکدا خۆشی و ئارامی بەخۆیەوە نەدیووە، بەڵکو بەردەوام رووبەڕووی چەندین جەنگی خوێناوی تر بوونەتەوە کە دەست پێشخەر و خوڵقێنەری هەموو جەنگەکان لەلایەن چینی بۆرژوازییەوە بووە کەنوێنەرایەتی سیستەمی سەرمایەداری جیهانی دەکات. بەڵام دیارترین و پڕ مەترسیترین جەنگ کە بەجەنگی سارد ناودەبرێت لەنێوان هەر دوو بلۆکی شەرقی و غەریبی ڕوویدا کەچەندین ساڵی خایاند تا لەئەنجامدا لەساڵی ١٩٨٩دا کۆتایی بەجەنگی سارد هات و بەبێ ئەوەی هیچ چەک و ئامێرێکی سەربازی لەم جەنگدا بەکارهێنرا بێت. ئەم جەنگە لەقازانج و بەرژوەندی بلۆکی غەرب کۆتایی پێهات. جیهان و کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی روبەڕووی تاکە قووتبی و یەکلاییکردووە کە لەلایەن ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی نوێنەرایەتی ئەم تاک قووتبەی جیهانی دەکەن تاوەکو ئێستاشی لەگەڵدا بێت. هەر لەگەڵ تەواو بوونی جەنگی سارد دا سیستەمی سەرمایەداری جیهانی تەپڵی سەرکەوتنی خۆی لێدا بەسەر سۆشیالیزم و کۆمۆنیزم دا. لەگەڵ ئەوەشدا بانگەوازکردن لەژێر ناوی نەزمی نوێی جیهانی بۆ نەمان و ڕووخاندنی گشت سەرکردە و سیستەمە فاشیزم و دیکتاتۆرەکان و بەدیهێنان و سەقامگیرکردنی ئاشتی و ئازادی و مافی مرۆڤ و دیموکراسی و سیستەمی پەرلەمانتاری وەک ئەڵتەرناتیڤێک لەشوێن ئەوانەدا بۆ گشت گەلانی جیهان کە بەدیاری بۆیان هێناون بەتایبەتیش بۆ گەلانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست. هەر وەکو بینیمان دەست پێکردنی جەنگی ئەفغانستان و جەنگی کەندا و لەناوچوونی ڕژێمی فاشیزمی بەعس و خودی سەدام حوسێن و ڕاپەڕینی گەلانی عەرەب لەژێر ناوی بەهاری عەرەبی لەوڵاتانی تونس و لیبیا و میسر کەتیایدا کۆتایی بەدەسەڵاتی سیاسی و دیکتاتۆری بەم ڕژێمانە هات. لەم نێوەدا دیسانەوە بەملیۆنان ئینسان بوونە سووتەمەنی و قوربانی دان. جا لێرەدا زۆر بەپێویستی دەزانم وەک ڕێز و وەفادارییەک تێبینی و ئیشارەت بکەم بەناملیکەیەکی هاوڕێی تێکۆشەر و شۆڕشگێڕ و بیرمەند و دامەزێنەری ڕەوتی کۆمۆنیزمی کرێکاری هاوڕێی کۆچکردوو مەنسووری حیکمەت لەژێر ناونیشانی لەجیاوازییەکانی ئێمەدا زۆر بەڕوونی و سادەیی باسی لەڕووداوەکان و پێشهاتەکانی دوای جەنگی ساردی و تاکە قووتبی سیستەمی سەرمایەداری جیهانی کردووە و ڕێگا چارەی ڕاست و دروستی بۆ ئێمەی بەجێ هێشتووە کەچۆن کۆمەڵگەی بەشەرییەت لەبەرامبەر زوڵم و زۆرداری و چەوساندنەوە و ناعەداڵەتی سیستەمی سەرمایەداری جیهانی بووەستینەوە و درێژە بەتێکۆشان و خەباتکردن بدەین بۆ ڕووخاندنی چینی بۆرژوای کەنوێنەرایەتی سیستەمی سەرمایەداری جیهانی دەکات لەپێناو بەدیهێنانی دونیایەکی باشتر بۆ سەرجەم کۆمەڵگەی بەشەرییەت.

چینی بۆرژوازی جیهانی بۆ مانەوە و بەهێزکردنی زیاتر لەدەسەڵات بەسەر تەواوی جیهاندا، هێرش و پەلامارەکانی خۆیان بۆ سەر تەواوی کۆمەڵگەی بەشەرییەت زیاتر بەچڕ و پڕی دەستی پێکرد، بەڵام بەشێوازێکی زۆر سەرسووڕهێنەر بۆئەوەی هەرچی سەرمایەی زیاترە بۆ خۆیان کەڵەکە بکەن و هەیمەنە و باڵادەستی خۆیان بەسەر هەموو کایەکانی ژیاندا بگرن ئەویش لەڕێگای داهێنان و دروستکردن و بڵاوبوونەوەی پەتایەکی زۆر کوشندەی دژی تەواوی بەشەرییەت بەناوی پەتای کۆڕۆنای کۆڤید - ١٩دا. جەنگی جیهانی سێیەم بەجەنگی پەتای کۆڕۆنا دەستی پێکردووە کەهەموو کونج و کەلەبەرێکی ئەم گۆی زەوییەی داپۆشیووە لەماڵەکان، کۆڵانەکان، شارەکان، وڵاتەکان، کیشوەرەکان و تەواوی جیهان بەبێ ئەوەی یەک فشەک بتەقێنێت. هیچ شوێنێک لەم جیهانە پان و بەرینە نەماوە کەپەتای کۆڕۆنای تیایدا نەبێت و بگرە ئاسمانیشی داپۆشیووە و داگیرکردەوە. تۆ بزانە و تەماشا بکە کەچۆن سیستەمی بەربەرییەت و وەحشگەری سەرمایەداری جیهانی کەوتوونەتە گیانی خەڵک و هەموو خەڵکیان خستۆتە ناو ماڵەکانی خۆیان و لەکار و کاسبی و لەهەموو چالاکییەکانی ژیان بێبەش و مەحرومی کردوون. سەرەڕای ئەوەش مەترسی تووشبوونی ئینسانەکان بەپەتای کۆڕۆنا لەهەر کات و ساتێکدا و لەدەستدانی ژیانیان. شتێکی حاشا هەڵنەگرە ڕۆژانە بەهەزارەها ئینسان تووشبوون بەپەتای کۆڕۆنا و بەهەزارەها ئینسانی تر دەبنە قوربانی و لەدەستدانی ژیانیان. ئەوەی جێگای سەرنج و تێڕوانین و پڕ لەمەترسییە کەسیستەمی وەحشیگەری و زاڵمانەی سەرمایەداری کەهەرچی لەتوانایدا هەیە هەموو ئەو ماف و ئازادییانەی کەمرۆڤایەتی بەماندووبوون و قوربانی دان بەدەستی هێناوە ئەوا دەیانەوێ زۆر بەئاسانی بەچەکی پەتای کۆڕۆنا سەرکوت و زەوتی بکەن. بەئێمەیان وت، ئەوە ئێمەین دەتوانین هەموو شتێکتان لێ زەوت بکەین و ڕەوانەی ماڵەکانی خۆتان بکەین و لەهەموو خۆشی و ماف و ئازادی و کار و ژیانتان بێبەش و محروم بکەین. قابیلی قەبووڵ نییە کەجارێکی تر خەڵک بەئازادی و ئارزووی دڵی خۆیان بێنە سەر شەقامەکان بۆ خۆپیشاندان لەدژی ئێمە بۆ داواکردنی داخوازی و داواکارییەکانتان. چینی بۆرژوازی جیهانی کەنوێنەرایەتی سیستەمی سەرمایەداری جیهانی دەکات هەر بەڕشتنی خوێن و بە لەناوبردنی ئینسانەکان لەڕێگای هەموو جۆرە جەنگەکان تینوێتی نەشکا و نەوەستا، بەڵکو هەر دوێنێ بوو ئاڵای جەنگی نەژاد پەرستی و ڕەگەز پەرستی و ڕاسیستی هەڵکرد لەتەک جەنگی پەتای کۆڕۆنا بەرامبەر بەئینسانە ڕەش پێستەکان بەتایبەتیش لە وڵاتی ئەمریکا. هەر وەکو بینیمان کەچۆن جۆرج فلۆید بەدەستی یەکێک لەچەتەکانی دەزگای سەرکوتکەری پۆلیسی ئەمریکا دەخنکرێت و دەکوژرێت. بەڵام پێش ئەوەی جۆرج فلۆید کۆتایی بەژیانی بهێنرێت و گیان لەدەست بدات هاوار دەکات و ودەڵێ: تکایە، ناتوانم هەناسە بدەم. هەر لەگەڵ مەرگی جۆرج فلۆید کە بەشێوەیەکی زۆر دڕندانە و وەحشیگەرانە کۆتایی بەژیانی ئەو پیاوە هێنا ئەوا هاووڵاتیانی ئەمریکا و جیهان بەهەموو چین و توێژەکانەوە هاتنە سەر شەقامەکان بۆ خۆپیشاندان لەدژی زوڵم و زۆرداری سیستەمی سەرمایەداری بەمەبەستی ئیدانە و ڕیسوا و شەرمەزاریکردنی دەسەڵاتی زاڵمانەی چینی بۆرژوازی کەچەندین ڕۆژی خایاند. تاوەکو دەهات ڕێڕەوی خۆپیشاندانەکان بەرەو ئاڕاستەیەکی تر هەنگاوی دەنا و پەیکەری لینین لەخۆپیشاندانەکان دەبینراو و بەرز دەکرایەوە. حکومەتی بۆرژوازی ئەمریکا ترسێکی زۆر هەبوو کەئاڕاستەی خۆپیشاندانەکان بەرە و شۆڕشێکی کرێکاری و سوشیالیستی هەنگاو بنێ. بەڵام تا لەدواجاردا حوکمەتی وڵاتی ئەمریکا داوای لێبووردن لەخەڵکەکەی کرد و دانی بەتاوانەکەی دەزگای سەرکوتکەری پۆلیسی وڵاتەکەی هێنا. تا ئەو جێگایەی کەزەروور و پێویستە ئاماژە و قسەی لەسەر بکرێت ئەویش زەرفییەت و ژیان و گوزەرانکردنی هاووڵاتیانە لەوڵاتی عێراق و کوردستاندا. بەدڵنیاییەوە جەنگی پەتای کۆڕۆنا لەدەرەوەی بازنەی ئەم وڵات و هەرێمەدا نییە. بەپێچەوانەوە هاووڵاتیانی عێراقی و کوردستانی روبەڕووی گەورەترین مەترسی و لەناچوونی ئینسانەکان دەبێتەوە کەڕۆژانە بەسەدان و هەزارەها ئینسان تووشبوون بەپەتای کۆڕۆنا و گیان لەدەستدانی بەسەدەها لەئازیزەکانیان. بەڵام ئەوەی جێگای سەرنج و تێڕوانین و تێبینی کردنە لەهەرێمی کوردستاندا هاووڵاتیانی کوردستان روبەڕووی گەورەترین و مەترسیترین کارەساتی مرۆیی دەبێتەوە لەژێر دەسەڵاتی هەر دوو باندی مافیایی و هەر دوو حزبی بنەماڵەیی پارتی و یەکێتی دا. هاووڵاتیانی ئەم هەرێمەیان ڕەوانەی ماڵەکانی خۆیان کردووە و کەرەنتیکراون بەبێ ئەوەی گوێ بدەنە ژیان و چارەنووسی خەڵک کەچۆن ژیان وگوزەران دەکەن کە لەهەموو وەسائیلەکانی ژیاندا بێبەش و محرووم کراون. لەم نێوەدا جگە لەجەنگی پەتای کۆڕۆنا، دەسەڵاتی بەربەرییەت و وەحشیگەری ناسیونالیستی و مەزهەبی لەکوردستاندا ماوەی نزیکەی ٣٠ ساڵە هێرش و پەلامارەکانی خۆیان زیاتر چڕ و پڕ و فراوان کردۆتەوە بۆ سەر تاک بە تاکی کۆمەڵگەی کوردستان لەچەشنی هێرش و پەلامارەکانیان بۆ چینی کرێکاران، زەحمەتکێشان، کاسبکاران، فەرمانبەران، مامۆستایان و گشت چین و توێژەکانی تری خەڵکی کوردستان بەتایبەتیش فەرمانبەران و مامۆستایان کە هەر دوو مانگێک ئەگەر جارێک مووچەیەک بدەن کەئەویش زۆر بەزەحمەت و بەنیوەیی مووچەکانیان وەربگرن. سەرەڕای ئەوەش بەبێ ئەوەی هیچ گرنگی و حیسابێک بۆ خەڵکی کەرەنتینکراوی کوردستان بکەن لەبواری خزمەت گوزاری و تەندروستیدا کە بەگوێرەی پێویست نییە. سەرباری جەنگی پەتای کۆڕۆنا و ژیانکردن لەژێر دەسەڵاتی میلیشیایی و گەندەڵی هەر دوو حزبی بنەماڵەیی پارتی و یەکێتی دا گۆڕەپانی کوردستان بووەتە لەشکر کێشی سەربازەکانی دەوڵەتی فاشیزمی تورکیا لە ژێر ناوی لەناوبردنی چەکدارانی پەکەکە کەتاوەکو نووسینی ئەم بابەتە لەشکرکێشی و ملهوری تورکیا درێژەی هەیە. لەو نێوەدا چەندین گوند و ناحیە و قەزا لەناو خاکی باشووری کوردستاندا داگیرکراوە. سەرەڕای ئەوەی خەڵکێکی زۆری سڤیلی ناوچە سنوورییەکان روبەڕووی کوشتن و ماڵوێرانی و سەرگەردانی بوونەتەوە. جگە لەوەش لەهەمان کاتدا دەوڵەتی ئاخوندی بەناو جمهوری ئیسلامی ئێران تۆپباران و مووشەک بارانی ناوچە سنوورییەکانی هەرێمی کوردستان دەکەن بەمەبەستی لێدان و چۆڵکردنی هێزە ئۆپۆزیسۆنەکانی ئێران کە لەشوێنە سنوورییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و ئێران جێگیرن. دیسانەوە خەڵکێکی زۆر لەگوند و دێهاتەکانی سەر سنوورەکان بوونەتە قوربانی و لەدەستدانی ژیان و گوزەرانیان لەناوچەکانی خۆیاندا.

بەشێوەیەکی گشتی ئەوەی جێگای سەرنج و پێزانین و تێڕوانینە کەسیستەمی تەندروستی جیهانی بەپێی پێویست نەیتوانیوە بەرەنگاری جەنگی پەتای کۆڕۆنا ببێتەوە و ڕێگا چارەیەکی ڕاست و دروست بدۆزێتەوە بۆ بنبڕکردن و نەمانی پەتای کۆڕۆنا بەتەواوەتی. ئەمە لەلایەک، بەڵام لەلایەکی ترەوە چینی بۆرژواژی جیهانی کەخاوەنی سەدەها ترلیۆن دلاوەر و کۆمپانیای زەبەلاح و چەندەها جۆری بەرهەمێنانن ئەوانیش نەیانتانیوە لەبەردەم جەنگی پەتای کۆڕۆنا بوستنەوە و لەتەک خەم و ئێش و ئازارەکانی ئینسانەکاندا بن بەتوشبوون و مەرگی...

بۆ لاپەڕە...15



پرسی ژن ؟

توندوتیژی دژ بەژنان، لە هەڕەشەو سوکایەتیەوە بۆ لێدان و تیرۆرکردن، یان ناچارکردنی ژنان بە خۆکوژی، دیاردەیەکی شەرماوەری کۆمەڵگەی کوردستانە... بەمەبەستی تاوتوێکردنی بنەماو هۆکارە سەرەکیەکانی توندوتیژی و ڕێگەگرتن و کۆتاییهێنان بەو دیاردەیە، بۆ پێشەوە، ئەم تەوەرە تایبەتییەی کردۆتەوە کە لەهەر ژمارەیەکی دا لە ڕێگای وتار، دیمانە، ڕاپۆرت، بابەتی وەرگێڕدراو... تیشك دەخاتە سەر هەلومەرج و پرسی ژنان و خستنە ڕووی ئەزموون و ڕێگاچارەی ئینسانی و یەکسانیخوازانە..

بەرپرسی گۆشە: شوانە حەسەن

بۆ پەیوەندی و ناردنی بابەت: shwana.journalist@gmail.com

# ئافرەت و هونەر



**نووسینی: تاژان سۆران**

ئافرەت لە بواری هونەریدا ئامادەبونێکی قوڵ و فراوانی هەیە کە ڕەنگدانەوەی سمبولی ژیان و سروشت و جوانی و خۆشەویستی یە لەچەندین سیفەتی هەمەڕەنگ پێکەهاتووە کە تێکەڵاو دەبێت بە ئایدیای هونەری و چەندین لایەنی جوانی دەردەخات، لەگەڵ ئەمەشدا ڕۆڵی ئافرەت لە هونەردا تەنها ئامادەبونێک نەبوو وەک ئایدیاو سمبولێک بەڵکو زیاتر بەربڵاو بوو، تاکو ئافرەت بونی خۆی بسەلمێنێت لە بواری گەشەپێدانی هونەر و داهێنان، ئافرەت بووە هونەرمەند، ئەدیب، بەرپرسێکی کاریگەر لە پرۆسەی هونەریدا.
ئەمەش وامان لێدەکات بۆ هەوڵدان و گەڕان بە دوای تێگەیشتنی بوونی ئافرەت لە پرۆسەی هونەری وە گفتوگۆکردن لەبارەی ڕۆڵی کاریگەری ئافرەت و سەلماندنی خۆی وەکو لایەنێکی کاریگەر لەم بوارەدا..

ئافرەت هاوشانە لەگەڵ خەیاڵ و داهێنان و ڕەنگ، هەروەک وێنەیەکی بە پێزو جۆراوجۆر، ئافرەت ڕەمزی خۆشەویستی و بەردەوامی ژیان و دایکایەتی و پەروەردەی دروست و ویستن و گەیشتن بە باشترینە، ئافرەت هیواو نوێ بوونەوەیە، کۆمەڵە هەستێکی تێکەڵاوە، لەهەمان کاتدا بابەتی سەرەکی کۆمەڵگەیە، لەبەر ئەوەی جەستەو ڕۆحە، لەبەر ئەمەش دەربڕین لەبارەی بوونی ئافرەت لە پرۆسەی هونەریدا پێویستی بە بیرکردنەوەی قوڵ و ئاسانی دەربڕین و بەهێزی لە بەکارهێنانی سمبولدا هەیە.
ئەدەبی کلاسیکی وێنەیەکی جۆراوجۆری لەسەر ئافرەت پێشکەش کردین، چ لە شیعری عەرەبی و چ لە چیرۆکی هەزار شەوە و چ لە سمبولی شەهرەزاد، ئافرەت وەکو دروست بوونی جیهان سمبولی سەرسوڕمان و وروژاندن بووە، هەروەک چۆن لە تابلۆی کۆمەڵەی (مستشرقين) بەدی دەکرێت بەتایبەتی لە تابلۆی هونەرمەند ئوجین دیلاکروا بەناوی (حرملك)، وێنەی ئافرەت لە ئەدەب و هونەری مۆدێرن گۆڕانی بەسەردا هات وەبەپێی ئەو بارودۆخ و ڕووداوانەی کە بونەتە کەیسێکی گرنگ و بەربەست بوون لە نێوان ڕەسەنایەتی و نوێگەری وە لە نێوان سەربەخۆ بوون و کرانەوە بەڕووی بوارە جیاوازەکانی هونەردا، وە لە نێوان بوونی ناسنامەیەکی جێگیر بۆ ئافرەت و دیاریکردنی سنورێک بۆ کاری ئافرەت لە بواری هونەریدا.

ڕەنگە گفتوگۆکردن و دیاریکردنی سنوری دیاریکراو بۆ کاری هونەری لای ئافرەت بووبێتە پاڵنەرێک بۆ برەودان بە خودی خۆی و بڕیاردان بە دروستکردنی ڕۆڵێکی کاریگەر بەخۆی، وەکو داهێنەرێکی کاریگەر بۆ چارەسەرکردنی وێنە و خەیاڵ هەڵچونەکانی کە دەربڕینێکە لە کەسایەتی خۆی، چەندین ڕێگای بۆخۆی دیاری کرد تاکو داخڵی کۆمەڵگە بێت، چونکە ئافرەت خاوەن بڕیار و بۆچون و فیکر و جوانییە، توانی دیدگایەکی تایبەت بە خودی خۆی هەبێت لە هونەردا وە توانی قوتابخانەیەکی هونەری تایبەت بە خۆی دابمەزرێنێت کە پەیوەست بێت بە کەیسی ئافرەت، بێ ئەوەی کە ژینگە و داب و نەریت ناسنامەی خۆی فەرامۆش بکات، توانی ببێتە سەرۆک و نوێنەری وڵات وە پێشکەوتوو بێت لە بواری هونەری و هاوشانی پیاو کاربکات و بیرو ئایدیای داهێنەرانە بەدەست بهێنێت.

ئەتوانین بڵێین هەموو ئامادەبونێکی ئافرەت لە هونەری شێوەکاری واتە جیهانێکی نوقم بوو لە جوانی و ڕەنگ هێما و بیرۆکە و چیرۆکی خوازراو کە خەیاڵ و سروشت و ڕاستی و خەون و جەستەو بیرۆکە دەدوێنێت، پێگەیشتوی لە ڕەنگ و وێنە بۆ بەئەنجام گەیاندنی بیرۆکەی نادیار و ئاڵۆز، وە لە نێوان دەربڕین بۆ هەڵوەشاندنەوەی لە ژێر چەند ناوێکی کۆمەڵایەتی و زیادەڕەوی لە ئاشکرا کردن لە ژێر ناونیشانی نوێگەری ئافرەت و ململانێی ئافرەت و خودی خۆی لە نێوان ئافرەت لە وێنەیەکی هونەری و ئافرەت لە کردەوەدا و ڕۆڵی لە کۆمەڵگەدا دەگەیەنێت.

# قەیرانی سیاسی کوردستان و ئایندەی ناوچەکە

**غریب چاوەش**

وەک ئاشکرایە، کۆرۆنا ڤایرەس وەک پەتایەکی کوشندە بەربۆتە ڕەزی تەمەنی مرۆڤەکان و لەناوی دەبات. تەواوی وڵاتانی دنیا توشی شکستی مادی و ئابوری و دارایی و تەندروستی بونەوە. هەرێمی کوردستانیش وەک باقی وڵاتانی ناوچەکە بێبەش نەبوو لەم پەتایە، لەکاتێکدا ڤایرەسی کۆرۆنا لەوڵاتانی ئەوروپا کێرڤی بەرەو خوار دەچێ، بەڵام ئەمێستا لەهەرێمی کوردستان ڤایرەسی کۆرونا زیاتر بەربڵاوتر خۆی وێنادەکات، لەکاتێکدا دەبوو سەرانی حوکمەتی هەرێم لەئێستادا، بەتەنگ هاوڵاتیەکانی خۆیانەوە بچونایە، بەڵام سەرانی ئەم حوکمەتە نەک گیانی هاوڵاتیانیان لاگرنگ نییە، بەڵکو لەپای سامانی سەر زەوی و ژێر زەوی، پارەکانیان زیاتر سیخناخ دەکەن لەبانکەکانی جیهاندا، هاوڵاتیەکانیشی برسی، بەچەشنێک زەمینەیان بۆ قات و قڕی خۆشکردووە، کەچەندین خێزان لە سلێمانی و شارەکانی تری کوردستان خۆیان دەکوژن، خێزان هەبووە سەرەک خێزانەکە بەنزینی بەخۆی و منداڵەکانی کردوە لەتاو بێ بژێوی، هەر لەمانگی شەشی دووهەزارو بیست دا کەسێکی تر لەبەرچاوی خەڵکی لەباغی گشتی سلێمانی خۆی سووتاند، لەبەرئەوە خەڵکی ڕووبەڕووی دوو مەرگ بۆتەوە مەرگی کۆرۆنا و مەرگی برسێتی، کە بەپێی پێوەری ئابوری جیهانی برسێتی و نەبوونی سەرچاوەی بژێوی تاک و خێزان دەبێتە مەترسیترین هەڕەشە بۆسەر ژیانی هاوڵاتیان وەک ئەوەی ئێستا لەهەرێمی کوردستان هاوڵاتیەکانی ڕووبەڕووی بونەتەوە. ئەمەو هۆکارەکانی تری نەبوونی ئازادی بیروڕا، ئازادی مەدەنی و نەبوونی کەشێکی تەندروست و نەبوونی ئاسایشی خۆراک وای کردوە خەڵکی نەچێتە ژێرباری کەرەنتینە. لەم دۆخەدا، حوکمەت دەبوو لەسەرەک وەزیرانیەوە دەستی لەکار بکێشایەتەوە، نەک درێژە بە دەسەڵاتی قۆرغکردن و ڕاووڕووت بدات، کە بەهەموو چەشنێک متمانەی لەلای خەڵکی ستەمدیدە و زەحمەتکێش نەماوە .
ئەم حوکمەتە، بەهەموو پێوەرێکی سیاسی و ئابوری، لەکەڵک کەوتووە، قەیرانی ئابوری لەم هەرێمە دا بوونی نییە، کەبەناوی قەیرانی دارایی و دابەزینی نرخی نەوت ئەمساڵ تەنها موچەیەکیان دابەشکردووە. خۆی لەڕاستیدا پارەو داهاتی ئەم هەرێمە بۆ پارتی و یەکێتی دەڕوات خۆیان هەرچی تەسروفاتێک بێ بەویست و ئارەزووی خۆیان بەکاری دەهێنن، ئەم حوکمەتەوەک مانگا ئەدۆشن بەبێ ئەوەی حزبەکانی تر بتوانن کاردانەوەیەکی جدیان هەبێت، بەڵکو ئەمانیش شینی هەریسە کە دەکەن.
ئەوەی جێگای ئومێدە خەڵکی کوردستان، هەر لە زەحمەتکێش و کرێکارو کاسبکارو توێژی ڕۆشنبیران خۆیان یەکبخەن، تاوەکو لەسەر بەرنامەو بنەمایەکی تەندروست ڕاپەرینی سەرتاسەری ئەنجام بدەن و کۆتایی بە دەسەڵاتی




ئەم دوو تاقم و بنەماڵە نەگریسە بهێنرێ، کەساڵەهای ساڵە بۆنەتە شێرپەنجە لەجەستەی کوردستاندا.
هاتنی مستەفا کازمی سەرەک وەزیرانی تازەی عێراق و ئەجێندای کارکردنی، تائێستا دژی هەر گروپێکی چەکداری سەر بە ئێرانە و دەیەوێ تەواوی هێزەکان لەژێر کۆنترۆڵی حوکمەتی عێراقی و سەرۆکی هێزە چەکدارەکاندا بێت، بەم هەنگاوەش فوزی ئێران لەعێراقدا کەمدەکاتەوە بەجورێک کەچی تر ئێران نەتوانی ڕۆڵ و نەقشی هەبێت لەداڕشتنی سیاسەتی عێراقدا، دوورخستنەوەی ئێران بەمانای لاوازکردن و بێ پشت و پەناکردنی یەکێتی لە کوردستاندا پاشان حوکمەتی عێراقی دەتوانێت هەیمەنەی خۆی بەسەر کوردستانیشدا بکات لەڕێگای دەروازەی گومرگی نێودەوڵەتی و فرۆکەخانەکان... پاشان کازمی دەیەوێ لەئایندەیەکی نزیکدا هێزی پێشمەرگە بخاتە ناو وەزارەتی بەرگری عێراق، بەم هەنگاوەش حوکمەتی هەرێم، تابێت دەسەڵاتەکانی بەرەو لاوازی دەچێت.
دەستێوەردانە سەربازیەکانی تورکیا بە قوڵایی پەنجا کیلۆمەتر بۆناو هەرێم بەناوی لێدانی بنکەو بارەگاکانی پارتی کرێکارانی کوردستان، تادێت زەنگی دۆخێکی نەخوازراو لێدەدرێ لەناوچەکەی ئێمە کە هەرێمی کوردستانە. بۆیە زروفی زاتی و مەوزعی زۆر باش لەبارە، بۆ کۆتاییپێهێنان بە یەکێتی و پارتی و پێکهێنانی دەسەڵاتێکی گەلی کەلەخەڵکی کوردستان و کەسانی دڵسۆزو ڕادیکاڵ و چەپ بڕوات بەڕێوە.

**کۆمەڵگەیەك بیەوێت دەخالەتی کۆمەڵایەتی بەرینی خەڵك لەپەسەندکردن و جێبەجێکردنی یاساو سیاسەتەکانیدا زامن بکات، ناتوانێ لەسەر بنەمای پەرلەمان و سیستەمی دیموکراسی نوێنەرایەتی دابمەزرێ...**

گۆشەی ئەدەب و هونەر، گۆشەیەکی تایبەتی بۆپێشەوەیە کە لەهەر ژمارەیەکدا بابەتێکی ئەدەبی یان هونەری لەشێوەی هۆنراوە، تێکستی ئەدەبی، وەرگێران، بڵاودەکاتەوە، یاخود دیمانە لەگەڵ ئەدیب و هونەرمەندێك یان ناساندنیان ڕێك دەخات...

ئامادەکرنی گۆشە: کاوان قادر، هیوا سالح، حەکیم میرزا

# خوێندنەوەیەک بۆ شێوازی شیعری احمد مطر.. شاعیرێ دوور لە غەزەل.؟!

نووسینی: جمال نوری



احمد مطر.. لە پەنجاکانی سەدەی ڕابردوو لە ناوچەی(التنومه)ی بەصرە لە دایک بووە، لەتەمەنی چواردە ساڵییەوە، دەست دەکات بە نووسینی شیعر، بەڵام دواتر لەتەمەنی بیست ساڵیدا، ئەزمونی نووسینی گەشە پێ دەدات و سەرکەوتوانە دەست دەکات بە نووسینی شیعرە یاخیەکانی هەریەک لە المتنبی، و موعەلقەی ئەمر القیس شاعیری سەردەمی جاهیلی. کاریەگەرێتیان لەسەر دروستبوونی شاعر هەبوە.

مطر، بەهۆی شێوازی یاخییانەی نوسینی شیعر، مطر چیتر ناتوانێ بمێنێتەوە لەعێراقی سەردەمی دەسەڵاتدارێتی سەدام حسین ،لەساڵی1 ف 982دا هەڵدێت بەرەو وڵاتی کوێت، لەوێ لە جەریدەی القبس دا وەک نوسەرێ کاردەکات.

ناوەرۆکی شیعرەکانی مطر، دوورو نزیک بەلای شیعری عاتیفەو غەزەل دا نەچوە، دروشمی لافیتەکان شوێنک ناهێڵێتەوە بۆ غەزەل، بۆیە دەڵێ;

ئەگەر من بەستونێکەوە ببستنەوەو لەژێر پێمدا ئاگر بکەنەوە یەکەمین کارێک ئەوەیە هاوار بکەم و داوای یارمەتی بکەم تا ئەتوانم هەوڵی کوژانەوەی ئاگرەکە بدەم. باوەڕ ناکەم کەسێک هەبێ لەم حاڵەتەدابم و داوای شیعرێکی عاشقانەم لێبکات و نەغمەیەکی عاشقانەی بۆ بچڕم؟

مطر، دەربارەی شیعر دەڵێ (هەوڵدانێکە شیعرەکانم بۆ وەرگرتنەوەی بوونی ئینسانیی تاڵانکراوم، ئەمە ئەو ڕووەیە کە خواداوەند منی بەدیهێنا فەرمانی پێکردم بخوێنم هەروەها بەقەڵەم فێری کردم تابنوسم وبڵێم من هەوڵ ئەدەم کەگۆڕەکەم بەقەڵەم هەڵدەمەوەو جەنازەکەم بەر لەڕزین هەڵسێنمەوە تابتوانم هاوار بکەم و لەهاوارمدا هاواری هەزاران زیندە بەچاڵکراوی دیکە جێبکەمەوە لەبەر ئەوەی وشە پەڕەمووچی ئیسانیە شیعر پزیسکێکە کەفتیلەی ئەم بۆمبەیە دائەگیرسێت وشاعیر فەرماندەیەکی لەخۆبردوە کەبۆنەتەوەکەی خۆی گەواهیدەرو شەهیدێکە، نەوەک گۆرانیبێژێک کە خەمی ڕەوانەی دەروونی سوڵتانە بەدمەستەکان بێ*)

کاریگەری سیاسەتی شۆڤێنی دەسەڵاتدارانی عێراق، سیاسەتی گرتن و کوشتن وئەشکەنجەدانی خەڵکی ئازادیخواز ولەسێدارەدانیان، کاردانەوەی لەسەر هەستی مطر، بەجێهێشتوە، لەلایەکی ترەوە بێهەڵوێستی بەرپرسانی عەرەب لەسەر نەبونی هەڵوێستێکی نیشتمانی و نەتەوەیی، بەرگریکار لە فەلەستین، کار دائەنێ لەسەری و بەشیعری لافیتەکان، هێرشێکی توند دەکاتە سەر بەرپرسانی عەرەب،

لەقەسیدەی) الحظیره(دا ، لەسەر بەرپرسانی عەرەب دەنوسێ و دەڵێ ،

الثور فر من حظیره البقر
الثور فر
فثارت العجول فی الحظیره،
تبکی فرار قائد المسیره،
وشکلت علی الاثر محکمه و الموتمر
فقائل قال; قضاء وقدر
وقائل لقد کفر
وقائل الی سقر
وبعضهم قال امنحو فرصه آخیره،
لعله یعود للحظیره،
وفی ختام الموتمر
تقاسموا مربطه وجمدوا شعیره،
وبعد عام وقعت حادثه مثیره
لم یرجع الثور ولکن ذهب وراه الحظیره

احمد مطر ، بۆ خوێنەری شیعرەکانی چیرۆکی )تەویلە ( دەخۆێنێتەوە . ئەمەش کوردی یەکەیەتی;

گایەک لەتەویلە هەڵات
گایەکە هەڵات و گوێرەکەکانی ناو تەویلەکە
وورووژان
ئەگریان بۆ هەڵاتنی گەورەکەیان
لەسەر ئەم بابەتە
دادگا....کۆنگرە
پێکیهێنرا..
یەکێک وتی
قەزاو قەدەرە
ئەوی دی لەدین دەرچوە
یەکێکی دی بۆ دۆزەخ
هەندێکیش وتیان دەرفەتییێکی دیکە ی پێبدەن
ڕەنگە بگەڕێتەوە بۆ تەویلەکە
لەکۆتایی کۆنگرەکەدا
شوێنی بەستنەوەکەیان بەشکردوو
بەشە جۆگەکەشیان ڕاگرت

لەدوای ساڵێک
ڕووداوی سەیر ڕویدا
گایەکە نەگەڕایەوە
بەڵام
تەویلەکە بەدوایدا ڕۆیشت*..

شیعرەکانی احمد مطر سەکۆی هێرشێکی دادگەرانەیە بۆسەر دیمەنەکانی ستەم و گەندەڵی.

هەڵبەت مطر بەهۆی لافیتە شیعریەکانیەوە زۆرێ لەڕێکخراوو خەڵکانی ئازادیخوازی و نیشتمانپەروەڕ شیعرەکانیان کردۆتە هەوێنی ڕاپەڕین و بەرخۆدان، بەتایبەت ئەو لافیتە شیعریانەی کەسنوری نەتەوەو وڵات بەجێدەڵێ و خەمێکی مرۆیی لێی دەڕژێ وەک لێرەدا دەڵێ;

آسیر حیث آشتهي لکنني آسیر
واته;
بۆهەرشوێنیک حەزم لێبێ ئەڕۆم، بەڵام دیلم
یا دەڵێ
اوطاننا;
هوالذي یملک حق عزفه
واته
لە وڵاتە کانی ئێمەدا
ئەوکەسەی قانونی بەدەستە
هەرئەو مافی ژەنینی هەیە*

لەم لافیتە شیعریەیدا ئاماژەیەکە بۆ دەسەڵاتدارانی وڵاتانی ڕۆژهەڵات، کە مافی مرۆڤی تیا پێشیل دەکرێ و یاساکان لەخزمەت فەرمانڕەوایاندا بەکار دەهێنرێ، لەپێشانگای دووەمی کتێب لەوڵاتی کوێت، کتێبی یەکەمی لافیتەکان لەساڵی1984 دا زۆرترین فرۆشی دەبێ کەتەنیا2000 دانەی لێ دەفرۆشرێ، هەر ئەمەش دەبێتە هۆی دەرکردنی لەوڵاتی کوێت، بەهۆی شیعرەکانیەوە حوکمڕانانی کوێت بەرگەی شیعرەکانی ناگرن، لەوێش هەڵدێت، دواتر لەلەندن نیشتەجێ دەبێ.

"فاکتەرەکانی ناسینی احمد مطر وەک شاعیرێک"

ئەوەی احمد مطر ی کردە دەنگێکی زیندوو لەجیهانی عەرەبیدا دوو هۆکار بوو..

-1نووسینی شیعر لەسەر شێوازی کورت و پڕ مانا، وەک چوکلێتە شیعر، بەڵام مطر فیتیلەی گڕی شیعری پێ بوو بۆ گەندەڵکاران .

-2نەنووسینی شیعرێ لەسەر غزل، و عاتیفەو ئەڤین و دڵداری

لەجێگایەکی تردا دەربارەی یاسای وڵاتانی عەرەبی و خۆرهەڵات دەڵێ سانسۆر هێندە بێ بەزەییە وتوندوتیژە لەهەموو جێیەک وەک دیمەنی کلتوری تاساندن هەروەک سایەیەک شاعیر ڕاودەنێ بەردەوام ..هەروەک لێرەدا دەێ;

لەناو بازاڕ هاوارم کرد، نا
بەڵام زاڵەیەی دەنگم
لەترسی مەرگ
بەرەولام گەڕایەوە،* ..

**سەرچاوەکان:**

**-1هەردوو کتێبی لافیتەکان * کە لەساڵی 1987لەندن**

**-2سیره ذاتیه لشاعر آحمد مطر مجله الوطن العربی2010**

# بەشێکی تر لە قەسیدەی ئاهێکی سەرد



لەم ماڵە چۆڵەوە ترسنۆکی
خۆم ڕادەگەێنم
مەشلولی خۆم بۆ
دەروێشێکی
بێ ویژدان باس دەکەم
بەیانیان لەدەرگای ماڵی
قەشەیەکی
نورانی دەدەم
ئینجیلە تۆراوەکان
دەبەمەوە بەر ماڵی
مەغریبێکی حەزین

لێرەوە یاخی بوونی خۆم
ڕادەگەێنم
بەدایکم، دەڵێم ئیتر
لەکاتی نوێژ کردندا .
ڕوو نەکاتە قیبلە
پەنجەی شایەتومانی
نەجوڵێنێت

لێرەوە تەنیایی. خۆم
ڕادەگەێنم
بێزاری خۆم بەقەڵەمێکی
مۆر دەنوسمەوە
غەریبی خۆم وەك گەڵای
دار بەڕویەکی تەنیا
هەڵدەپاچم
لێرەوە یاخی بوونی خۆم
ڕادەگەیەنم
شێتی خۆم بۆ ڕوبارێکی
سەر هەڵگرتو دەگێڕمەوە

کەسێکم نەدی ئاو بژەنێت
باران ژێرکاتەوە
خوایەك لە بەفر
دروستکات
عیسایەك لەدار داتاشێت

ئەوەی منی کوشت
تۆنەبویت
ئەو بەیانیە بوو کەبەلاما
دەرۆشت و
ئاورێکی لێ نەدەدامەوەو
ئەو مناڵە سواڵکەرە بوو
کە بەبێ لێدانی دەرگا
دەهاتە ژورێ و
شەڕی شکانی ئاوێنە و
ئەتککردنی ئینجانەکانی
پێدەفرۆشتم
ئەوەی خۆمی لەخۆم
جیادەکردەوە
تۆ نەبوویت
کوژرانی ئەو چۆلەکانە
بوون کە لەپرسەی
نامە ئەرخەوانیەکانی
خوادا دایان دەگیرساندن
وەك کراسی بەری ژنە
شەهیدێك هەڵیان
دەگێڕانەوەو
چەند جارێکیش ئەمدیوە
و دیویان پێدەکردن

ئەوەی منی ترساند تۆ
نەبوویت
ئەو ئێوارەیە بوو
کە بانگیان تیا نەدەدراو
پاساری خەونە کاڵەکانم
باڵە فرەیان تیا نەدەکرد
نازانم نا ئەم لاشە
مردووەم چۆن چۆنی بنێژم
ئەم ڕۆحە شەکەتەم لەچ
تابوتێکا زیندانیکەم
ئەم سێبەرە شکاوە چۆن
لەخۆم بتۆرێنم

ئەوەی منی کوشت تۆ
نەبوویت
ناڵە ناڵی ئەو دەروێشە
چاو شینەبوو
کە شەوانە شەڕی لەگەڵ
ئیبلیسدا دەکرد و
بەیانیانیش ڕۆحی
بەشمشێرەکەیدا
هەڵدەواسی
منێك من چۆن چۆنی
بەلای کوژرانی خۆما بڕۆم
و
خۆمم پێ
هەڵنەگیرێتەوەو
دەستە تەزیوەکانم
لەگیرفانی شەرواڵە
شڕەکەمدا بۆ حەشار
نەدرێت...

حەکیم میرزا

# ماڵێك... لەژن یا ژنێك لەماڵ




ئەم تابلۆیە، بەدەست و خامەی ڕەنگی هونەرمەندی تەشکیلی دلشاد بهاالدین ٦٠ cm ٦٠cmx وێنای کردوە، بۆئەوەی لەچوارچێوە گشتی یەکەی هونەریی ئەم تابلۆیە تێ بگەین، دەبێت، بەوردی ئیش لەناو بەشە جیاجیاکانی تابلۆکە بکەین، تاوەکو لەم ڕێگایەوە کۆدو هێماو و سیمۆلۆژیای تابلۆکە شیبکەینەوە و بزانین لەودیوو وێنایی تابلۆکە چی حزوری هەیە؟

ئەم تابلۆیە، هونەرمەند دەیەوێ سنوری مەرزی ژن ببڕێ و بچێتە ناو مەملەکەتە تایبەتەکەی ژن و لەوێوە ژان و خەم و ئەندێشەیان بدوێنێ. بۆشیکاری ئەم بۆچون و خوێندنەوە هونەریەمان پشت دەبەستین بە خودی تابلۆکەی هونەرمەند کە بۆی کێشاوین، گەر بەوردی سەرنج بدەینە ژنی ناو تابلۆکەی دلشاد بهادالدین، زیرەکانە توانیویەتی ڕامان و تێزەکانی لەسەر ژن تائێستا قسەی لەسەر کراون و نوسراون لەمەڕ ماناو دەلالەتی بوونی ژن لە ژیاندا یەکسانە بەچی؟ دلشاد لەم تابلۆیەدا بەڕێگای شێوەو هێڵە گشتیەکانی تابلۆکەوە، بە بەشداری پێکردنی ڕەنگەکان، دەڵێ: ژن پانتایەکی گەورەی داگیریکردوە لە ژیان و سروشتدا، هەرکاتێک باس هاتە سەر ژن،و ڕۆڵی لەکۆمەڵگەی مرۆییدا ،ئەوا دلشاد لەڕێگای تابلۆکەیەوە دەڵێ: ژن واتای ماڵ، ماڵێک لەژن، یا ژنێک لەماڵ، تابلۆکە ئەم ئاماژەیەی تیا دەخوێنریتەوە گەر سەرنج بدەین لای چەپی ژنەکە، کە شانێتی لەشێوە کوخێکی وەرزی نیشانداوە؟ ئەمەش بەئاگایی هونەرمەند نیشاندەدا، و پێمان دەڵێ ژن، ڕاستە ماڵێکی پاک و تەندروستە بۆ ژیان، بۆسروشت، بۆ پیاو .. واتە نیشاندانی لای شانی چەپی ژنەکە لەشێوەی کۆخێکی کۆچەری، پاشان سەرو دەم و چاوەکە هێمایە بۆ دەربڕینی ئازارو ژان، خەم و مەراق و خەفەت، ..دلشاد لەسەری ژنەکەدا سەروویی دەم و لێوی بە نیشاندانی دوکەڵکێشێک لە ماڵەکەدا پێمان دەڵێ تائێستاشی لەسەربێ کۆمەڵگەی کوردی داخراوەو عەقلێکی چەقبەستوو، بەردەوامە ژن ڕاستە حەزو ویستی ئەوەی هەیە لەماڵ و حاڵی خۆیدا بێ بەئازادانە بژی، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا ژن دەیەوێ وەک کەرەسەیەکی ناو ماڵ مامەڵەی لەگەڵدا نەکرێ ،ئایا )ی ناو ماڵ چ پێوەرێک هەیە.. تا بزانین ژنێک لەماڵدا، سەرکەوتووە، یا لەدەرەوی ماڵ؟ ئەوەی دەیەوێ لەو حەقیقەتە فەلسەفیە بگات، کە داخۆ ژن گەر ایختیار بدرێتە دەستخۆی ناو ماڵ هەڵدەبژێرێ یا دەرەوە و ئیشی وەزیفی؟ دڵشاد بە نیشاندانی هەردوو برۆی سەرچاوی ژنەکە لە شیوەی هەورێکی کۆچەری پێمان دەڵێ ژن هەردووکیانی دەوێ ناو ماڵیش و کاری وەزیفیش، تاوەکو خۆی خاوەن ئیرادەو ئیدارەی زاتی خۆی بکات.

دواتر پیشاندانی ئەو چەند کلاْڤە بەنەی گرێدراوەتەوە بە مێشکی ژن، ئەوەمان نیشاندەدات کە عەقڵیەتی ژن وابەستەی داب و نەریتێکی کۆنی بەسەرچووە، هەردەبێت لاببرێ و نەمێنێ، کەدووجار ژن پێویستە خۆی بێت.

**جمال نوری**

# گۆشەی ئەدەب و هونەر

## خەیاڵی شیعری لە دوالیزمی بیرکردن( و ) بیرکردنەوە لەزمان و دەنگی شیعری ئەحمەد ڕەزا دا...

ئەو، وەک دەنگێکی شیعری خەسلەتێکی تایبەت بەخۆی هەیە، ،هەر لە فۆنەتیک و زمانی نوسینی لە ئەتمۆسفیری شیعردا دەبینرێ، بەواتە ئەم دەنگە ئەرزیەتی خۆی هەیە لە پانتایی و مەودایی دووری ئەدەبدا، بەجورێک حزوری هەیە ئەم دەنگە شیعرییە، توانیویەتی سنورەکانی ئەودیوو شیعر بدوێنی، تا لەم ڕێگایەوە بکەوێتە موخاتەبەی دیوی ناوەوەی خۆی، هەڵبەتە موخاتەبەکردنی خودی شاعیر لەگەڵ هزرو بیریدا گەڕانێتی بەدوای پرسیارە بێ وەڵامەکان، نەک ئەو پرسیارانەی کەهەردەم خۆیان دەجونەوە و دووبارە و سەدبارە دێنەوە حزور! بەپێچەوانەوە شاعیر دەیەوێ پرسیار بوروژێنێ.. ئەو پرسیارانەی لەهزریدا لەکێشمەکێشی بەردەوامدایە و بە شەن و کەووکردنی زمانی شاعر لەڕێگای فەنتازیای خەیاڵەوە ئەیەوێ ئەو کیشوەرە بدۆزێتەوە کە تیایدا شاعیر بێ پاسپورت بەسەربەستی سەفەری بۆ بکات.

بەم پێودانگە، کاتێک ئەو کێشمەکێش و ململانێەی لە هزریدا دێت و دەچێ سەرەنجامەکەی بەویستی شاعر نەیەتەوە ئەوا، ئامادە نییە، گوێڕادێرێ بۆ ئەو دەنگەی (بیرکردن) ی تێدابێ بیشارێتەوە، واتە شاعیر ئامادە نییە (بیرکردن) کاتەکانی لێ داگیر بکات، چون لەوە دڵنیابووە، (بیرکردن) نایگەیەنێ بە سنورە دوورەکانی کیشوەرەکەی، هەربۆیە لەجیاتی ئەوە، هزر و بیری لەڕێگای فەنتازیا و وێناکردن، لەخەیاڵ و زمانی شیعرییدا، ئەو دەنگەی، کە گوزارشت لە بوون شوناسی خودی شاعر دەکا، ڕێگای بیرکردنادا، کاتی پێ لەدەست بدات، هەر لەبەر ئەمەیە، هەموو سەری کاتژمێرێ دەنگی دەداتە دەم سروەی با، تاوەکو بیرێکی نوێ، خەیاڵێکی جوانی ئێستاتیکایی سەر دەربکا.

ڕێگری شاعر بە میتۆدی (بیرکردنەوە)( ناچاری دەکات) بیرکردن بیشارێتەوە، هەڵبەتە شاردنەوەی بیرکردن لە دیدگای شاعردا لەوەوە سەرچاوەی گرتوە نەکا تۆفانێک لە زەمەنی) دووبارە ( بگەڕێتەوە سە )بێمانایی ( واتە بیرکردنێ بۆ دووبارە گەڕاندنەوەی سەپاندنی دەسەڵاتی ) دووبارە ( ی ) میتۆدی بێمانایی ( بێ، هەرگیز ڕێگای نادا خۆی نمایش بکاتەوە، لە خەیاڵ و هزرو زمانی نوسینی شاعردا، چون ڕێگادان بە بێمانایی زەمینەی کامەرانی لێ دەشوێنێ بەمەش ڕێگای دیاری دەنگە تایبەتەکەی دەتاسێ . کاتێک شەوانە وێنای خەیاڵی بیاتەوە سەر وێنایەکی بێمانایی و لەسیلەی موراردێکدا خۆی نمایش بکا، ئەوا ئەو وێناندنە نایگەیەنێ بە وێنایەکی ئیستاتیاکایی، بەڵکو بەنەزۆکی دەمێنێتەوە و تێپەڕناکا و نامێنێتەوە

**جمال نوری**

### (تێبینیی کوژراو)

هەموو سەری سەعاتێک..
دەنگم ئەدەمە دەم سروەی با،
ناچارم بیرکردن بشارمەوە،
نەک تۆفانێک دووبارە
بگەڕێتەوە سەر بێمانایی خۆی و
پیاڵەیەک لەبەرپێی شەرمنیما بشکێنێ.
نەک کامەرانییەک سەری لێ بشێوێ و
دەست بنێتە بینی دەنگم و
بۆ تاهەتایە
ئاو سەربنێتەوە.
تێبینیی مردوو:
شەوانە وێنەیەک ئەمباتەوە سەر بێمانایی و
لە سیلەی مورادێکا هەنگاوەکانی هەڵئەوەرن.
ئای خوایە چەند بێمانایە بیرکردنەوە،
کاتێ لە خەیاڵێکی نەزۆکا..
جورئەتی تێپەڕینی نامێنێ

**ئەحمەد ڕەزا**




## بەرهەمی تازەی هونەرمەندان عومەر دەروێش و هیوا ساڵح





# مێژوو لە دوو دەریچەوە شەبەحەکە دەگەڕێتەوە لە بارەی هێرشی یەکێتی بۆسەر کۆمۆنیزم

نووسینی: ئیبراهیم حسێن

لە١٤،٧دا بورژوازی کورد لە ڕێـگـەی ئۆباش و میلشیای یەکێتی و بە فەرماندەیی نەوشیروان مستەفا، پاش دەورەیەک لەبەهانە گیری و شەرەنگێزی و درۆ و هەڵبەستن، سەرەنجام هێرشی چەکداری کردە سەرکۆمۆنیزم و حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق و پێنج کۆمۆنیستی نازەنین و پر وزە و ئیرادەی، تیرۆر کرد. بێگومان ئەوە یەکەمجار نەبوو کە بورژوازی لە دژی کۆمۆنیزم و چینی کرێکار، پەنابەریتە بەر چەک و قەهر وسەرکوتی دەوڵەتی و سەرودەوڵەتی، یاسایی و سەروویاسایی. سەدەی بیست و بە مانایەک مێژووی سەرمایەداری، پرە لەو ساتانەی کە بورژوازی لەدژی چینی کرێکار و کۆمۆنیزم، لەدژی چینی کرێکارێک نەیویستوە تەسلیمی کۆیلایەتی کاری کرێگرتە بێ و سوشیالیزم و یەکسانی ویستوە، دەستی بردوە بۆ چەک و کۆمەڵکوژی. لە شۆرشی ئێراندا سەرجەم بورژوازی جیهانی و ناوخۆ، چوونە پشتی خومەینی و ڕەوتی ئیسلامی و یەکێک لە کۆمەڵکوژیە بێ وێنەکانی مێژووی مرۆڤایەتیان ئەنجامدا وشۆرشی ئێرانیان، لە خوێن هەڵکێشا. پێنوشە لەشیلی کۆمەڵکوژی کرد و مارکۆ لە ئیسپانیا و بە کورتی مێژوو پرە لە و نمونانە. لە پشتی سەرجەمی ئەم حاڵاتانەدا، بورژوازی بە شوێن پەیام و ئەجێنداو سیاسەتێکەوە بووە ئەویش بێبەشکردنی کۆمەڵگەو چینی کرێکار بووە لە کۆمۆنیزمی خۆیان، بێبەشکردنی چینی کرێکار و بێبەشانی کۆمەڵگە بووە لە تاقە ئیمکانی ڕادیکاڵی دەستبردن بۆ ڕیشە، بۆ ڕیشەی چەوسانەوە، بۆ ڕیشەی نا یەکسانی و نەبوونی ئازادی و ئازاد وخۆشبەختی نەژیان وسەرەنجام بۆ بێبەری کردنیان لە کۆمۆنیزمێک بووە کە تەنها لە ڕێگە و بەهۆی ئەوەوە لە ئەجێندا و مەسەلەی کۆمەڵایەتی خۆیاندا، بو ئازادی و خۆشبەختی و بۆ داماڵینی مولکایەتی لەوانەی دەستیان بەسەر هۆیەکانی خۆشبەختی وئازادی واقیعی داگرتووە، دەتوانن سەربکەون. ئامانجی ئۆباشی چەکداری یەکێتی لە هێرشیان بۆ سەرکۆمۆنیزم وحیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراقیش هەر هەمان بێبەش کردنی چینی کرێکاری کوردستان، بێبەشان و سەرجەم ئۆردوی ئازادیخوازی بوو لە کۆمۆنیزمی خۆیان و لەئیمکانی دەستراگەیشتنیان بە حیزبی سیاسی ڕادیکاڵی خۆیان، تا بتوانن لە فەزای لاوازی کۆمۆنیزمدا، لە فەزای ناچارکردنی کۆمۆنیزم بە گۆشەگیری، کۆیلایەتی کاری کرێگرتە تا ئەوپەری خۆی بەرن، بتوانن کوردستان بە ئارەزوی خۆیان بگۆرن بەو حەوشە بێدەرگا و پەنجەرەیەی ئێستایان بۆ سەرمایە و کۆمپانیا و کەڵەکەی سەروەتی سەرمایەدارانی میللی کوردایەتی. ئامانجی وەدەرنانی کۆمۆنیزم و حیزبی سیاسی کۆمۆنیستی بوو لە مەیدانی دعوا و کێشە لەسەر چارەنووسی کۆمەڵگە و لەسەر ئازادی و وسەرەنجام لەسەر دەسەڵات، تاوەکو لەفەزای لاوازی کۆمۆنیزم و لاوازی حیزب و پەرچەمە سیاسیەکەی، سەرمایەدارانی میللی و بێکارانی مەملەکەت بگۆرن بە بندیواری فەزایی کە بە ناویانەوە دەستیان لە کیسەی سەروەتی سەراسەری عێراق دا بێ. تا تاریکی و بێکارەبایی و بێداو ودەرمانی و بێ موچەیی، لانی زۆر بە بۆڵە بۆڵ وەڵام وەربگریتەوە و خەڵک بۆ تورەهڵدان و گۆرینی شۆرشگێرانەی ئەو هەلومەرجە دەست بەستراوبن و تەنانەت ئەگەر شتێکیشیان بۆی بگورن، لە ڕیزی

## بەڵگەنامەی نۆکەر پیشەیی یەکێتی بۆ ڕژێمی ئێران ١٤/٧/٢٠٠٠، وەکو نمونەیەك

ڕۆژنامەی کیهان، ڕۆژی سێ شەممە 11 مرداد ( ای ئاب )، لاپەڕەی دوو

بارەگای حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری ئێران لە سلێمانی - عیراق داخرا
هەواڵنێری کیهان لە شاری سنەوە

هێزەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان لە سلێمانی بارەگای حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریان لە کوردستان داخست.

لە کاتی دەرکردنی ئەم حیزبە لە ناوچەی سلێمانی، کە بووە هۆی دەرگیری نێوان هەردوو لا و 10 ڕۆژ درێژەی کێشا، 10 کەس لە حیزبی کومۆنیستی کرێکاری ئێران کوژران و 10 کەسی تریش برینداربوون.

بەپێی سەرچاوەی هەواڵەکان لەم کێشمەکێشەدا ئەندامێکی ئیحتیاتی کۆمیتە ناوەندی ئەم حیزبەش کوژراوە. هەروەها هەواڵنێرمان ڕایگەیاند کە: ڕابەری ئەم حیزبە بە ناوی مستعاری "منصور حکمت"ەوە یەکێکە لە قوتابییەکانی زایۆنیستێکی ناسراوی ئینگلیزییە وە سەرچاوەی ماڵی ئەم حیزبە لەلایەن ئەم زایۆنیستەوە دابین دەکرێ.

هەروەها وتی: سوپاس گەرم و پێزانینی دەوڵەتی ئێران لەم هەنگاوەی تاڵەبانی لە کاتی دیدارێکی ئەم دواییانەی هەیئەتێکی حیزبی سۆشیالیستی کوردستان بە سەرۆکایەتی محمد حاجی محمود، لەگەڵ ڕەمەزان زادە سەرۆکی پارێزگای کوردستان پێیان ڕاگەیاندرا.

کوردایەتی بتوانن بە خەیاڵی ئاسودە، هەر کۆنەپەرەستیەک و هەر پرۆژەیەکی کۆنەپەرستانە، داسەپێنن. بتوانن ئاسانتر ژیان و خۆشبەختی خەڵک بە بارمتە بگرن. تا بتوانن ڕیزی سەدان هەزاری گەنجانی وڵات لە بێکاری و بێ ئایندەیدا ڕابگرن و نان و کار و ژیانی ئاساییش بخەنە گرەوی سەرکزکردن بۆ دەسەڵاتی ئەوان و حەشدێکی فراوانی سیاسەتمدارانی ئەو چینە بچنە پشتی یەکێکیان وببنەوە بە ڕەشە لەشکری ئەوان. ئەمە خولیای شیرینی بورژوازی کورد بوو، خولیای شیرینی تاڵەبانی و هاوتاکەی نەوشیروان مستەفا و تەواوی بورژوازی تازە بە دەسەڵات گەیشتوو بوو لەسلێمانیە و هەولێر. لەو مێژووە بە دواوە چینی کرێکار و بێبەشانی کۆمەڵگە، ژنان ولاوان، تامی تاڵی ژیانیان لەژێر سایەی دەسەڵاتی ئەم کەمایەتیە سەرمایەدارە و لاوازی کۆمۆنیزمیان، چێشت. تامی تاڵی کۆنەپەرستی بێ هەوسار، ژنکوژی لە ڕادەیەکی ترسناک، بێمافی هەمەلایەنە، دەستبەسەراگرتنی موچە و کری و پاشکشەیەکی گەورەی فەرهەنگیان، چێشت. دەرکەوت نەک تەنیا لە مەیداننەبوونی کۆمۆنیزم، بەڵکو لاوازی کۆمۆنیزم، چ بەهایەکی قورس و گەورەی هەیە و چ مانایەکی ترسناکی هەیە لە ژیانی چینی کرێکار و جەماوەری خەڵکدا. دەرکەوت کە لاوازی و لە مەیداندا نەبوونی کۆمۆنیزم واتە بەربەرییەت و ملهوری ڕەهای دەسەڵاتی سەرمایە و سەرمایەداران، واتە دەسەڵاتی کۆنەپەرەستی و واتە ئەوەی کە کرێکاران وبێبەشانی کۆمەڵگە سەریان دابگرن و لیگەرێن کە هەرکارێک سەرمایەداران ونوێنەرانی سیاسی و دەسەڵاتەکەیان، هەر کار و بەلایەک کە بیانەوێ بتوان بەسەریاندا بێن و ئیختیاری ژیانیان، بخەنە مشتی بۆرژوازی. بەڵام ڕووی دووەمی داستانەکە شتێکی ترە کە خەریکە بەشکۆتر لە هەر کاتێکی تر لە مێژووی کوردستاندا، لە مێژووی خەبات لە ڕێگای ئازادی و یەکسانی و ژیانێکی باشتر، لە مێژووی خەباتی چینایەتیدا خۆی دەسەلمێنێ، ئەویش ئەوەیە؛ کە قودرەت و نفوزی کۆمۆنیزم واتە قودرەت ونفوزی ئینسانیەت، واتە قودرە ت و ئیرادەی (نا) وتن بە هەلومەرجی ئێستا، واتە ئیرادەی (نا) وتن بە چەوسانەوە و بە خاوەنداریتی ودەسەڵاتی ئەم کەمایەتیە سەرمایەدارە، واتە قودرەت و ئیرادەی جەنگان لە ڕیزێکی سیاسی و چینایەتی بۆ دەرهێنانی ئیختیاری چارەنووسی کۆمەڵگەو هێزەکانی بەرهەمهێنانی کۆمەڵایەتی و سەرەنجام داماڵینیان لە دەسەڵات و قەهری سیاسی. لەهەر ئاستێکدا ئەم پەیوستەیی وتێکەڵکشە مانایەکی سیاسی پەیداکا، و لە مێژووی کوردستاندا لە جولانەوەیەکی سیاسی ڕادیکاڵی دیاریکراودا بگۆرێ بە قاڵب و شێوەی سیاسی زاڵی خواستی ئاڵوگۆر لە کۆمەڵگەدا و چینی کرێکارو بێبەشان لە ڕیزێکی سیاسی و بە پەرچەمێکی سیاسی بەم جورە، بۆ بە دیهێنانی هەر مافێک و هەر ئاڵوگۆرێک، لە گەرەک و شوێنی کار و ژیان و کارگە و فەرمانگە، زانکۆ و نەخۆشخانە، لە کۆمیتەکانی نوێنەرایەتی و کۆنترۆڵی کرێکاری و جەماوەری و تورە و کۆمەڵایەتی و جەماوەریەکاندا هێز وئیرادەی خۆیان ڕیکخەن، شانسی ئەوەمان دەبێ دیمەنی پر لە شکۆی کۆمەڵگایەک ببینین کە لەڕێگەی ئازادی و یەکسانی و خۆشبەختیدا هاتوتە سەرپێ و ئەوکات خەونی شیرینی بورژوازی بۆ ڕزگاری لە کۆمۆنیزم دەگۆرێ بە کابوس، و خەونی شیرینی ژیانێکی ئازادو یەکسان و کوردستانێک کە نەسیمی ژیانێکی ئازاد و یەکسان تیایدا خەریکە هەڵدەکات، دەست، پێدەکات.

١٤،٧،٢٠٢٠

# لە بیستەمین ساڵیادی هێرشی چەکدارانەی یەکێتی بۆسەر حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراقدا...

## دیمانەی بۆپێشەوە لەگەڵ فوئاد سادق، یەکێک لەو کاراکتەرانەی حزب کە لەکاتی هێرشی یەکێتی بۆسەر حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی بەرپرسی پەیوەندییەکانی کۆمیتەی رابەری رێکخراوی کوردستان بوو...



**بۆپێشەوە: پێشینەی چواردەی حەوت چۆن دەست پێدەکات... پاساوی بردنە دەرەوەی بارەگای چەکداری حزبەکان، هۆکاری هێرشی یەکێتی بوو بۆسەر حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی یان هۆکاری تری هەبوو؟**

**فوئاد سادق:** سەرەتا لە یادی بیست ساڵەی ئەو رووداوە دڵتەزینەدا سەری رێز و نەوازش بۆ هاورێیانی گیان بەختکردوو شێخ عبدول و هاوکار و ئومید و کریم و هاورێ و سەرجەم گیانبەختکردوانی رێگای ئازادی و سوشیالیزم دادەنوێنین یادیان بەرزو بەرێزەو رێگایان پر ریبوار...

لە راستیدا یەکێتی وەکو هێزیکی میلیشیایی ناسیۆنالیستی کورد مێژویەکی هەیە لە دوژمنایەتی لەگەڵ چەپ و کۆمۆنیزم. ئەو تەنانەت ئالآی شۆرشی پی تەحەمول نەکرا. بەرامبەر ئیمەش ئەتوانم بڵێم هەمیشە لە بەهانە و فرسەتیک گەراوە بۆ لێدانمان. هەر لەسەردەمی شوراکانی ئازارەوە ئەم نیازەی هەبووە. یەکیتی بە بوونی ئیمە وەکو کۆمۆنیستی کریکاریی، بە رۆلی ئیمە لە بزووتنەوەی کریکاری و بیکاری و ژنان و بەرگری لە مافی مندالان و لە ئازادی سیاسی و لە وەستانەوە دژی شەری ناوخۆ و هەموو زولم و زۆریک، یەکیتی هەراسان بوو. لە ماوەی ٩ سالی پێشتردا زیاتر لە دەجار یەکیتی نیاز و پلانی پەلاماری ئیمەی هەبووە. بەلام هەمووجاریک ئیمە لەلایەک بەهەڵخراندنی فەزای سیاسی لەبەرامبەریدا لە ناوەوە و لە دەرەوەی کوردستان، هەروەها بە رادەیەک لە سازش و گفتوگۆ توانیومانە بەر بە پەلاماری یەکیتی بگرین. بەڵام لە ١٤ی تەموزی ٢٠٠٠ دا بەبروای من رۆڵی تایبەتی نەوشیروان وەکو کەسێکی دژی کۆمۆنیست و خوینرێژ زۆر بەرجەستە بوو، وەکو کەسیک کە رۆڵێکی بەرجەستەی لە کوشت و کوشتاردا گیراوە لەوانە کوشتاری قەرناقا و پشتئاشان، لەم کەیسەی ئیمەشدا ئەو هەمەکارە و بریاردەر و کاریگەر بوو لەم تاوانەدا.

ئەمجارە بەدیاریکراوی کێشەی یەکێتی لەگەڵ ئیمە لە مانگی شوباتەوە لەسەر مەسەلەی هەلبژاردنی شارەوانیەکان دەستی پیکرد کە ئیمە پەردەمان لەسەر گالتەجاربونی هەلمالێ. لە قوناغی یەکەمدا دەستی بە پلان و زەمینەسازی کرد، سەرەتا بە بەرتەسککردنەوەی هەڵسورانی حیزب لە رێگای گرتن و راوەدونانی کادرو ئەندامانی حیزب و هەڵسوراوانی رێکخراوە کریکاری و جەماوەرییەکانەوە. هەر لە دریژەی پیادکردنی ئەم سیاسەتەدا، لە رۆژی ١٦/٢/٢٠٠٠ سێ کادری حیزب لە ماڵەکانی خۆیاندا مافیا ئاسا هەڵیانکۆتایە سەریان و دەستگیرکران، ئەوانیش، عەمارشریف، یوسف محمد، فەهد ناسر بوون، بەبەهانەی تاوانی دروستکردنی رێکخراوی بێ مۆڵەت (اتحاد النازحین) . لەبەرامبەردا حزب فشارێکی گەورەی جیهانی و ناوخۆیی لەسەر یەکێتی دروستکرد و سەرەئەنجام لەو قۆناغەدا یەکیتی شکستی خوارد. قوناغی دووەم، یەکیتی رێگای یاساو دادگای هەڵبژارد بۆ قەدەغەکردنی هەڵسورانی حککع، بۆ ئەمە شکاتنامەیەکی بەناوی نەزەر علی اکبرەوە کە جێگری وەزیری ناوخۆ بوو، لەدادگای سلیمانی تۆمارکرد، ئەو تاوانانەی کە لە شکاتنامەکەدا هاتبوو، سەرەکی تری خاڵەکانی، تەشهیرکردن بەحکوومەت و دەسەڵات، چاپکردنی نامیلکەی یاسای یەکسانی ژن و پیاو وەک بەدیلی یاسای ئەحوال شەخسی، کارکردن بۆ جیاکردنەوەی کوردستان لە عیراق، بوونی کەسانی بێگانە لە رابەرایەتی حککع .....هتد. لەم قۆناغەشدا شکاتنامەکەی یەکیتی ئەوەندە پوچ و ریسوا بوو کە کەوتە بەردەم نەفرەتیکی فراوان. حککعیش لەسەر هەلویستی خۆی راوەستا و سەرئەنجام گفتوگۆ دەستی پیکرد و لەسەر کۆتایهینان بەوبارگرژیە ریککەوتین. قوناغی سێیەم، قوناغی بەهانەی چۆلکردنی بارەگاکانی حککع بۆ دەرەوەی شار، یەکێک بوو لە هۆکارەکانی ئەو هێرشە، بەڵام چ ئەوکات و چ ئێستاش کەسان و گروپی چەپ، هەموو هۆکارەکانی تر فەرامۆش دەکەن و تەنها ئەم هۆکارە زەق دەکەنەوە بۆ ئەوەی کۆمۆنیزمی کرێکاری سەرزەنشت بکەن کە هاوسەنگی هێزی بەهەند وەرنەگرتوە. بەم جۆرە بیانەوێ یان نەیانەوێ ئاودەکەن بە دەستی تاوانکارانەی یەکیتیدا و حککع تاوانبار دەکەن. بەلام ناخۆشتر لەوە کەسانیک کە تەجدید نەزەریان کردوە لە کۆمۆنیزمی کرێکاریی، کە ئەمە مافیکی سادەی خۆیانە. تەجدید نەزەریان لە هۆکارەکانی ئەم رووداوەش کردوە و رێک بەوجۆرەی جەلال تالەبانی لە کۆبونەوەی لەگەل رۆشنبیرانی سلیمانی

> **بەبروای من لە ١٤ تەممووزی ٢٠٠٠دا رۆڵی تایبەتی نەوشیروان وەکو کەسێکی دژی کۆمۆنیست و خوێنرێژ زۆر بەرجەستە بوو، وەکو کەسێك کە رۆڵێکی بەرجەستەی لە کوشت و کوشتاردا گێڕاوە لەوانە کوشتاری قەرناقا و پشتئاشان...**

دواتریش، واتە دوای ١٤/٧/٢٠٠٠ ئیسپات بوو بەهانەو پاساوەکانی یەکیتی بۆ لیدان لە حککع دووره لە راستیەوە، نەک هیچ حیزبێک بارەگای نەبردە دەرەوەی شار، بەڵکو ژمارەی بارەگای حیزبەکان و بارەگاکانی خودی یەکیتی و بەرپرسانی چەند قات لە نیو شاردا زیادی کرد.

**بۆپێشەوە: هۆکاری سەرەکی هێرشی یەکێتی بۆسەر حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی چی بوو؟ نەدەکرا بەری پێبگیرێت؟**

**فوئاد سادق:** سەرەکیترین هۆکار وەکو هەموو ئەو جارانەی کە یەکیتی پلانی بۆ لێدانی ئیمە دادەرشت، دوژمنایەتی یەکیتی بوو لەگەل کۆمۆنیزم و بە دیاریکراویش هەراسانبونی یەکیتی بوو بە بوون و هەلسورانی ئیمە لە مەیدانە جیاجیاکاندا. جگە لەمە وەکو سەرانی یەکێتی و بەدیاریکراوی نەوشیروان بە راشکاوی باسی کرد وەلامدانەوەی یەکیتی بوو بە تەکلیفی رژیمی بەعس و جمهوری ئیسلامی، کە لەوکاتەدا لەگەل هەردوکیان لە پەیوەندیدابوو. لە زۆربەی دانیشتن و گفتوگۆکانی نیوان حککع و یەکیتی، سەرانی یەکیتی بە روون و راشکاوی باسی ئەوەیان دەکرد کە جمهوری ئیسلامی داوایان لی دەکات پەلاماری ئیمە بدەن. هەلبەت ئەوان دەیانگوت جمهوری ئیسلامی فشارمان بۆ دەهینی تا لیتان بدەین!! بەدیاریکراوی لە کۆبونەوەی ١٥/٤/٢٠٠٠ لە بارەگای کومیتەی رابەری حککع بە نیوەندگیری فاروقی مەلا مستەفا، وەفدی یەکێتی کە پیکهاتبوو لە مەلا بەختیارو ئازاد جوندیانی و مستەفا چاورەش، نارەزایی و نارحەتی خۆیان لە کۆمەککردن و یارمەتی دانی حککا لە لایەن حککع وە بە تایبەتیش کۆمەکردنی حککا بۆ ناردنی هیز بۆ ناو ئیران دەربری، کەگوایە ئەم کارە ئیحراجیەتیەکی زۆری بۆ یەکیتی لەلای جمهوری ئیسلامی دروستکردووە. بەهەرحال وەکو لە شکاتنامەکەی یەکیتیدا هاتبوو، ئەم مەسەلەیە تەنها داستانەکە دەگێرنەوە. بەڵام ئەوەندەی بەم مەسەلەیە دەگەریتەوە وەکو یەکیک لە هۆکارەکان ئەوەی لەونیوەدا جێگای سەرنج و رەخنەیەو پەیوەندی بە کێشەی ١٤/٧/٢٠٠ وە هەیە، لە دەورانی توندبوونەوەی کێشەی نێوان یەکیتی و حککع، بۆ هێورکردنەوەی وەزعەکەو کەمکردنەوەی بەهانەکانی پاساوەکانی یەکیتی کە بەوە هەولی دەدا خەلکی پێ فریو بدات. هۆکاری سێیەم: هاتنەخوارەوەی جێگاو رێگای حککع لەئاستی خەباتی جەماوەری و کەمبوونەوەی کاریگەری حیزب لەسەر کۆمەلگەو لەم نێوندەیشدا، نەخویندنەوەی وردی هەلومەرجەکە لەلایەن رابەرایەتیەوە، نەبینینی هاوکێشەی هێز، بەرزە فرێ و تیژرەوی و هەندی جاریش سازشی بێمایەو قازانج بێ بالآنس لە زۆر هەلویست وکردارو قسەکردندا، هاتنە خوارەوەی کێرڤی جەماوەری حیزب لە ئاکسیونە محدودەکانی تەشکیلاتی حیزب لە رۆژانی ١٢و١٣ /٧/٢٠٠٠ لە بەردەم کومیتەی سلیمانی، نیشانی خەلک و یەکیتی درا، دەرکەوت ئیدعاو بانگەشەیەک کە بۆ حککع دەیکەین، بمانەوی سلیمانی بەشەو بەدەستی ئیمەوە بیت بە رۆژیش بە دەستی یەکیتییەوە، ئیدعایەکە لەگەڵ ئەم قەوارەیەدا نایەتەوە.

<u>**بێگومان لێدان لەحککع و قەدەغەکردنی هەڵسورانی، گورزێکی کاریگەر بوو لەبەرەی رادیکاڵ، حککع بەرگریکاری سەرسەختی مافەکانی خەڵک بە گشتی و مافەکانی کریکاران بە تایبەتی و سەنگەریکی قایمی مافەکانی ژنان و منالآن و ئاوارەو دستفرۆشان و .....هتد بوو،**</u> حیزبەکانی بزوتنەوەی کوردایەتی، بەتایبەتیش یەکیتی بە مەبەستی بەرتەسکردنەوەی فەزای ئازادی و داسەپاندنی ملهورِی زیاتر، حککع وەکوو سەری رمی ئەو بزوتنەوەیە، خاڵی دەستپێکی بەرتەسکردنەوەی ئازادی بوو لە کوردستاندا، ئەو بۆشاییەی لە ئاکامی لێدان حککع هاتە کایەوە هەتا ئێستا پڕ نەبوتەوە.

**بۆپێشەوە: بەر لە روداوی ١٤/٧/٢٠٠٠ چەندین جار سەردان و گفتوگۆ لەسەر بیانوەکانی یەکێتی نیشتیمانی لەنێوان وەفدی هەردوو لاکرا، دەکرێت باسی ئەو سەردان و گفتوگۆیانەمان بۆ بکەیت؟ وە بۆچی هەموو گفتوگۆکان نەیانتوانی رێگە لە هێرشی یەکێتی بۆسەر حزبی کۆمۆنیستی کریکاریی بگرن؟**

**فوئاد سادق:** دوابەدوای رێکەوتنی حککع ویەکیتی لە ١٧/٤/٢٠٠٠ بە دواوە نایەتەوە بیرم و هیچ بەڵگەیەکیش لە بەردەست نییە هیچ کۆبونەوەیەک لە نێوانماندا کرابێت، تەنیا هەندی جار بۆکاری بچوک و ئیداری مستەفا چاورەشم لە بارەگای پەیوەندیەکان دەبینی، بەلآم لە سەرەتای مانگی شەشەوە تا وەکوو ١٤/٧/٢٠٠٠ کۆمەڵە مەسەلەیەک روویدا، لیرەدا بەکورتی بە خاڵبەندی ئیشارەیان پیدەکەم، یەکەم: هەر لە مانگی شەشدا گۆرانکاری لە بەرێوەبەری ئاسایشی گشتی رووی دا (ئاوات عبدالغفور کە پیشتر لە زیندانی ابوغریب پێکەوە زیندانی بووین و کاتێکیش کراوە بەریوەبەری ئاسایشی گشتی زۆرجار بۆ راپەراندنی کارەکانمان زۆر کار ئاسانی بۆ دەکردین) لەسەر کار لابراو دکتور خەسرەو گوڵ محمد هاتە جێگاکەی، دکتور خەسرەو هەموو بەرپرسی پەیوەندیەکانی حیزبەکانی کۆکردەوە، بۆ ئەم مەبەستەیش پەیوەندی بەئیمەوە کرد، بەلآم بۆ حیزبەکان کاتژمیری ١٠ی بەیانی دانابوو بۆ کۆبوونەوە، بۆ وەفدی ئیمە کاتژمیر ٣٠-١٠ دانابوو بۆ کۆبونەوە، من و عومەری خەتات وەک وەفدی حیزب (دواتر لە رێگای نوینەری حیزبەکانەوە ئەو زانیاریەمان وەرگرت، بۆیە دوو کاتی جیاوازی دانابوو بە تەنیا لەگەڵ ئێمە دانیشیت، دەیزانی وەفدی ئێمە قبوڵی ئەو سوکایەتی و جنێوانە ناکات کە بە نوینەرانی حیزبەکانی کردبوو، لە کۆتاییەکە گوێمان لە بەشیکی بوو، چونکە کۆبونەوەکە لە ژوریکی تەنیشت ئەو ژوورە بوو کەئێمە لێ دانیشتبووین، کە هاتە لای ئێمە بەهەمان رێتمی ژورەکەی تر، بەڵام بەبێ هیچ تەجاوەزکردنێک، داوای کرد بارەگاکانمان ببەینە دەرەوەی شار، بۆ یەکەمجار بوو مەسەلەی گواستنەوەی بارەگە لە یەکیتیەوە ببیستین، ئێمەش بە هەمان شێوەی ئەو تورە بووین و هەستاین و بەبێ ماڵئاوایی و خواحافیزی کۆبونەوەکەمان بەجێهێشت، چونکە ئەو کاتێ قسەی دەکرد، عومەر ویستی مداخەلەیەک بکات، قسەی بە عومەر بری، وتی ئەوە مناقەشەی تێدا نییە و بریارەو ئەبی جێبەجێ بکریت، هەر ئەو رۆژە پەیوەندیمان کرد بە کۆسرەت رەسوڵەوە، ئەوکات سەرۆکی حکوومەتی هەریم (سلیمانی) بوو بۆ ئێوارەکەی لە ئەنجومەنی وەزیران چاومان پێی کەوت وەفدی ئێمە ناسک احمد و تایەر حسن و من بووین ئەوانیش کوسرەت و دکتور خەسرەو بوو هەرکە دانیشتین دکتۆر خەسرەو رووی کردە ناسک و تایەر، گلەیی لە هەڵویستەکەی تاقی بەیانی ئێمە کرد کە بەبێ ماڵئاوایی و رۆخسەت کۆبونەوەکەمان بەجێهێشتووە، لە گەرمەی وەڵامی شایستەی ناسک بۆ دکتور خەسرەو، کۆسرەت بۆ کۆتاییهینان بەو باسە، وتی، هاورییان بۆ ئێوە باشتر نییە بارەگاکانتان بۆ شوێنی تر بگوازنەوە؟ وتمان بۆ کوێ بیگوازینەوە؟ وتی شوێنیکە لە نزیک پردی قلیاسان بە دیوی سەرچناردا (ئێستا هۆڵی بۆنەو شایی وکابینەیە شوێنکی گەشتیارییە) بەڵام ئەو کاتە خانوویەکی ئەوتووی تێدا نەبوو، وەفدی ئێمە یەکسەر بە دەلیلی ئەوەی ئەو شوێنە بینای پێویستی تیدا نییە رەتیانکردەوە (لەگەڵ ئەوەبووم بە پەلە وەڵام نەدەینەوە، بەتایبەتی کاتێک ئێمە باسی کەمی بینامان کرد لەو شوێنە، کوسرەت وتی، بۆ چارەسەکردنی ئەوەیش کۆمەکتان دەکەین، دواتر کە گەراینەوە، پێیانم وت نەئەبوایە وا بە پەلە وەڵامی بدەنەوە فرسەتان بدایە مشاوەرەیەکمان بکردایە، بەڵام ئەوان رایان وابوو کە بەتەنیا کێشەکە نەبوونی خانوو نییە، بەڵکوو یەکێتی ئەیەوێ بارەگاکانمان بباتە دەرەوەی شارو دواتر بتوانی بەئاسانی گورزی خۆی بوەشێنی و لێمان بدات. دووەم: هەر لە

مانگی شەشدابوو بۆ دابینکردنی بورج و ئەنتێن بۆ دامەزراندنی تەلەفزیونێکی لۆکاڵی بۆ حیزب، سەردانی عیماد احمدمان کرد، ئەو کات وەزیری پیشەسازی بوو، داوای کرد دوو هەفتەی تر پەیوەندی پێوە بکەین، بەڵکوو بتوانی لەو دوو هەفتەدا بۆمان دابین بکات، دوای دوو هەفتەکە، کە پێم وابێ کۆتایی مانگی شەش بوو، تەلەفونی بۆمان کرد، لە وەڵامدا وتی جاری واز لە بورج و ئەنتێنە بێنن کاری گرنگتر هەیە، پێم باشە یەکتری ببینین، پێشنیاری کرد بچین بۆ وەزارەت سەردانی بکەین، گەیشتمە ئەوی ژورەکەی زۆر قەرەباڵغ بوو، ڕوخسەتی لە هەمووان خواست کە بچنە دەرەوە، داوایشی لە سکرتێرەکەی کرد کەس نەکاتە ژورەوە، وتی: یەکێتی بڕیاریداوە لێتان بدات!! هەرچی هەوڵتان هەیە بیخەنە گەڕ بۆ ئەوەی دانیشن و بە گفتوگۆ کێشەکە چارەسەر بکەن، هەرچەندە مەکتەبی سیاسی یەکێتی بەزۆرینەی دەنگ بڕیاری لێدانەکەیان داوە، مام جەلالیش، نەوشیروانی بۆ ئەم کارە سەرپشک کردوە و خۆی سەفەری کردوە، نەوشیروان زۆر سوورە لەسەر جێبەجێکردنی، هیوادارم کاریک بکەن ئەوە ڕوو نەدات و ڕیگا لەڕوودانی بگرن. هەروەها لە بۆنەیەکدا بە سودفە مەلا بەختیارمان بینی، ئەویش بەهەمان شێوە قسەکانی عیماد احمدی دووبارە کردەوە، بەڵام ئەو سەرباری سوور بوونی نەوشیروان، باسی لە سووربوونی باڵێکی ناو یەکێتی کرد بۆ جێبەجیکردنی پیلانەکە. سێیەم: لە سەرەتایی مانگی حەوت، مستەفا چاوڕەش داوای کرد چاوی پێمان بکەویت، وتی ڕاسپاردەیەکی مەکتەبی سیاسی یەکێتی هەیە دەمەویت پێتانی ڕابگەیەنم، کە چووین دوور لە هەموو عورف و عادەتی دیبلوماسی، زۆر بە توڕەیەوە دەستی بە قسەکردن کردو وتی، کاک کوسرەت وەکوو حکوومەت پێتانی ڕاگەیاندوە و منیش وەک یەکیتی پێتان دەڵیم، ئەبێ ئەو بڕیاری چوونە دەرەوەی بارەگەکانتان بۆ دەرەوەی شار بە زورترین کات جێبەجێ بکەن، ویستی هەڕەشە بکات، ڕێگامان لێگرت، وتمان ئەو شارەی کە تۆ داوامان لێ دەکەی بەجی بهێڵین، ئێمە لە دەستی بەعس دەرمان هێناو ڕزگارمان کرد، لە سایەی خوێنی هاوڕێیانی ئێمەدا تۆ ئێستا لەم شارەیی و بە ئازادی دەسووڕیتەوە، هەستاین و بەجێمان هێشت، دوای چەند ڕۆژ دواتر، لە ڕیگای تەلەفونەوە بەهەمان ڕێتم تەلەفونی بۆمان کرد، ئێمەش بە هەمان ڕێتم و تەنز وەڵاممان دایەوە (لە چاوپێکەوتنێکی تەلەفزیونی سەحەری ئیرانی لەگەڵ مستەفا چاوڕەش، باسی ئەو چاوپیکەوتنەو پەیوەندیە تەلەفونیەی منی کردبوو هەندی شتی خستبووە سەر، کە گوایە من هەڕەشەم کردووە).

چوارەم" ئێمە زۆر ڕێگامان تاقیکردووە بۆ ئەوەی لەگەڵ یەکێتی بە دانیشتن و گفتوگۆ چارەسەری کێشەکە بکەین و نەگات بە شەڕ، بەڵام ئەوان هەموو دەرگاکانیان بەڕوومأندا داخست، جاریکی تر پەیوەندیمان بە فاروقی مەلا مستەفا کرد (کە لە خولەکانی پیشوودا لە مانگی چوار نێونگیری ئێمەو یەکێتی بوو) بەڵام بێ سوود بوو، چاومان بە سەرجەم حیزبەکان کەوت کێشەکەمان بۆ باسکردن، بەڵام یەکێتی گوێ لەوانیش نەگرت، نامەمان بۆ مەکتەبی سیاسی یەکێتی نارد داوامان کرد کێشەکە بە گفتوگۆ چارەسەر کەین، ڕامان گەیاندبوو ئێمە کێشەی بارەگا گواستنەوەمان نییە، بەڵام سەرانی یەکێتی وەڵامیان نەدایەتەوە دوا هەوڵمان سەردانیکی من و سامان کریم بوو بۆ ماڵی ملازم عومەر کە لە شەوی ١٣/٤/٢٠٠٠ بوو، ئەویش زۆر بە نارەحەتی و نیگەرانی هەمان قسەکانی عیماد احمد و مەلا بەختیاری دووبارە کردەوە.

**بۆپێشەوە: کاریگەریی جمهوری ئیسلامی ئیران لە هێرشی یەکێتی بۆسەر حزبی کۆمۆنیستی کریکاریی و ڕێکخراوە جەماوەرییەکانی نزیک لە حزب چی بوو؟**

**فوئاد سادق:** جمهوری ئیسلامی کاریگەری زۆر جدی هەبوو یەکێک لە پاڵنەرە سەرەکیەکان بوو کە داوای لە یەکیتی کردبوو ئەم کارە بکات، سەرانی یەکیتی ئەمەیان نەدەشاردەوە، لە کات و لە دوای لێدانەکەیش سەرجەم ڕاگەیاندنەکانیان، بە بینین و بیستراوەوە ئیهتمامێکی زۆریان بە مەسەلەکەدا، ئەمە جگە لەوەی لەڕێگای حەمەی حاجی مەحمود دەستخۆشیان لە جەلال تاڵەبانی کردبوو، لەمبارەوە شتێک کە خۆمان بینیمان، ڕۆژی ١٤/٧ ئێمە ( عوسمان و تایەر و من) لەکۆبوونەوە بووین لەگەڵ نەوشیروان، لەهەموو لایەکەوە بوو بەتەقە، پرسیارمان لە نەوشیروان کرد ئەوە چییە؟ وتی، شەڕە (دواتر بە درێژی باسی ئەم بابەتە دەکەم) وتمان شەڕی چێ؟ وتی، وادیارە هاوڕێیانی ئێوە دەستپێشخەری تەقەیان کردبێت و تەقە دەکەن، وتی پیان بڵێن با تەقە نەکەن، منیش ڕۆیشتم تەماشام کرد لە هەموو لایەکەوە، تەقە لە بینای کومیتەی ڕابەری دەکری، لەکاتی گەڕانەوەم دا (سەعدی ئەحمەد پیرە و دکتور خەسرەو هاتنە ژورەوە) من کە گەیشتمە هۆڵەکە، نەوشیروان لەوی بوو، بەڵام پشتی لە من بوو منی نەبینی، خێرا دەستی سەعدی گرتوو بردی بۆ ئەو ژورەی تەنیشت هۆڵەکە کە من لێ وەستابووم، هەر لەناو دەرگای ژورەکە بە سەعدی وت (بروسکە بکە و ئاگاداریان بکەرەوەو پیان بڵی کارەکە تەواو بوو) سەعدی بەرپرسی پەیوەندییەکانی دەرەوەی یەکیتی بوو، وجودی لەو شوێن و کاتەدا پەیوەندی بەوەوە هەبوو کە بێت و لەلایەن نەشیروانەوە پەیامەکە بە جمهوری ئیسلامی بدات.

**بۆپێشەوە: دوای هیرشی چەکدارانەی یەکێتی بۆسەر حزب و ڕیکخراوە جەماوەرییەکانی نزیک لە حزب، کاردانەوەی حزب و ڕابەری چی بوو؟**

**فوئاد سادق:** ئێمە لە ١٤/٧ ئامادەباشیەکی کەمترمان کردبوو، بە بەراورد لەگەڵ ئامادەکارییەکانمان لە ناوەڕاستی مانگی چوار کە لە لێواری دەرگیری چەکدارانە بووین لەگەڵ یەکیتی، دواتر بە گفتۆگۆ چارەسەری کاتی کرا، لە مانگی چوار حیزب هەموو ئامادەباشیەکی کردبوو، لە بارەی سیاسی و جەماوەری و تەشکیلاتی بە تایبەتی ئامادەکاریەکانی لە بارەی عەسکەریەوە، حیسابی بۆ هەموو ئەگەرو پێشهاتەکان کردبوو، تەنانەت نەخشەی زۆر وردی بۆ شەڕەکە دانابوو، دەستنیشانکردنی شوێنی شەڕەکە، کۆکردنەوەی هێزەکە لەیەک شوێن دابەشکردنیان، دەستنێشانکردنی خاڵەکان لە کاتی پاشەکشەکردندا دواتر خاڵی کۆبونەوەی هێزەکە (پێم وابێ شوێنیکی باش و پەنا بوو لە قۆپێ قەرداغ) دابینکردن و دابەشکردنی چەک و ئازوقە بە درێژای هێڵی پاشەکشە و لە قۆپی قەرەداغیش، بە وردی و لە چوارچیوەیەکی زۆر نهێنیدا، بەڵام لە ڕۆژی ١٤/٧ هەر ئەو ڕوژە دەستیان بە ئازوقە کڕین کرد، بردبوویان بۆ بارەگای ڕادیو لە گەڕانەوەدا کەوتنە کەمینی هێزیکی ئاسایشی یەکیتیەوە، دیاربوو ئاسایشی یەکیتی چاودیری وردی سەیارەکەی حیزبیان کردبوو کە لە گردەکەی ڕادیو دابەزیبوون چاودیری کرابوون، پیش گەیشتنی ئەوان بۆ شوێنی کەمینەکەی ئاسایش، پێش ئەوە بەکەمتر لە نیو کاتژمێریک (ڕزگار حاجی کایل) زۆر بە پەلە هات بۆلامان، وتی، کاک نەوشیروان ئەیەوێ لەگەڵتان دابنیشێت پێمان وت ناتوانین بە تەنها ئەو بڕیارە بدەین، بەڵکو بڕیار لای ڕابەری حزبە، وتی باشە برۆن ئەم قسەیەی کاک نەوشیروانیان پێبگەیەنە، دوای ئەوەی هەواڵەکەم گەیاند بۆ چەند دەقەیەک کۆبووینەوەو بڕیاریاندا عوسمانی حاجی مارف و تایەر حسن و من برۆین، کە ڕۆشتین نەوشیروان لە ژوری میوانی ماڵەکەی خوی چاوەڕێی دەکردین هەر کە دانیشتین، وتی: ئێوە چین؟ وا دەتانەوێ شەڕی یەکێتی بکەن، ئیتر بەپیاهەڵدانی شان و باڵی هێزەکانی یەکێتی دەستی پێکرد، کە لە قسەکانی تەواو بوو پێمان وت نە ئێوە لە ڕژێمی بەعس بەهێزترن نەئێمەش لە مەفرەزە سەرەتاییەکانی یەکێتی بێ هێزترین، نەیهێشت قسەکانمان تەواو بکەین وتی کاکە گیان بەهۆی ئێوەوە ئێمە لەژێر فشاری جدی حکومەتی عێراق و ئێرانین، هەنێ قسەی تری لەو بابەتە کرد، عوسمان پێی وت کاک نەوشیروان چ پێویستی ئەکرد ئەو هەموو هێزە کۆبکەنەوە؟ ئەگەر بابەتەکە چوڵکردنی بارەگایە ئەوە بە گفتوگۆ زۆر بە ئاسانی چارەسەر دەکرا ئێمەش ئامادە بووین لەبەخاتری خەڵکی گەڕەک بارەگاکانمان بگوازینەوە، بەڵام ئەگەر مەسەلەکە سیاسییە نیازێکی ترتان هەیە نەوشیروان یەکسەر دەستی کرد بە سوێندخواردن کە ئەوان هیچ نیازێکی تریان نییە، تەنها کێشەکە ئەوەیە کە ئێمە و دراوسێکانیش لەم هەموو هاتووچۆ و دیاردە چەکدارییە نارەحەت بوون، مەسەلە تەنها چوونە دەرەوەی بارەگاکانی ئێوە نییە بۆ بارەگای سەرجەم حیزبەکانە. لە نێو ئەم قسە و باسانەدا بووین لە هەموو لایەکەوە بوو بەتەقەکردن، هەر وەکو پێشتر باسم کرد لە نەوشیروانمان پرسی ئەو تەقانە چییە؟ وتی شەڕە! لەوە دەچێ هاوڕێیانی ئێوە دەست پێشخەریان کردبێ لە تەقەکردن، داوای لێکردین کە بچین بە هاوڕێیانی خۆمان بڵێین تەقەکردن ڕابگرن، دوای عوسمان و تایەر من ڕۆشتم ماڵی نەوشیروان دوو دەرگای سەرەکی هەبوو دەرگایەکی لە تەنیشت کۆمیتەی ڕابەری بوو لە دەرگای کۆڵانی ئەو دیوەوە داوامان لە هاوڕێیانی خومان کرد کە تەقەکردن ڕابگرن ئەوانیش پێیان ڕاگەیاندین کەئەوە ئێمە نین تەقە ئەکەین، بەڵکو چەکدارانی یەکێتین لە هەموو لایەکەوە تەقەیان لە بینای کۆمیتەی ڕابەری دەکرد بەهۆی ئەوەی کە ئێمە لە ماڵی نەوشیروان بووین هاوڕێیانی ئێمە دەست بە ستراوبوون نەیاندەتوانی تەقە بکەن لە ترسی ئەوەی نەوەک ئەوان ئازاری ئێمە بدەن کە گەڕاینەوە دەرگای تەنیشت کۆمیتە ڕابەری هاوڕێیان لە خانووی بەرامبەرەوە پێیان ڕاگەیاندین کە لە ئۆتۆمبێلی حیزب دراوە، پێشتر هێزەکانی ئاسایش لە کۆتایی کۆڵانی بەرامبەرمان بۆسەیان دانابوو. لە کاتی دەرچوونمان لە ماڵی نەوشیروان (سەرکەوتی کوبە) سەر دەکەوتە سەرەوە بو ماڵی نەوشیروان تاقمی چەکی بەستبوو (دیاربوو لەو بۆسەیەدا بوو کە تەقەیان لەئۆتۆمبێلی حیزب کردبوو) لێمان پرسی بۆ تەقەتان لە سەیارەکە کرد؟ وتی هاوڕێیانی ئێوە لەناو ئۆتۆمبێلەکەوە سەرەتا تەقەیان کرد لە ئێمە، وتمان جا بە عەقڵی کێوە ئەچێت کەسانێ لە ناو ئۆتۆمبێلە وە دەست پێشخەری تەقە بکەن، لەکاتی دەرچوونی ئێمەش لەماڵی نەوشیروان چەند فیشەکێکی قەناسیان پێوە نابن، ئەبێ زۆر سوپاس گوزاری سەیارە پیکابەکەی خۆمان و عامودەکەی بەردەم کۆمیتە ڕابەری بیین بەری بە فیشەکەکان گرت، ئەوان وتم دەست لە هەموو بەرپرسیاریەتیەک ئەکێشمەوە نامەی دەست لە کارکێشانەوەکەم نووسی و لەسەر مێزەکەی بەردەمیان دامنا. وتم من ئامادە نیم بەدیلی دەستی یەکێتی بکەوم و نامەوێ بەر پرسیاریەتی مێژووی ئەم کارە هەڵبگرم بۆیە من دەڕۆم و ئێرە بەجێدێڵم، یەکێک لە هاوڕێیان بە پێکەنینەوە وتی دەترسی بەدیل بگیرێی وتم لێرەدا بە پێویستی دەزانم باسی خاڵێک بکەم لە ڕوژی ٧/١٤ کاتژمێری ٨ سەر لەبەیانی لەکۆبوونەوەی ڕابەرایەتی (هەیئەی تەنفیزی - مەکتەبی سیاسی لە ناوەوە) کە تەنها عبدالله مەحمود بەهۆی ئەوەی لە هەولێر بوو ئامادەی کۆبوونەوەکە نەبوو، باسم لەوەکرد کە یەکێتی بۆ جێبەجێکردنی پیلانەکەی زۆر جدییە، ئێمە لە نێوان دوو ڕێگادایین ڕێگە سێیەم وجودی نییە، یان ئەوە تا برۆین و بە یەکێتی بڵێین بارەگەکانمان چۆڵ دەکەین و نامانەوێ شەڕتان لەگەڵ بکەین، ئەم کەمتەرخەمییەی لە ئێوە دەیبینم زیاتر بەرەو ئەم ڕیگەچارە دەڕوات، ڕیگەچارەی دووەم ئێمەش زۆر بەجدی شەڕ هەڵبژێرین و خۆمانی بۆ ئامادەبکەین، نەخشەکانی مانگی ٤ جێبەجێ بکەین هەر سێ بارەگای کۆمیتەی ڕابەری و ماڵی مەکتەبی ساسی و کۆمیتەی سلێمانی چۆڵ بکەین و خۆمان و هەموو هێزەکەمان لە بینای ڕادیۆ لە گەڕەکی زەرگەتە کۆبکەینەوە خۆمان بۆ شەڕ ئامادە بکەین هەر ئەو نەخشەی مانگی ٤ بۆ شەڕ و پاشەکشێ جێبەجێ بکەین، بێگومان خۆم ڕێگەچارەی دووەم بە باش دەزانم، دوای قسە و باس و بگرە و بەردە زۆربەی هاوڕێیانی ڕابەری پێشنیارەکەمیان ڕەتکردەوە لە بەرامبەر ئەو هەڵوێستەی ئێوە یەکێتی ناناسن بە تایبەت نەوشیروان هیچ حیزبێک نییە لە کوردستان دیلەکانی بە دەستی یەکێتی نەکوژرابێ، هەر بە پێکەنینەوە پێم وت جا ئەگەر بەدیلیش بگیرێین بەحوکمی ئەوەی کە زۆربەی سەرانی یەکێتی چەند ساڵ لە زیندان بەیەکەوە بووین من لە هەمووتان زیاتر پارێزراوم ئەم قسەیەم لەلایەن دوو ئەندامی (بە ئینسافی) مەکتەبی سیاسیەوە بەداخەوە بە جۆرێکی تر لێکدرابووە، لەم قسە و باسانە دابووین هاوڕێیان پێیان ڕاگەیاندم کە ئاسایش هاتوون کارەبای بارەگاکان ببڕن، ڕێگەمان لێیان گرت کە کارەبا کە ببڕن، بەڵام دواتر چوونە خوارتر کارەبای هەموو کۆڵانەکەیان بڕی پێشتریش ئاو و تێلیفۆنیان لێمان بڕی بوو، لەو کاتەدا تەماشایەکی دەوروبەری بارەگای کۆمیتەی ڕابەری و ماڵی مەکەب سیاسیم کرد تەنرابوو بە هێزی چەکدار، دابەش ببوون بە هەموو سەربانەکاندا قەناس بەدەستێکی زۆریان لەبەرامبەر هەر دوو بیناکەدا دامەزراندبوو. بۆیە بۆ من زۆر ناخۆش بوو لەو هەلومەرجە نەخوازراوەدا هاوڕێیان بەجێبێڵم ئیتر هەڵوێستەکەم دەچووە خانەی ترسنۆکی و خۆ دەربازکردنەوە بڕیارمدا بمێنمەوە سەرباری هەر ڕەخنەیەک کە هەمە ڕۆشتم دەست لەکارکێشانەوەکەم هەر لەسەر مێزەکە بوو دڕاندم و گەڕامەوە بۆ بارەگای کۆمیتەی ڕابەری...

**بۆپێشەوە: دوای ٢٠ ساڵ بەسەر ئەم ڕووداوەدا، ئیستا چۆن دەڕوانە ئەم ڕووداوە دڵتەزێنە؟**

**فوئاد سادق:** لە دووتوێی چاوپێکەوتنەکەدا کەم تا زۆرو لێرەو لەوی هەڵسەنگاندنمان بۆ سەرجەم بابەتەکان و لە هەمان کاتدا بیروبوچوون لەسەر ئەو ڕووداوە دڵتەزینە بەیان کردوە، دوو مەسەلە کە دەمەوێ زیاتر ڕوونکردنەوەی لەسەر بدەم، یەکەم: لە دوای نیوەڕو ڕۆژی ١٤/٧ ، نەوشیروان وەفدی حیزبی بانگهێشت کرد بۆ چارەسەری کێشەکە لە ڕێگای دانیشتن و گفتۆگۆوە، بەلام لە ڕاستیدا مەبەستی ئەو بۆ چارەسەرکردنی ئاشتیانەی کێشەکە نەبوو، بەڵکوو بۆ بارمتەگرتنی ئێمە بوو بۆئەوەی خۆی و ماڵەکەی لە گورزی عەسکەری هاوڕیانی ئێمە بپارێزی، بە تایبەتی زانیای وردیان (بەزۆر یان خۆوێست) لەو چەک فروشەی کە ئێمە هەندی چەکمان لێ کریبوو، کە ژمارەیەکی زۆری نارنجۆک بوو، بێگۆمان مەترسیەکی زۆری هەبوو بۆ سەر ماڵی نەوشیروان، چونکە دیواری بارگای کومیتەی ڕابەری بە تەنیشتی ماڵی ئەوانەبوو، ماڵەکەی مەکتەبی سیاسیش ڕاستەخۆ بەرامبەر ماڵیان بوو، هەڵدانی نارنجوک لە مەودایەکی کەمدا زۆر قورس نەبوو. دووەم: نە لە کۆبونەوەکانی ڕابەری حیزب و نە لەگەڵ حیزب و لایەنەکان وە نە لە ڕاگەیاندنەکانی حیزبداو تەنانەت لەو نامەیەی کە حککع بۆ یەکیتی ناردو لە هیچ جێگایەکدا پێداگری لە جێهشتن و چوڵکردنی بارەگاکانی نەکردوە، بەڵام پێداگری و سووربوونی یەکیتی کە ئەیویست بەزۆرو بەبێ دانیشتن و ڕاوێژکردن و گفتوکۆ بەسەرماندا بسەپێنێ، زۆر بە ڕوونیش دیاربوو کە کێشەی یەکیتی، کێشەی بارەگا نییە، ئەمە لە ١٦/٧ کە وفدی حیزب لە ئاسایشی گشتی دەست بەسەرکرا، یەکیک لەمەرجە سەرەکیەکانی یەکیتی قەدەغەکردنی هەڵسورانی حیزب و تەنانەت قەدەغەکردنی هەڵسوڕانی ڕێکخراوە کریکاری و ریکخراوە جەماوەرییەکان بوو، دواتریش نە هیچ حیزبیک شاری چوڵکردوو نەکەسیش هەڵسوڕانی بەم بۆنەیەوە قەدەغە کرا.

بۆپێشەوە FORWARD



# عیرفان کەریم: هێرش و دەستێوەردانی سەربازیی بارودۆخێکی ناجێگری ئەمنی و سیاسی دێنێتە ئاراوە و ڕاستەوخۆ کاریگەری دەبێت لەسەر ڕەوتی چونە پێشەوەی خەباتی جەماوەری کوردستان بۆ کۆتایهێنان بەدەسەلاتی یەکێتی وپارتی...

## دیمانەی بۆپێشەوە لەگەڵ بەڕێز عیرفان کەریم کادری حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان سەبارەت بە لەشکرکێشی و هێرشەکانی وڵاتانی ناوچەکە بۆسەر هەرێمی کوردستان

**بۆپێشەوە: هێرش و ملهوڕی وڵاتانی و ناوچەکە چ لێکەوتەو ئاکامێکی لەسەر ژیان و گوزەرانی خەڵکی کوردستان دەبێت؟**

**عیرفان کەریم:** ئەگەر ئێمە تەماشایەکی مێژووی ٣٠ ساڵی کوردستان بکەین دەبینین یەکێک لەو فاکتەر وهۆکارانەی کە ڕۆڵی گەورەیان هەبووە لە تێکدانی شیرازەی کۆمەڵایەتی ژیانی ئاسایی خەڵک لە کوردستان، هێرش و ملهوری دەوڵەتانی ناوچەکە بووە. ئەم دەوڵەتانە بەهۆکاری ئەوەی کە حکومەت و سیستەمێکی کۆنەپەرستی ئیسلامی و قەومی بەڕێوەیان دەبات، هەمیشە دەستێوەردانەکانیان لەبارودۆخی سیاسی کوردستان بۆتە مایەی ماڵوێرانی و کارەسات بەسەر خەڵکی کوردستانەوە، بۆنموونە ئێمە شاهیدی ئەوەین کە هەر کاتێک کۆماری ئیسلامی ئێران، بەمەرامێکی سیاسی دەستتێوەردانی لە کاروباری سیاسی کوردستاندا کردبێت، ئەوە ئاکامەکەی بەزەرەرو ناخۆشی بەسەر جەماوەر و خەڵکی زەحمەتکێش شکاوەتەوە. هەر لەدوای ڕووداوەکانی ساڵی ١٩٩١ و چونەدەرەی هێزە سەربازی وئەمنییەکانی ڕژێمی فاشیستی بەعس، ڕاستەوخۆ جمهوری ئیسلامی ئێران و دەوڵەتی سعودیە، بۆ مەرامە کۆنەپەرستەکانی خۆیان، دەستیان برد بۆ بەهێزکردن و زیندووکردنەوەی ڕێکخراوە کۆنەپەرستە ئیسلامییەکان لەکوردستان، و لەڕێگەی پێدانی خەڵکی کوردستانە، ئێمە هەر ئێستا دەبینین چۆن دەوڵەتی کۆنەپەرستی تورکیا بەبەرچاوی هەموو دونیاوە، و بە بیانوی جەنگی چەکدارانی (پ.ک.ک)، سەدان کەسی سیڤیلی دەکوژێت و دەیان گوندی وێران کردوە. هاوکاتی جێبەجێکردنی ئەم مەرامانەیان، ئەم دەوڵەتانە هەمیشە پاڵپشت و بەرگریکارێکی سەرسەختی دەسەڵاتی گەندەڵ و تاڵانچی یەکێتی و پارتی بوونە لە کوردستان.

**بۆپێشەوە: هۆکاری هێرش و ملهوڕی نواندنی بەردەوامی وڵاتانی ناوچەکە لە کوردستاندا، چییە؟**

**عیرفان کەریم:** ئەم دەوڵەتانە هەمیشە بۆ پاراستنی بەرژەوەندیە کۆنەپەرستەکانی خۆیان و لەنێو ململانێیەکی سیاسی و سەربازی کە لەناوچەکە و لەئاستی جیهانیدا دێتە پێشەوە، کوردستان دەکەنە مەیدانێک بۆ بردنە پێشەوەی ئەم ئامانجانەی خۆیان. هاوکات نەبوونی قەوارەیەکی دەوڵەتی لەکورستان و زاڵبونی دەسەڵاتی میلیشایی یەکێتی وپارتی و زۆر جاریش پێشلەشکری ئەمانە بۆ ئەم دەوڵەتانە، فاکتەرێکی دیکەیە کەڕێگای خۆشکردەوە ئەم دەوڵەتانە بتوانن ئاوها بەئاسانی ملهوڕی و هێرش بەرن. بەحوکمی ئەم بارودۆخەی کە لەکوردستاندا هەیە، و ئەم ناوچەیە لە نێوان دوو دەسەڵاتی بنەماڵەیی وخێڵەکی بەزەبری چەک و ملهوڕی دابەش وپارتیش زۆر بێشەرمانە پاساو بۆ ئەم جۆرە سیاسەتانە دەهێننەوە.

**بۆپێشەوە: هێرش و پەلاماردانی وڵاتانی ناوچەکە بۆسەر ناوچە سنورییەکان و کوردستان، چ کاریگەرییەکی لەسەر بزووتنەوەی ناڕەزایەتی خەڵکی کوردستان بەدژی دەسەڵاتدا دەبێت؟**

**عیرفان کەریم:** بێگومان هەر هێرش هاتنە ناوەوەی هێز لەلایەن ئەم دەوڵەتە کۆنەپەرساتەنەوە، کاریگەریی زۆر خراپ و کارەساتباری دەبێت بەسەر بزووتنەوەی ناڕەزایەتی خەڵکی کوردستانەوە. دەسەڵاتی بۆرژوا تاڵانچی لەکوردستان بۆ درێژەدان بەمانەوەی خۆی، هەمیشە سوود وەردەگرێت لەم هێرش وسنوربەزاندنانەی ئەم دەوڵەتانە، ئەمان دەزانن ئیدی کرێکارو خەڵکی ئازادیخوازی کوردستان هیچ متمانە وهیوایەکیان بەم دەسەڵاتە نەماوە، بۆیە سیاسەتی بێدەنگی و هاوکاریکردنی ئەم دەوڵەتانە دەگرنەبەر. ئەم هێرش و دەستێوەردانی سەربازییانە بارودۆخێکی ناجێگری ئەمنی و سیاسی دێنێتە ئاراوە و ڕاستەوخۆ کاریگەری دەبێت لەسەر ڕەوتی چونە پێشەوەی خەباتی جەماوەری کوردستان بۆ کۆتایهێنان بەدەسەلاتی یەکێتی وپارتی. ئەم دەوڵەتە کۆنەپەرستانە لەڕێگەی هێرشی سەربازی بۆسەر ناوچە سنوریەکان و بە

> **نەبوونی قەوارەیەکی دەوڵەتی لەکورستان و زاڵبونی دەسەڵاتی میلیشایی یەکێتی وپارتی و زۆر جاریش پێشلەشکری ئەمانە بۆ ئەم دەوڵەتانە، فاکتەرێکی دیکەیە کەڕێگای خۆشکردەوە ئەم دەوڵەتانە بتوانن ئاوها بەئاسانی ملهوڕک و هێرش بەرن ...**

پارە و پوول و کۆمەکی سەربازی و کردنەوەی چەندین بارەگا بۆیان، ئەم لایەنانەی لەبەرامبەر خەڵکی ئازادخوازی کوردستان زیندوو کردەوە، سەرئەنجام بینیمان چۆن ئەم ڕێکخراوانە بوونە بەڵایەک بەسەر بەرەی یەکسانیخواز و ئازادیخواز لەکوردستان، و چەندین کردەوەی تیرۆر و تەقاندنەوەیان ئەنجامدا، و چەندین کەسی ئازادیخواز بوونە قوربانی دەستی تیرۆری ڕەشی ئەمانە. شانبەشانی ئەم کردەوانە، ئەم لایەنانە سونەت و نۆرمە کۆنەپەرستەکانی سەدەی جاهلیەتیان لەکۆمەڵگەی کورستاندا برەو پێداو پەلامارێکی بەرفراوانیان بۆ سەر ماف و ئازادییە شەخسیەکان دەستپێکرد، و بەئاشکرا لەسەر شەقامەکان فەتوای تێزاب کردن بەسەر لەشی ئافرەتانییێکدا دەرکرد کە جل وبەرگی ئەم سەردەمەیان دەپۆشی. هەروەها فەتوای کوشتنی چەندین کەسایەتی و رابەرانی نێو بزووتنەوە کۆمۆنیستی و کرێکاری لەکوردستاندا دەرکردو سەرئەنجام بەکردەوە، چەندین کەسیان لەم بزووتنەوەیە تیرۆرکرد. هەربۆیە هەر دەستێوردانێکی سیاسی ئەم دەوڵەتانە هەمیشە دژ بە بەرژەوەندییەکانی بووە بەسەر دوو زۆنی سیاسی کە لەکوردستان بە زۆنی (زەرد وسەوز) ناسراوە، واتە ناوچەی ژێر دەسەڵاتی پارتی ویەکێتی. ئەم دوو هێزە سیاسیە بەهۆی ئەوەی هەر لەسەرەتای پێکهێنانی دەسەلاتەکەیانەوە لە ساڵی ١٩٩٢، پشتیان بەهێزو متمانەی جەماوەری کوردستان نەبەستوە، چونکە لەبنەڕەتدا ئەمانە ئەحزابێکی بۆرژوا تاڵانچین و هیچ کاتێک ئامانجیان بەدیهێنانی ژیان و ئایندەیەکی گەش و ئینسانی نەبووە بۆ خەڵکی کوردستان، هەربۆیە هەمیشە هەر لایەنێکیان لەپێناو پاراستنی مەرامەکانی خۆیان، خۆیان خستۆتە نێو باوەشی یەکێک لە دەوڵەتانی ناوچەکە، لەوانەش تورکیا وئێران وعێراق و سوریا. ئەم دەوڵەتانە لەهەر بارودۆخێکی سیاسی کە تیایدا جۆرێک لەململانێی سیاسی وسەربازی بێتە کایەوە، ئەوا ڕاستەوخۆ کوردستان دەکەونە یەکێک لەمەیدانەکانی ئەم ململانێ کۆنەپەرستانەی خۆیان. ئەم دەوڵەتانە دەزانن کە لەکوردستاندا دەسەڵاتێک نییە کە ڕێگریان لێبکات ولەبەرامبەریاندا بوەستێتەوە. بەڵکو دوو هێزی میلیشیایی دەبینن کە هاوکاری و پێشلەشکریان بۆدەکەن. یەکێتی پەلاماری فرۆکەی سەبازی و بۆردومانی گوندەکانی سەرسنور و دەستبردن بۆ تیرۆری کەسانی سەر بەئەحزابی نەیاری خۆیان لەکوردستان، فەزاو کەشێکی نائەمنی وترس دەخوڵقێنن. ئەمەش سەرئەنجام سەرنج و ڕوانینی کۆمەڵگە بەلاڕێدا دەبات. بەڵام واقعیەتی ئەم چەند مانگەی پێشوو ئەو ڕاستیەی سەلماند کە دەکرێت جەماوەری ناڕازی و یەکسانیخوازی کوردستان، هاوکاتی خەبات لەپێناو بەدیهێنانی خواستەکانی خۆی لەبەرامبەر دەسەڵاتی تاڵانچی بۆرژوازی یەکێتی وپارتی، دەکرێت سیاسەتی ملهوری و سنوربەزاندنی دەوڵەتانی کۆپەرستی ناوچەکەش ڕیسوابکەن و لەبەرامبەریدا بوەستنەوە. خۆپیشاندان وناڕەزایەتییەکانی جەماوەر دژ بەلەشکرکێشی تورکیا لە شارو شارۆچکەکانی کوردستان و هاوکات لە وڵاتانی ئەورووپا و جیهان.

**بۆپێشەوە: لەئەگەری هێرشی سەربازی تورکیا یان ئێران بەشێوەی فراوان بۆ ناو هەرێمی کوردستان، چارەنووسی دەسەڵاتی هەرێم و حکومەت چی بەسەر دیت؟**

**عیرفان کەریم:** هەروەکو چۆن لە وەڵامی پرسیارەکانی پێشووتردا ئاماژەم بە سیاسەتی هاوکاری و پێشلەشکری هەردوو حزبی دەسەڵاتدار کرد بۆ دەوڵەتانی ناوچەکە، واتە یەکێتی وپارتی. بە حوکمی ئەوەی ئەم دوو حزبە خاوەنی هێزی ئەسڵی ئەم دەسەڵاتەن لە کوردستان، حکومەتی هەرێم هیچ کاتێک دەسەڵات وبەرژەوەندیەکانی ناکەوێتە بەر پەلاماری ئەم دەوڵەتانە، چونکە ئەگەر تەماشایەکی سیاسەتی هاوکاری وهاوسەنگەری ئەم دوو حزبە و ئەو لایەنانەی کە لەحکومەتەکەی ئەماندا بەشدارن، ئەوە ئێمە بەڕوونی دەبینین کە بۆ نموونە چۆن ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان مەیدانێکی کراوەیە بۆ ملهوری و دەستێوەردانی کۆماری ئیسلامی ئێران، بەجۆرێک ئەم دەوڵەتە یەکێتی نیشتیمانی بە هاوکارو هاوسەنگەری خۆی دەزانێ بە درێژایی ٣٠ ساڵی ڕابوردوو هەرکاتێک هەستی بەپێویستی زانی بێت دەستێوەردانی سەربازی وئەمنی کردوە و سەدان کەسی لە موخالیفینی سیاسی خۆی لەو ناوچەیە تیرۆرکردوە.

بەهەمان شێوەش بۆ ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی پارتی دیموکراتی کوردستان، ئەم لایەنە هاوسەنگەر و هاوکارێکی سەرسەختی حکومەتە شۆڤێنیەکەی ئۆردوغانە لەتورکیا، هیچ کاتێک لەبەرامبەر بۆردومان و ملهوری سەربازی تورکیادا ناڕەزایەتی دەرنەبریوە، بە پێچەوانەوە ئەم ناوچەیە بۆتە مەیدانێک کە تورکیا بتوانێت بەئاسانی پێگە و جێگە و ڕێگەی نەیارانی سیاسی خۆی بۆردومان بکات و خەڵکی بێتاوانی ناوچەکە بکاتە قوربانی ئەم ئامانجانەی خۆی. ئەوەی کە لەئێستادا بۆتە جێگای مەترسی بۆ سەر ژیان وگوزەرانی خەڵکی کوردستان، مانەوەی دەسەڵاتی گەندەڵی و میلیشیایی یەکێتی وپارتیە بەسەر موقەدەرات و ژیانی خەڵکی کوردستانەوە. چونکە لەئەگەری هەر پەلامارێکی سەربازی دەوڵەتی تورکیا یاخود کۆماری ئیسلامی ئێران بۆسەر کوردستان، بەبروای من هیچ چاوەڕوانیەک لەوە ناکرێت کە ئەم دوولایەنە وئەحزابەکانی نێو پێکهاتەی حکومەتی هەرێم سەنگەرێکی مقاوەمەت بۆ دیفاع لە خەڵکی کوردستان پێکبهێنن. ئەمانە مێژوویان شاهیدە لە ئەنجامدانی دەیان کارەساتی لەبابەتی ٣١ ی ئاب و ١٦ ی ئۆکتۆبەر و شەنگار. ئەمانە ژیان و گوزەرانی خەڵکی کوردستان دەکەنە قوربانی نێو گەمە پیس وشاراوەکانیان، هەروەکو چۆن لە کارەساتی بەدەستەوەدانی شارۆچکەی شەنگال بینیمان لەکاتی هێرشەکانی چەکدارانی داعش بە بەرچاوی هەموو دونیاوە هێزە چەکدارەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان بەبێ هیچ بەرگری و مقاوەمتێک، لەماوەی چەند کاتژمێرێکدا هەڵاتن و ژیان و چارەنوسی هەزاران ژن و منداڵ و خەڵکی سیڤیلیان تەسلیم بە چەتەکانی داعش کرد.

لە ئەگەری هەر هێرشێکی فراوانی دەوڵەتی تورکیا یاخود جمهوری ئیسلامی ئێران بۆ سەر هەرێمی کوردستان ئەو هێزە ڕاستەقینەیەی کە ئامادەیە دیفاع لە ژیان و گوزەرانی خەڵک بکات، ئەوە هێزی جەماوەری چەکداری خەڵک و کۆمۆنیست و چەپەکانە، سەرەڕای بوونی سەدان هەزار چەکدار لە هێزەکانی یەکێتی وپارتی، بەڵام ئەم هێزانە سیفەتی میلیشییان هەیە و لەلایەن دووبنەماڵەوە کۆنترۆڵکراون و بۆ پاراستنی بەرژەوەندیەکان ئەم دوو بنەماڵەیە و ملیۆنێر وسەرمایەدارەکانی دەوروبەریان، بەکاردەبرێن. ئەوەی کە پێی دەڵێن حکومەتی هەرێم جگە لەدەسەڵاتی میلیشایی یەکێتی و پارتی هیچی دیکە نییە، و ئەمانە لەبەرامبەر سیاسەتی کۆنەپەرستی دەوڵەتانی تورکیا وئێران سازشدەکەن و خۆیان بەبەشێک لە خزمەتکارانی سیاسەتی ئەوان دەزانن، و هیچ کات بەرژەوەندیەکانیان ناکەوێتە ژێرمەترسیەوە.



# بێریڤان محەممەد: تورکیا لە ڕێگەی پارتیەوە قسەی خۆی دەکات، چەواشەکاری دەکات، بەرپرسانی باڵای پارتی تا سەرۆکی هەرێم و حکومەت شەرعیەت دەدەنە هێرش و داگیرکاری دەوڵەتی تورکیا ...

## دیمانەی بۆپێشەوە لەگەڵ بەڕێز بێریڤان محەممەد ڕۆژنامە نووس و چالاکوانی سیاسی مافەکانی ژنان و ئەندامی سەرکردایەتی تەڤگەری ئازادی کۆمەڵگەی کوردستان...

**بۆپێشەوە: لە ئەگەری هێرشی سەربازی تورکیا یان ئێران بەشێوەی فراوان بۆ ناو هەرێمی کوردستان، چارەنووسی دەسەڵاتی هەرێم و حکومەت چی بەسەردا دیت؟**

**بێریڤان محەممەد:** ناوچەکە لەناو سێهەمین جەنگی جیهانیدا دەکولێت، کوردستانیش بۆتە چەقی ئەم جەنگە، لە کۆلۆنیالیزمی ئەورووپاوە تا نیولیبراڵیزمی ئەمەریکی، تا ستاتۆ پارێزەکانی ناوچەکە و هەندێک لە هێزەکانی دیکەش وەک ڕووسیا و چین کە وەک دوو هێزی کۆلۆنیالیستی نوێ هاتوونەتە ناوچەکە، هەموو لە هەوڵی سەپاندنی هەژموونی خۆیانن، بەشێکیان ئامانجیان ئەوەیە حساباتەکانیان لەسەر گەلی کورد یەکلایی بکەنەوە، لەبەرامبەر ئەوانەشدا بەرەی ئازادیخوازی هەیە کە لە کورد بە پێشەنگایەتی کەجەکە و بەشێک لە نەتەوەکانی ناوچەکە و چەپ و ئازادیخوازانی جیهان پێکدێت، و لەڕۆژئاوای کورستانەوە وەک مۆدێلێکی سیستەمی دیموکراتی و ئازاد پێشکەوتووە.

تورکیا و ئێران دوو دەوڵەتی ستاتۆپارێزن لە داگیرکاریدا پاشخانی سەدان ساڵەیان هەیە، لەسەر بنەمای داگیرکرنی کوردستان و لەناوبردنی کورد و ناسنامەکەی، بنیادنراون و مانەوەی خۆشیان لە داگیرکردنی کوردستاندا دەبینن. بۆ کورد نەک ئازادی و سەربەخۆیی، تەنانەت فیدراڵی و ئۆتۆنۆمیش بەڕەوا نابینن، لەسەرەتای دروستبونی هەرێمی کوردستانیشەوە وێڕای هەموو پەیوەندییە ناتەندروستەکانیشیان لەگەڵ دەسەڵاتداران، دژایەتی خۆیان نەشاردۆتەوە، تورکیا بۆخۆی دەڵێت لە ساڵی ١٩٩١ هەڵەمان کردووە هێشتومانە ئەو قەوارەیە لە باکوری عێراق دروست بێت، ئێرانیش بەهامان شێوە ٢٩ ساڵە لەهەوڵی لەناوبردنی دەسکەوتەکانی کورد لەم بەشە نەوەستاون، بەردەوامبوون لە پیلانی لەناوبردن یان لاوازکردن و هێشتنەوەی هەرێم لەژێر هەژمونیاندا، بەڵام ئێران بەهۆی دۆخی ئاڵۆزی ناوخۆی و دەرەکی پێگەیەکی لاوازتری هەیە لەو شەڕەدا بە بەراورد بەو پێگە ناوەندییەی تورکیا لە دژایەتی کورداندا هەیەتی. بۆ تێگەیشتن لەمەش دەبێت ڕاستیەکانی پشت درووستبونی کۆماری تورکیا و ڕۆڵی تورکیا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بۆ پاراستنی سیستەمی سەرمایەداری وهەژموونی بەرژەوەندی هێزە ئیمریالیستە جیهانیەکان لەناوچەکەدا.

تورکیا هێرشی داگیرکاری بەشێوەی بەرفراوان دەمێکە دەست پێکردوە، پێشتریش بەکردنەوەی دەیان بنکەی سەربازی و جێگیرکردنی چەکی قورس و سوپا، کردنەوەی دەیان بنکەی سیخوڕی لەسەرجەم شارو شارۆچکەکان، وەگەڕستنی ماشێنی ڕاگەیاندن کە بە پارەی خەڵکی هەرێم بەڕێوە دەچن، ئامادەکاری تەواوی کردوە، هەرگیز تورکیا ستراتیژی خۆی لە داگیرکردنی باشوری کوردستان نەشاردۆتەوە، گێڕانەوەی هەژمونیان تاسنورەکانی میساقی میلی، کە باشوری کوردستانیش بەشێکە لیی سیاسەتی ئێستای تورکیایە، دەیانەوێ تا ساڵرۆژی دروستبونی کۆمار ئەم ئامانجە ستراتیژیە سەربخەن. ئەحمەد داود ئۆغڵوو تیۆریسیانی ئاکەپەی ئیخوانی لە پەڕتوکی قوڵایی ستراتیژی ئەم ڕاستیەی بەئاشکرا ئاماژە پێکردووە، تورکیا تەواوی پەیوەندیەکانیشی لەگەڵ هێز و دەسەڵاتە هەرێمی و نێودەوڵەتییەکان لەم پێناوە خستۆتەگەڕ، هەرێمی کوردستان بەبێدەنگی داگیرکراوە، پەرلەمان دەمێکە لەکار خراوە، حکومەتەکەی جگە لە هەندێ کاری کارگێری ورد ئیرادەیەکی دیکەی نەماوە، لەڕێگای گرێبەستی ٥٠ ساڵەوە، ئابووری و بڕیاری سیاسی و ئەمنی و کلتووری و بەشی زۆر لە خاکەکەی تەسلیمی تورکیا کردووە.

هەرێمی خستووەتە ژێر داگیرکاریەوە، ئەگەر بەرگری گەل هاوشانی گەریلا پێشنەکەوێ، سەدەیەکی ترش ڕووبەڕووی لەناوبردن و جینۆسایدێکی ئەمەرنی ئاسا دەبینەوە .

**بۆپێشەوە: ڕۆڵی پارتی ویەکێتی، لەهێرشی وڵاتانی ناوچەکە بۆسەر کوردستان چۆن دەبینن؟**

**بێریڤان مەحەمەد:** پارتی وەک حزبی یەکەم و یەکێتیش وەک هاوکاری مێژوویەکی خراپیان لەڕووی بەڕیوەبردن و پاراستنی گەلدا تۆمار کردووە. هەلی گەورە لە ١٩٩١ و ٢٠٠٣ و ٢٠١٤ دا بۆ ئازادی و چەسپاندی مافی گەل هاتە پێشەوە، بەڵام بەهۆی چاوچنۆکی و شەڕی دەسەڵات و بەرژەوەندی ماددی و شەخسی هەلەکان لەدەستچوون. بەپێچەوانەوە خەڵکیان برسی کرد و لە ژیان و تێکۆشان بێئومێدیان کرد، دەرفەتیان کردەوە بۆ دەستێوەردانی تورکیا و ئێران و پەلکێشیان کردن بۆ جێبەجێکردنی پیلانەکانیان، دۆخێک کە ئێستا کۆمەڵگەی تێدا دەژی ئەوان لێی بەرپرسیارن، ئەوان نەیانهێشت کۆنگرەی نەتەوەیی دیموکراتی دروست ببێت و کورد لەناوخۆیدا و لەگەڵ نەتەوەکانی دیکەشدا یەکێتیەکی بەهێزی هەبێت.

پارتی بۆتە وتەبێژی و چاوساخی تورکیا، تورکیا لە ڕێگەی پارتیەوە قسەی خۆی دەکات، چەواشەکاری دەکات، بەرپرسانی باڵای پارتی تا سەرۆکی هەرێم و حکومەت شەرعیەت دەدەنە هێرش و داگیرکاری دەوڵەتی تورکیا و دەڵێت تورکیا بەهۆی پەکەکەوە هێرش دەکات، کەلەڕاستیدا بەهۆی لاوازی و تەسلیمکاری سیاسی ئەوانەوە تورکیا باشور داگیر دەکات.

ئەگەر بەرخودان و بەرگری گەریلاکانی پەکەکە و نارەزایەتی و خۆپیشاندانەکانی گەل پشتیوانی چەپ و دیموکراتە ناوخۆیی و جیهانییەکان نەبوایە دەمێک بوو باشوور بەڕەسمی دەخرایە سەر نەخشەی ئێستای تورکیا. پارتی و هاوسیاسیەکانی بوونەتە هێزی دژە شۆڕش و لەهەمان کاتدا بوونەتە ئاستەنگ و لەناوبەری هەر هێزێکی ئازاد و دیموکرات لە باشوور دروست ببێت.

**بۆپێشەوە: خەڵکی کوردستان لەبەرامبەر هێرش و ملهوڕی وڵاتانی ناوچەکە دەبێ چی بکەن؟ و چ ئەرکێکیان دەکەوێتە ئەستۆ؟**

**بێریڤان مەحەمەد:** مانەوەی گەل بەندە بە ئاستی تێکۆشانیەوە، داگیرکاری تا ناو ماڵەکانمان هاتووە، تەنها یەک ڕێگا لە بەردەمانە، ئەویش تێکۆشانێکی هاوبەشە لە پێناو ئازادی و خۆبەڕێوەبەریدا. گەلەکەمان خۆی خاوەنی دەسکەوتەکانی هەرێمە و قوربانی بۆ داوە و دەبێت بیپارێزێت، نابێت بیکاتە قوربانی چەند دەسەڵاتدارێکی ستەمکار و تەسلیمکار و گەندەڵ، دەبێت ئەوە لای هەمووومان ڕوونبێت داگیرکاری نەمێنێ ئەم دەسەڵاتدانەش نامێنن. داگیرکاری نەمێنێ ژن کوژی و چەوسانەوە و قەیرانی ئابوری و قەیرانەکانی تریش نامێنن. هەربۆیە ئەرکە ئەو نارەزایەتیانەی لە شەقامەکان هەیە دژی داگیرکاری و ناعەدالەتی ئابووری و کۆمەڵایەتی جیاوازی چینایەتی بکەینە یەک و بەهێزی بکەین، ئەو نارەزایەتیانەی لە تۆرکۆمەڵایەتیەکان هەیە بیبەینە لای ئەوانەی لە شەقامەکانن، هاوڵاتیان لە بادینانەوە تا گەرمیان وخانەقین خۆیان ڕێکبخەن و نارەزایەتیەکانیان بە پلان و بەرنامەی فراوان و هاوبەش پێشخەن و ئەڵتەرناتیڤی خۆیان لە ڕووی پاراستن و سیاسەت و سیستەمەوە دروستکەن، ئەمە دەبێتە وەرچەرخانێکی مەزن و پیلانەکان پوچەڵدەکاتەوە.

**بۆپێشەوە: هێزە بەناو ئۆپۆزیسیۆنەکانی هەرێم، هەڵوێستیان لەبەرامبەر لەشکرکێشی و ملهوڕی وڵاتانی ناوچەکە چۆنە؟**

**بێریڤان مەحەمەد:** ئەو هێزانەی لەناوپەرلەمان و حکومەتن و خۆشیان بە ئۆپۆزسیون ناو دەبەن، ڕۆڵی سەر ڕاوەشاندن بۆ بڕیار و سیاسەتەکانی پارتی دەبینن، بەداخەوە گەر ئەوانە خاوەن ئیرادە و سیاسەتێکی ڕون و رادیکاڵی نیشتیمانی بونایە و ئەولەویەتیان بەرژەوەندی بچوکی حزبی نەبوایە، گۆڕەپانەکە بەم جۆرەی ئێستا بۆ دەسەڵاتی خۆسەپێن چۆڵ نەدەبوو، و بوێری ئەوەیان نەدەکرد کە ئێستا دەیکەن. چیدی ناکرێت هیوا لەسەر ئەوانە هەڵبچنرێت، مەگەر بەجورئەتەوە پاشەکشە لەو سیاسەتە بکەن هاوشانی تەڤگەری ئازادی و خەڵکە ئازادیخوازەکە بە بوێریەوە و بەدەنگی بەرز بڵێن ئێمە دژی داگیرکارین و ئەو دەفەتە مەزنانەی لە پێشیانە لەدژی داگیرکاری بیخەنە کار، ئەمە زۆر چاوەروان کراو نییە، هەرێمی کوردستان پێویستی بە ئۆپۆزسیونی بەهێزە، پێویستی بە بەرەی ئۆپۆزسیونە لە چەپ و دیموکرات و ئازادیخوازەکان بۆئەوەی پێشەنگایەتی نارەزایەتییەکان بکات و ئەڵتەرناتیڤی ئەم حزب و دەسەڵاتە پێش بخات، پێویستە هەرچی دڵسۆزە لەم قۆناغەدا بە بیروڕای جیاوازەوە لە پێناو ئازادی بێنە لای یەک لە دژی داگیرکاری دەرەکی و ستەمی ناوخۆی تێکۆشانێکی ڕادیکاڵ و فراوان پێش بخەن.

> **ناوچەکە لەناو سێهەمین جەنگی جیهانیدا دەکولێت، کوردستانیش بۆتە چەقی ئەم جەنگە، لە کۆلۆنیالیزمی ئەورووپاوە تا نیولیبراڵیزمی ئەمەریکی، تا ستاتۆ پارێزەکانی ناوچەکە و هەندێك لە هێزەکانی دیکەش وەك ڕووسیا و چین کە وەك دوو هێزی کۆلۆنیالیستی نوێ هاتوونەتە ناوچەکە، هەموو لە هەوڵی سەپاندنی هەژموونی خۆیانن، بەشێکیان ئامانجیان ئەوەیە حساباتەکانیان لەسەر گەلی کورد یەکلایی بکەنەوە...**

> **پاساوی ڕژێمی فاشیستی تورکیا بۆ ئەم هێرشانەی لەوە دەرچووە هەر بوونی هێزە سیاسییە نەیارەکانی یان پاراستنی سنورەکانی بێت لە دزەی هێزە چەکدارەکانی ئۆپۆزیسیۆنی تورکی، بەڵکو لە زمانی گەورە بەرپرسانی تورکیاوە باس لە گێڕانەوەی "عەهدی میللی" دەکرێت کە گێڕانەوەی بەشێکی زۆر لە شارو شارۆچکەکانی عێراق بۆ باوەشی ئیمپراتۆرییەتی داهاتووی تورکیا، بەیان دەکات...**



# دژوار ڕێبوار: تورکیا ئەو خەونەی کە هەیەتی لەناوچەکەدا فراوانترکردنی پێگەیەتی و پێی وایە کە بەشێك لەم ناوچەیە تاپۆی ڕەشی بەناوی خۆیەتی...

## دیمانەی بۆپێشەوە لەگەڵ دژوار ڕێبوار چالاکوانی سیاسی سەبارەت بە هێرشی وڵاتانی ناوچەکە بۆسەر هەرێمی کوردستان...

**.بۆپێشەوە: هێرشی ئەمجارەی تورکیا بۆسەر کوردستانی عێراق و ناوچە سنورییەکان، فراونتر و لەوەدەچێت درێژ مەوداتر بێت لە جارانی پێشوو، هۆکاری ئەمە چییە؟**

**دژوار ڕێبوار:** تورکیا لە ئێستادا بەدیار چەندین کێشەوە دەناڵێنێت، لە ناوخۆدا پارتی فەرمانڕەوا وەزعی باش نییە، بەهۆی کێشەی ناوخۆیی (دادوگەشە) و جیابوونەوەی چەندان پەرلەمانتاری ئەو حیزبە و چەندین سەرکردە و کەسی نزیکی ئەردۆغانەوە، ترسی لای ئەردۆغان درووستکردووە، دواجار دۆڕانی هەڵبژاردنی شارەوانیی ئەستانبول بە حیزبی ئۆپۆزیسیۆن (جەهەپە)، کێشەی گولەکانییەکانیش لەلایەکی ترەوە. ئەمانە لە ناوخۆدا بوون بە بەربەست و مەترسی لەسەر ئەردۆغان و پرۆژەکانی کە بە زیندووکەرەوەی عوسمانی دادەنرێت. مەشغوولکردنی خەڵکانی ناوخۆ بە کێشەی دەرەوە ئامانجی ئەردۆغانە، تاکو لە هەڵبژاردنەکانی داهاتوودا بیباتەوە، کە ئەمەش ئەستەمە، چونکە کێشەکان قووڵ و ڕیشەدارن. هێرشی ئەمجارەی تورکیا فراوانترە بەوپێیەی سوپای تورکیا ئێستا لەنێو هەریەک لەوڵاتانی عێراق (باشوری کوردستان)، سوریا و لیبیاش هەن. هۆکاری ئەوەی ئەم دەخالەت و لەشکرکێشییەی بۆچووەتە سەر لەنێو ئەو وڵاتانە، ئەوەیە کەحکومەتەکانی ئەم سێ وڵاتە بەگشتی لاوازن، و ئێستا خاوەنی بێقوەتترین سیادەن لەمێژووی خۆیاندا. بەسروشتی هەمیشەیی ناوچەکە لەپێش گۆڕانکاری سیاسیی و سەربازییدایە، تورکیاش کەیەکێکە لەدەوڵەتە بەهێزەکانی ناوچەکە ئەیەوێ ڕۆڵی هەبێ و سەهم و پشکی خۆی لەنێو ئەو وڵاتانەدا درووستبکات و بیانپارێزێت.

لە سوریا؛ ڕۆڵی تورکیا بەرەو لاوازیی دەچێت، ئەو هێزە تیرۆریستیانەی کە نزیک بە سیاسەتی تورکیان، وەزعیان باش نییە و دوور نییە کە بەیەکجاریی وەلاوە بنرێن، چونکە کۆدەنگییەکی لەسەرە کە ئەو هێزانە بە ڕێککەوتن بێ یاخود بە لێدان لێیان ئەوە جێگایانەیان پێ چۆڵ بکرێت، بەهەر دیوێکدا ئەمە مەترسیە بۆسەر تورکیا و بەرژەوەندییەکانی.

هێرشی ئەمجارەی بۆسەر هەرێمی کوردستانیش بەدەر نییە لەو هاوکێشەیەی کە بە خێرایی بەسەریدا ڕۆشتم لەسەرەوە. تورکیا ئەو خەونەی کە هەیەتی لەناوچەکەدا فراوانترکردنی پێگەیەتی و پێی وایە کە بەشێک لەم ناوچەیە تاپۆی ڕەشی بەناوی خۆیەتی! لەگەڵ ئەمانەشدا پاساویی پەکەکەی هەیە و دەیەوێت لەو ڕێگەیەوە هێرش بکات لەو شوێنانەی مەبەستیەتی لەنێو خاکی باشووردا بمێنێتەوە.

**بۆپێشەوە: هێرشەکانی ئەمجارەی تورکیا، ئەگەر لە درێژەی هێرشەکانی ساڵانی ڕابردوشدا بێت، بەڵام هەڵگری ئەجندای ترە... وەکو لە زمانی گەورە بەرپرسانی تورکیادا دێت، باس لە" میساقی میللی" دەکرێت، کە گێرانەوەی ئەو ناوچەو شوێنانەی ژێر دەسەڵاتی سەردەمی ئیمپراتۆریەتی عوسمانییە" ولایەتی موسڵ"، بۆ باوەشی تورکیا... چۆن دەڕواننە چوونە سەری تموحەکانی تورکیا؟**

**دژوار ڕێبوار:** تورکیا سەردەمانێکە باس لەوە دەکات ئەو شوێنانە هی خۆیەتی، بەڵام لەسەردەمی حوکمڕانی دادوگەشەوە زیاتر، چونکە ئەم حیزبە زیاتر خۆی بە میراتگیری عوسمانی دەناسێنێت، بەهۆی ئیسلامیی بوونەکەیەوە. خەونی ئەردۆغان درێژەدان و زیندووکردنەوەی ئیمپراتۆریەتی عوسمانییە! ڕژێمەکانی تورکیا بەدرێژای مێژوو کۆمەڵێک ئەجێندایان هەیە، و چۆن توانیبێتیان کاریان بۆکردووە، بەگشتی ناسیۆنالیستی تورک چاویان لەسەر تەواوی ناوچەکەیە، وە بەدیاریکراوی شاری کەرکووک و شاری موسڵ، و ئامانجیان ئەوەیە جارێکیتر بەفعلی و بەتەواوی قەڵەمڕەویی خۆیان لەوناوچانە بسەپێنن و جێگیربکەن.

لە ڕووی سەروەریی خاکەوە وەزعی هەرێم و عێراقیش باش نییە، بۆیە بەو شێوەیە کە تورکیا دەتوانێت ئاوا پێ درێژ بکات و سنوورەکان ببەزێنێت.

**بۆپێشەوە: بەجیا لەبوونی دەیان بارەگاو بنکەی ئاشکراو نهێنی، سەبازی و هەواڵگری هەردوو ڕژێمی تورکیاو ئێران، ناوە ناوەش هێرشی سەربازی ڕاستەوخۆ یان بۆردومان و تۆپبارانی ناوچە سنورییەکان دەکەن، هۆکاری ئەم لەشکرکێشی و هێرشانە چییە؟**

**دژوار ڕێبوار:** تورکیا لە ئێستادا خاوەنی چەکی بەهێزە لە ئاستی دونیادا، ئەندامی ناتۆیە، خاوەنی سیستەمی بەرگریی S400ی ڕووسیە، کە بەهێزترین سیستەمی بەرگرییە لە جیهاندا، خاوەنی چەندین درۆن (فڕۆکەی بێفڕۆکەوان) و چەک و کەرەستەی پێشکەوتووە، بەرژەوەندی زلهێزەکانی جیهان بەتایبەت ڕووسیا و ئەمریکا لەگەڵ تورکیایە و هەمئاهەنگیان هەیە؛ بۆیە بۆ وڵاتێکی وا زۆر قوورس نییە ئەو هێرشانە لە قووڵایی هەرێم ئەنجامبدات، ئەمە وێڕای ئەو خاڵانەی لە وەڵامی پرسیارەکانی سەرەوەش ئاماژەم پێدا، کە وایانکردووە تورکیا دەستکراوەبێت.

**بۆپێشەوە: لەبەرامبەر هێرشەکانی تورکیا و بە پاساوی ڕێگری لە پێشرەوی سوپای تورکیا، بەشێک لە هێزەکانی پاسەوانی سوپای عیراقی لەچەند ناوچەیەکی سنور جێگیر کران، چۆن دەڕواننە ئەم پێشهاتە؟**

**دژوار ڕێبوار:** ئەو هێزانەی هێنراون دەوترێت کە سەر بە حکومەتی عێراقن، لەگەڵ ئەوەشدا ئەو بەرپرسەی کەلەگەڵ ئەو هێزەدا هاتووە کوردە، بۆیە جێگیرکردن بە هێزەکە بە هەمئاهەنگی بووە. ئەو هێزەی لەوێیە حەتمەن دەسەڵاتی وەڵامی هێرشەکانی تورکیای هەیە، بۆیە ڕەنگە بۆ لایەنی کەمی ئەهوەنکردنەوەی وەستاندنی پێشڕەوییەکان ڕۆڵێکی باشی هەبێت لانی کەم بۆ ئەم قۆناغە، چونکە لەڕووی نێودەوڵەتییەوە ڕەنگە شەڕ و پێکدادانی لەگەڵ پێشمەرگە و هێزە کوردیەکانیتری بۆبچێتە سەر ئەمە ڕاستەوخۆ مەترسی لەسەر حیزبێکی وەکو پارتی دیموکراتی کورستان هەیە، بۆیە پارتی بۆ ئەوەی هێز و سەنگی خۆی لەدەستنەدا ئیتفاقی لەگەڵ هێزە عێراقییەکە کردووە لەسەر هاتنیان بۆ سنوورەکان و جێگیربوونیان، تورکیاش ئەوکات ناتوانێت دەست لە هێزێکی عێراقیی بکاتەوە بە ئاڵای عێراقەوە و لەنێو خاکی عێراقدا، ڕەنگە نهێنی هێنانی ئەم هێزە و جێگیرکردنی هەر ئەمە بێت..

**خەونی ئەردۆغان درێژەدان و زیندووکردنەوەی ئیمپراتۆریەتی عوسمانییە، ڕژێمەکانی تورکیا بەدرێژای مێژوو کۆمەڵێك ئەجێندایان هەیە، و چۆن توانیبێتیان کاریان بۆکردووە، بەگشتی ناسیۆنالیستی تورك چاویان لەسەر تەواوی ناوچەکەیە، وە بەدیاریکراوی شاری کەرکووك و شاری موسڵ، و ئامانجیان ئەوەیە جارێکیتر بەفعلی و بەتەواوی قەڵەمڕەویی خۆیان لەو ناوچانە بسەپێنن و جێگیر بکەن...**

**هۆکاری سەرەکی هەموو ئەو دەستێوەردان و ملهورییە سەربازی و سنور بەزاندنانەی دەوڵەتی تورکیا لە هەموو ناوچەکەدا، لە ئارادایە، بەرهەمی ناکامی و دۆخی شێواو و شلەژاو و نەفرەتی جەماوەرییە لە دەسەڵاتی ئاك پارتی و حکومەتە بەبن بەست گەیشتووەکەی، هەوڵێکە بۆ گواستنەوەی ڕای جەماوەری ناوخۆی تورکیا و ڕای فەرمی دنیای دەرەوە لەناوخۆی تورکیاوە بۆ سنورەکان و بۆ پەردەپۆش کردنی ناکامییە یەك لەدوای یەك و زنجیرەییەکانی...**

# درێژەی...پەتای کۆرۆنا و جەنگی جیهانی سێیەم!...

بەهەزارەها ئینسان بەپەتای کۆرۆنا. بەڵام لەهەمان کاتدا دەبێ ئەو ڕاستییەش بووترێت و شتێکی حاشا هەڵنەگرە کەچینی بۆرژوازی و سیستەمی خوێنمژ و زاڵمانەی سەرمایەداری جیهانی خۆی لەخۆیدا لەبوحران و قەیرانێکی زۆر سەخت و دژوار و قووڵی ئابووریدایە و لەئێستادا ناتوانێ درێژە بەسیستەمی بەربەرییەت و وەحشیگەری خۆیان بدەن باشترین بەڵگەش هەر وەکو چۆن بینمان لەکەناڵە ڕاگەیاندنەکانی جیهان کە سەرۆکی ئەمریکا (دۆناڵد جۆرج ترامپ) بەسەردانێکی چەند ڕۆژی خۆی گەیاندە دەولەتانی کەنداوی عەرەبی بەمەبەستی سواڵکردن و باج وەرگرتنی ملیارەها دۆلار لەسەرۆک و شانیشنی دەولەتانی کەنداوی عەرەبی کەچی لەگەڵ ئەوەشدا نەیتوانی و ناتوانێ خۆی لەو ئەزمە چارهەڵنەگرە دەرباز بکات کە توشی هاتووە.

تاکە ڕێگایەک کەئێستا ماوەتەوە لەبەردەم گشت کۆمەڵگای بەشەرییەت بۆ ڕزگاربوون لەهەموو کێشە و گرفتێکی ژیانی ڕۆژانەیاندا بەتایبەتیش جەنگی پەتای کۆرۆنا تەنها هاتنە مەیدانی دەست بەجێی گشت ئینسانەکانە بەهەموو چین و توێژەکانەوە، لەهەموو شوێنە جیاجیاکاندا بەهاوکاری و هاوپشتی و یەکڕیزی و ڕێکخراوەیی لەدەوری یەکتر کۆببنەوە بۆ ڕوبەڕووبوونەوە لەدژی سیستەمی بەربەرییەت و وەحشیگەری سەرمایەداری لەتەواوی جیهاندا چونکە پەتای کۆرۆنا، پەتایەکی سەرتاسەری و جیهانی و نێونەتەوەییە کەیەخەو بەرۆکی تاک بەتاکی کۆمەڵگای بەشەرییەتی گرتووە و شوێنێک نەماوە کەژیانێکی ئارام و ئاسایی تیایدا بژیت. جەنگی پەتای کۆرۆنا، جەنگێکی پڕ لەمەترسی و لەناچوون و مەرگی بەهەزارەها و ملیۆنان لەئازیزەکانی ئێمەی بەدواوەیە. ئەگەر ئەم جەنگە بەراورد بکرێت لەگەڵ جەنگەکانی ترا کەڕوویداوە هەر وەکو لەپێشەکییەکەدا باس کراوە زۆر کاریگەر تر و کوشندە ترە کەدەرئەنجام و کارەساتی زۆر گەورەی مرۆیی لێدەکەوێتەوە. هەر بۆیە جەنگی پەتای کۆرۆنا بەجەنگی جیهانی سێیەم ناوی دەبەم، چونکە ئەم جەنگە ئەگەر کاریگەر و مەترسییەکانی بۆ تەواوی بەشەرییەت لەجەنگی جیهانی یەکەم و دووەم و جەنگەکانی تر زیاتر نەبێت ئەوا بەدڵنیاییەوە کەمتر نییە و هەموو کون و قوژبن و کەلەبەرێکی ئەم جیهانەی داگرتۆتەوە و داپۆشیووە. ئەگەر کار و ژیانی ئینسانەکان بەم شکڵ و شێوەیە بڕوات لەوانەیە پەتای کۆرۆنا ماوە و کاتێکی زۆری دەوێ بۆ نەمان و بنبڕکردنی و هیچ کەسێک نازانێ تاکەی ئەم پەتایە کۆتایی دێت. جا لەبەرئەوە هەر لەئێستادا جیهان زۆر پێویستی بەگۆڕانە و دەبێ ئەم جیهانە لەڕەگ و ڕیشەوە بگۆدرێت بەبیری سوشیالیستی شۆڕشگێری نێونەتەوەیی چونکە ئاشکرا و ڕوونە و وادەرکەوتووە بۆڕزگاربوونی تەواوی کۆمەڵگەی بەشەرییەت لەجەنگەکان (جەنگی پەتای کۆرۆنا) و قەیرانە یەک لەدوای یەکەکان لەبواری سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگییدا تەنها و تەنها هەڵکردنی ئاڵای سووری سۆشیالیزمە. تەنها بەدیل و ئەلتەرناتیڤی سۆشیالیزمە کەدەتوانێ هەڵاواردن و زوڵم و زۆرداری و چەوساندنەوە و نابەرابەری لەنێوان ئینسانەکاندا کۆتایی پێبهێنرێت. تەنها سۆشیالیزمە کەدەتوانێ جارێکی تر ئیرادە و هەیبەت و شکۆی ئینسانەکان بگەڕێنێتەوە بۆ خوودی تاک بەتاکی کۆمەڵگە و چرای ڕووناکی و خۆشی و ئاسوودەیی بگەڕێنێتەوە بۆ ناو هەموو ماڵەکان و گشت شوێنەکانی تری کار و ژیانی ئینسانەکان، نەک پەتای نەگریس و کوشندەی کۆرۆنا.. جا پێویستە هەموو چەپ و سۆشیالیست و کۆمۆنیستەکان و حزب و ڕێکخراوەکانی سۆشیالیستی و کۆمۆنیست و کرێکارییەکان هاوپشتی و یەکڕیزی و یەکگرتوویی لەنێو خۆیاندا بەهێز و پتەو بکەن شان بەشانی چینی کرێکاران و زەحمەتکێشان و گشت توێژەکانی تری کۆمەڵگە بۆ ڕابەرایەتی و پێشڕەوایەتی کردنیان لەتەواوی شوێنی کار و ژیان و شوێنە جیا جیاکانی کۆمەڵگەدا بۆ ئەنجامدانی شۆڕشێکی سۆشیالیستی شۆڕشگیری نێونەتەوەیی بۆ ڕووخاندن و ژێرە و ژوورکردنی چینی بۆرژوازی و سیستەمی بەربەرییەت و وەحشیگەری سەرمایەداری جیهانی و پێکهێنانی کۆمەڵگایەکی سوشیالیستی کەتیایدا گشت ئینسانەکان لەگەڵ یەکتریدا بەیەکەوە بژین لەژیانێکی پڕ لەڕاستەقینەی خۆشگوزەرانی و ئینسان دۆستی و بێ چین و چەوساندنەوە و کۆتاییهێنان بەخاوەندارێتی تایبەت و دامەزراندنی دونیایەکی باشتر لەسەر بنەمای ئازادی، یەکسانی و دادپەوەری کۆمەڵایەتی بۆ سەرجەم کۆمەڵگای بەشەری.

کرێکاران، زەحمەتکێشان،لایەنگرانی وشەو دەنگی ئازاد!
**بڵاوکراوەی بۆپێشەوە، زمانی تیژ و پاراوی کۆمۆنیستی و ئازادیخوازی ئێوەیە، دەنگ و سەکۆی بزوتنەوەی نارەزایەتی سۆسیالیستیتانە، بەدژی نیزامی زاڵمانەی سەرمایەداری و سەکۆیەکی لێبراوە بۆ روبەروبونەوەی فکر و راگەیاندنی دارزیوو فریوکارانەی بۆرژوازی و بزوتنەوەو رەوتە سیاسی و فکری و حزبییەکانی...بڵندکۆی بانگەوازی هاوچینەکانتانە بۆ هاوپشتی و هاوخەباتی، وە دەنگ و مینبەری راستەقینەی ئێوەیە لەدژی هەر زوڵم و ستەمێک کە لە کۆمەڵگای سەرمایەداری ئێستادا، بەرامبەر ئێوە دەکرێت... لەیەک وشەدا، بۆ پێشەوە، سەکۆیەک و مینبەرێکە لە بەرەی شۆرشی کۆمەڵایەتی چینی کرێکاردا، بۆ ژێروژورکردنی دنیای زاڵمانەی سەرمایەداری و دامەزراندنی کۆمەڵگایەکی سۆسیالیستی...**

**بۆ ئەوەی بۆ پێشەوە، بتوانیت نەخشی چینایەتی و ئەرکی پێناسەکراوی خۆی سەرکەوتوانە بباتە پێشەوە، لە هەواڵی نارەزایەییەکانتان، لە خۆپیشاندان و مانگرتن و خواستەکانتان، لە کێشەو گیروگرفتەکان و رێگریەکانی بەردەم خەبات و یەکگرتوویتان، بەردەوام ئاگاداری بکەن... ئەو هەواڵانەی حزب و بزوتنەوە و میدیای بۆرژوازی و سیبەریان، دەیانەوێ بەلاڕێ، یان پەردەپۆشی بکەن، ئێوە بە ئێمەی بگەیەنن... ئەو راستیانەی ئەوان پەردەپۆشی دەکەن، لە رێگای بۆپێشەوەوە، پەردەی لەسەر هەڵبماڵن... هەواڵی نائەمنی شوێنی کار و قوربانیانی، هەواڵی سەرکوت و دزی و تاڵانی دەسەڵات و کۆمپانیاکانیان، هەوڵی توندتیژی دژ بەژنان و قوربانیەکانیان، هەواڵی پێشێلکاری ئازادیە سیاسیەکان، ئازادی رۆژنامەگەری و ئازادی مافە فەردی و مەدەنیەکان... بە ئێمە بگەیەنن... بۆپێشەوە، دەنگی سازشهەڵنەگرو سەکۆی راستبێژی و مەیدانێکی گرنگی ئێوەیە، لە پێناو دنیایەکی باشتردا. لەهەر جێگاو گۆشەیەکی ئەم دنیایەن لەپەیوەندی بەردوامدابن لەگەڵیدا...ئەدرەس ئیمێڵ و پێگەی بۆ پێشەوەیە..**

www.bopehsawa.net ماڵپەری بۆپێشەوە bopeshawa@gmail.com

## درێژەی دوا وتە

زەحمەتکێشی کوردستان، لەگەڵ دەسەڵاتی حزبەکانی بزوتنەوەی کوردایەتی و کەمایەتیەکی حزبی و ناحزبی سەرمایەدار و چەند کۆمپانیایەک، هێندە قوڵ بۆتەوە کە دەتوانین بڵێن کەم وێنەیە لە ئاستی دنیادا. ئەم واقعیەتە سیاسی و کۆمەڵایەتیەی ئێستا و ئەو بەرامبەرکێیەی لەنێوان دەسەڵات و زوربەی جەماوەری بێبەشی کوردستاندا پیکهاتووە، جەنگی چینایەتی بردۆتە ئاستێکی بەرزتر. جەماوەری بێبەشی کوردستان، لە ئێستادا نەک تەنها بۆ "نان و ئازادی و ئایندەی سیاسی کوردستان" چاوەڕوانیەکیان لەدەسەڵاتی بۆرژوازی کورد نەماوە، بەڵکو ڕاماڵینی ئەو دەسەڵاتە بەپیش مەرجی هەر باشبونێکی لەژیان و گوزەرانی خۆیان و بۆ دیاریکردنی ئایندەی سیاسی کوردستان دەزانن.

ئەو کابینەیەی ساڵیک لەتەمەنی تێپەرێ، بەپێچەوانەی بانگەشەکانی پێگرتن و پێکهاتنی، وە بەپێچەوانی خێڵێ نووسەر و کادرە حزبییە تەسەل و میدیا هەزار سەرەکەیان کە دەیانەوێت پسولەی سەرکەوتن بدەن لە... یەخەی ئەم کابینەیەی دەسەڵاتی حزبی، لەهەموو ئاستەکانی سیاسی، ئابوری، کۆمەڵایەتی و تەندروستییدا، شکستی خوارد و لە بن بەستێکی تەواو دایە. ئەم کابینەیە لە بنەرەتدا دەیویست، ببێتە روپۆشێک بۆ شاردنەوەی شکستی دەسەڵاتی بۆرژوازی کورد و خاوکردنەوەی نارەزایەتییە جەماوەرییە بەرینەکانی خەڵکی کورستان، کە لە هەڵبژاردنە گاڵتەجارییەکەیاندا، بە بایکۆت و بەشداری نەکردن، نیشانیدا کە ئەم دەسەڵاتەیان ناوێت.

ئەم کابینەیە نەک هەر نەیتوانی روپۆشی ناوەرۆکی شکسخواردووی دەسەڵاتی بۆرژوازی کورد بکات و نارەزایەتی جەماوەری خاوبکاتەوە، بەڵکو بە کارنامەیەکی لێوان لێوان لە تاڵانی و دزی، لە بێمافی و سەرکوت، لە نەتوانینی وەڵامدانەوە بەسەرەتاییترین خواستی هاوڵاتیان وەکو ئاو کارەبا و موچە و خزمەتگوازرییەکان و شکستی کەرتی تەندروستی بۆ روبەڕووبونەوەی کۆرنا ڤایرۆس... نیشانیدا کە برینی ئەم دەسەڵاتە چارهەڵنەگر و بێ هەتوانە.

تەنانەت کادر و نووسەرانی دەسەڵات، ناتوانن حاشا لە شکستی ئەم دەسەڵات و کابینەیە بکەن.. تاکە شتێک کە دەیانەوێت جەماوەری کوردستانی پێ فریو بدەن، یاسای چاکسازی و چوونی ئەو یاسایەیە بۆ بواری کرداری و جێ بەجێکردنەوە، ئەوە لەکاتێکدایە کە ئەم یاسای بەناو چاکسازییە، هیچی بۆ جەماوەری کریکار و موچەخۆر و فەرمانبەران تیا نییە، شتێکی لەسەر خستنەرووی سەرچاوەکانی داهاتی نەوت و ناوخۆ و خاڵە سنورییەکان بۆندەکان تیا نییە، لەهەموو ئەوانەش واوەتر موچەی فەرمانبەران بەرەوە وشک بوون چووە، بەچەند مانگ موچەی کەمی موچەخۆران نادەن... لەبەرامبەردا موچەی بندیوارەکان، بەرێوەبەرە گشتیەکان، وەزیرو ئەندام پەرلەمانەکان و راوێژکارەکانیان... خانەنشینەکانی خولەکان، و ئیمتیازەکانیان... ١٠ قات و بیست قات و ٣٠ قاتی زیاتریی بەرابەری موچەی کرێکار و کارمەندانە، کە بەرەنجی شانی خۆیان کۆمەڵگە دەچەرخێن. وە خودی ئەو یاسا چاکسازییە بووە مایەی ریسوای پەرلەمان و پەرلەمانتارەکانیان، بەجۆرێک ئەمرۆ سوکترین و توێژی نوخبەی ناو کۆمەڵگە لەپاڵ پیاوانی حکومەت و وەزیرەکان، پەرلەمانتارانن و خەڵکی کوردستان بەچاوی سوکەوە لێیان دەروانن و بە دزانی ئاشکرا ناویان دەبەن کە بێ ئەوەی کارێک و نیوە کارێکی ئیجابیان هەبێت، داهات و قوتی خەڵکی کوردستان و بەرهەم هێنەرانی واقعی لوش دەدەن.

ئەم کابینەیەش، مرد و ناشتنیشی لەگەڵ هەڵپێچانی دەسەڵاتی بۆرژوازی کوردایە... جەماوەری تورەو نارازی کورستان بۆ هەلپیێچان و ڕامالێنی ئەو دەسەڵاتە شکستخواردووە، پێویستە خیراتر بکەن و رێگەنەدەن ئەو دەسەڵاتە کابینەیەکی تر قوتبکاتەوە، بەڵکو پیویستە لە ئیستاوە بەردی بناغەی دەسەڵاتی ئازادانەی لەخوارەوەی جەماوەری نەخشە رێژ بکەن.

**ناوەراستی تەمووزی ٢٠٢٠**

بۆپێشەوە

سەرنووسەر: عەبدوڵا مەحمود

ڕاوێژکاری سەرنووسەر: ڕێبوار ئەحمەد

بۆناردنی بابەت و پەیوەندی:

bopeshawa@gmail.com

بۆ پەیوەندی بەسەر نووسەرەوە:

abdulla.mahmud@gmail.com

بۆ خوێندنەوەی بابەت و وتارەکانی بۆ پێشەوە سەردانی سایتی بۆ پێشەوە بکەن:

www.bopeshawa.net

هاوکاری سەرنووسەر: ئاراس ڕەشید

نووسەرانی ئەم ژمارەیە:

ئیبراهیم حسێن، شوانە حەسەن، ئاراس ڕەشید، عەبدوڵا مەحمود، عبدالرحمن ڕەسوڵ، تاژان سۆران، کەریم کەریم، هیوا ساڵح، کاوان قادر، حەکیم میرزا، سالار حەمە سەعید، جمال نوری، کاوان قادر، سەردار عەبدوڵا

لەگەڵ دۆسیەیەکی تایبەت "سەبارەت بە لەشکرکێشی وڵاتانی ناوچەکە بۆسەر کوردستان"

سالی چوارەم، ژمارە (79) 15/7/2020 دوا لاپەڕە

بۆپێشەوە

FORWARD بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە

Forward


# کۆڤید نۆزدە...



کۆڤید نۆزدە...
دەڵێن:
ساڵ پێچی مێژەرێکە
دێت و زوو دەڕوا
کەچی ئەم دووهەزارو بیستە
دەڵێن سەدەیەکە تەواو نابێ و
هەرگیز ناڕوا..

ساڵی وەهام قەت نەدیوە
مەرگ لەگەڵتا پیاسە بکا
دەمێك، بۆ وەرینی گەڵا
داوای کۆچکا
کاتێك بۆ ترس لەبەهار
سروشتی خۆی سپی پۆش ئەکا

مرۆڤایەتی،
تراژیدیای زۆری دیوە
وەلێ هیچیان،
جێی مەترسی نەبووە
بەئەندازەی کۆڤید نۆزدە

دووهەزارو بیست،
دەبوولەژمارەی ساڵەکاندا
دەربهێنرێ
چوون،
وەك قەلەڕەشێکی
شووم
لەگۆڕەپانی یاری و
مەلەوانگە
لە ویستگەکانی،
پاس ومیترۆ
لە ترام و
شەمەندەفەر و فرۆکە،
لەناو مۆڵدا،
لەنەخۆشخانە..
لە مارکێتی کوچە و کافتریا و
دیوان سەرای مشت و مڕی
بێ موچەیی و
ترس و دڵە ڕاوکێی
ڤایرۆسی کۆڤید نۆزدە...

**جەمال نوری**

## دوا وتە

# کابینەی ٩ ئامادەیە بۆ ناشتن!!

**نووسینی: عەبدوڵا مەحمود**



ساڵیک بەسەر کابینەی نۆهەمی دەسەڵاتی هەرێم، تیپەڕی. ئەم کابینەیە بە بانگەشەی چاکسازییەوە هات، تا دەسەڵاتی سیاسی لەدەست تورەیی و نەفرەتی جەماوەری ملیۆنی رزگار بکات. ئۆپۆزیسیۆنی بۆرژوازی کە دەمێک بوو دەیان ویست بەسەر پردی و نارەزایەتییە جەماوەریەکانی خەڵکی کوردستاندا بپەڕنەوە بۆ ناو دەسەڵات و بەشی خۆیان لەتاڵانی و دزی و دەسەڵات پێببرێت، خیرا خۆیان خزاندە ناو ئەو دەسەڵات و حکومەتی ئەو دەسەڵاتەوە تا تەمەنی دەسەڵاتی بۆرژوازی کورد لەداڕمان و لەشەپۆلەکانی نارەزایەتی جەماوەری بپارێزن و ئاوی رەحم و پاراستنی پیرۆزی بەسەردا بپژێنن.

ساڵێک تێپەرێ و کێوی موسیبەتەکانی جەماوەری کریکارو ئۆردی نەداری کوردستان بەرزتر بۆوە. خەمەکان کەڵەکە تر بوون. نەبوونی بەرین تربۆوە. موچە ناچیزەکەی فەرمانبەران دواخرا. مانگەکانی ساڵ درێژکرانەوە. موچە لێی قرتێنراو. بیکاری فراوانتر، خزمەتگوازرییەکان وێرانتر، سلکی تەندروستی لە سەدەمی کۆرۆنا ڤایرۆسدا، شەلەل تر. دزی و تالآنی سیستماتیکتر... ئایندەی سیاسی کوردستان لێڵتر، پەیوەندی هەرێم بەغدا ئالۆزتر. جێگای هەرێم لەئاستی ناوچەکەو دنیا بێبایەختر... لەبەرامبەردا ژیان و گوزەرانی کەمایەتیەکی دەسەڵات و حزب و بنەماڵە و سەرمایەدارەکان... ڕازاوەتر و سەروەتی کەڵەکەتر.

ئەم کابینە حکومەتییە کارتۆنییە کە روویەک و ئەڵقەیەکی لاوازی دەسەڵاتی حزبی و شوێنی یەکانگیربوونی بەرژەوەندییە هاوبەشەکانی حزبەکانی بزوتنەوەی کوردایەتییە، لەهەموو مەیدان و زەمینەکاندا شکستی خواردووە... لەوەڵامدانەوە بە سەرەتاییرین گرفتی خەڵکی کوردستاندا ناکام ماوەتەوە، جەماوەری کریکارو بێبەشی کوردستانیش توانای بەرگەگرتنی ئەم دەسەڵاتەو موسیبەتەکانی ئەو نیزام و سیستەمە سیاسییەیان نەماوە، ئەمەش بۆتە هۆی خولڤاندنی هەلومەرجێکی تایبەت و فەسڵێکی تازە لە خەباتی چینی کریکار و بێبەشانی کۆمەڵگە.

قڵشتی نیوان جەماوەری کریکار و...

بۆ لاپەڕە 15

بەرهەمی هونەرمەند سەردار عەبدوڵا

